# نووسەری کورد

٦
تشرینی دووەمی
٢٠٢٥

**گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ**



**خاوەنی ئیمتیاز**
**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**سەرنووسەر**
**پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن**

**جێگری سەرنووسەر**
**ئازاد عەبدولواحید**

**دەستەی نووسەران**
**ئەحمەد عارف**
**ئەنوەر محەمەد تاهیر**
**ئاکۆ کەریم مەعروف**
**حەمە عەباس**
**نیازی حەمەعەزیز**
**موحسن قوچان**
**د.عادل گەرمیانی**

**هەڵەچن**
**حەمە ئەحمەد جاف**

**بەڕێوەبەری هونەری**
**فەهد شوانی**


* ناوەڕۆکی بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات.

* دەتوانن بابەتەکان بۆ ئەم ئیمێڵانە بنێرن:


nusarikurd@gmail.com
hemdad9@gmail.com

ژمارەی سەرنووسەر
٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦١٧٢٦٧


(سەنتەری تۆژینەوەی پەرلەمانی کوردستان) تێچووی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە.


نرخ: ٢٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە

**ناونیشان: هەولێر - جووت سایدی عەداله.**

## لەم ژمارەیەدا:


مافی نووسەر.. سەرنووسەر ........................................ ٣

*** ڕەخنە و توێژینەوە:**

زیندەخەون لە کورتەڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان).. د. ئازاد محەمەد سەعید .................. ٤

هێرمینۆتیکا لە ئایین و فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی.. د. ڕێبین خەلیل قادر .................. ٢٦

*** وتار:**

ڕۆڵی دامەزراوەکان لە پەروەردەی شیعری منداڵاندا.. د. هێرۆ عەبدولڕەحمان چەلەبی..... ٤٩

*** شیعر:**

سێ شیعر.. ناهید حوسەینی ........................................ ٦٥

تەنیایی دەمهێنێت و دەمبا.. ئیبراهیم هەورامانی ........................................ ٦٨

بەبێدەنگیی خۆشمدەوێی.. سەلما تۆما کاکۆ ........................................ ٧١

*** چیرۆک:**

چواردە چیرۆکی زۆر کورت.. حەمە کەریم عارف ........................................ ٧٤

تاسەیەکی بەسوێ.. موعتەسەم ساڵەیی ........................................ ٨٣

لە گەوە و لێژی ڕێگادا.. وەرگێڕانی: خالید فاتیحی ........................................ ٨٨

*** تەوەر:**

بۆچی ڕۆمان دەخوێنینەوە؟.. سازدانی: حەمە ئەحمەد جاف ........................................ ١١١

*** ناساندن و خوێندنەوەی کتێب:**

دەستەڕنەیەک لە هزری (مودریک ژاڵی)دا د. هاوژین صلیوە ........................................ ١٣٤

خوێندنەوەیەک بۆ (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت.. خدر ئیبراهیم خدر ...................... ١٤٣

پێڕستێکی گرنگ لەبارەی نەورۆزەوە.. لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق ....... ١٥٥


هەواڵنامەی کتێب

# مافی نووســـەر



سەرنووسەر

مەبەست لە مافی نووسەر بریتییە لە خاوەنداریەتی هزریی لە چوارچێوەی یاسادا. ئینجا چ لە رووی مادد‌ییەوە یان لە رووی رەوشتییەوە بێت. ئەم بابەتە لە چوارچێوەی یاسای مەدەنیدا بەکاردێت. لە ساڵی ١٧٧٧ دا بەکارهاتووە. ئایا لە کوردستاندا سەبارەت بە کۆپیکردن یان پشتگوێخستنی مافی نووسەر چیکراوە؟ سێ نموونەی تایبەت بەخۆم دەگێڕمەوە.

یەکەم: لەساڵی ١٩٨٨دا کورتەرۆمانێکم بە ناونیشانی (ماڵئاوا گوڵی خەم) نووسی و بڵاوکرایەوە.دەنگدانەوەیەکی باشی بوو و دواتریش دوو سێ جاری دی چاپکرایەوە. دوای زیاتر لە ٣٠ سی ساڵ لەبەردەم سەرای سلیمانی ئەو رۆمانەم بینی، بێئەوەی پرسیشم پێ بکرێ، کێ و چۆن کراوە نازانم.

دووەم: لە سەردانێکیدا قونسوڵی هەنگاریا بۆ وەزارەتی رۆشنبیری داوای کردبوو کتێبێکی کوردی لەبارەی شیعری کوردییەوە بکرێ بە زمانی هەنگاری.ئەوانیش کتبێکی من بە ئینگلیزی (ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی) هەڵدەبژێرن. تەرجەمەکراو ئیدی ئاهەنگیان بۆ سازکردووەو تەنانەت وەزیری رۆشنبیریی ئەوسا کاک خالید دۆسکی بانگهێشتکراوە بۆ هەنگاریا بۆ ناساندنی کتێبەکەکەس بە منی نەگوتووە. دوای چەند مانگێک زانیومەتەوە.

سێیەم: لە ساڵی ١٩٨٥ دا کتێبی (کلک بڕاوەکان) ی عەزیز نەسینم وەرگێڕا بۆ کوردی و ژمارەیەکی زۆری لێفرۆشرا. لە ٢٠٢٣ دا دەزگایەک چاپیکردۆتەوە بێئەوەی پرسم پێبکا.کە پێوەندیم پێوەکرد گوتی وامزانیوە تۆ لە ژیاندا نەماوی. هەندێ لە برادەران دەڵێن بۆ شکایەتت نەکرد؟ یەکسەر بەسەرهاتی برادەرێکم بیرکەوتەوە، کە لەسەر ئەوەی دەزگایەکی چاپ پارەکەی نەدابوویە شکاتی کردبوو. دادوەر وتبووی کاکە کتێب چییە شکاتی لەسەر بکرێ، بڕۆ بۆ خۆتان رێبکەون. جا ئیتر ئەوەیە مافی نووسەر لە کوردستاندا.

# زیندەخەون لە کورتەڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)ی (شێرزاد حەسەن)دا

(١ - ٢)

هەواڵنامەی کتێب



پ.ی.د. ئازاد محەمەد سەعید

**پێشەکی:**

خەون یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕێبازی ئەدەبی ڕۆمانتیزم، مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا ئەو ڕووداو و کارانەی لەڕۆژدا کەبە شێوەیەکی واقیعی توشی دێت، لەکاتێکدا لەشەودا یان لەڕۆژدا دەخەوێت ئەوەی بەسەریهاتووە لەشێوەی خەوندا دەیبینێت، لەڕووی فیسیۆلۆجییەوە خەون پرۆسەیەکی ئاڵۆزی یەک بەدوای یەک نەهاتووی پچڕ پچڕە، مرۆڤ تیایدا ئازاد نییە وابەستەی خەونە بینراوەکەیە کەلەچەند چرکەیەکی کەم تێپەڕ ناکات، هەندێکجار مرۆڤ بەهۆی خواردنی خۆراکی چەورو زیاد لەپێویست یان لەدوای کارەساتێک

یـان ڕووداوێکـی ناخـۆش یـان بەهـۆی خەوتنـی لەسـەر گازەرای پشـت یـان لەسـەر سـک خـەون دەبینێـت، بـە گشـتی خـەون چەنـد جۆرێکـە خەونـی خـۆش وناخـۆش، زینـدە خـەون، هـورم یـان خەونـی ناوخەون ، خەونی ترسـناک ، وڕێنـە ، شـەیتانی بـوون لەخەونـدا بـە تایبەتـی لەقۆناغـی گواسـتنەوە یان باڵغ بـوون یـان گۆڕانـی جەسـتەی مـرۆڤ لـەڕووی فیسـیۆلۆجییەوە لەقۆناغـی منداڵیـی بـۆ قۆناغـی مێردمنداڵیـی یـان گەنـج بـوون. خـەون لای بەشـێک لەبوونـەوەرەکان وەکـو حاڵەتێـک بەدەگمـەن خـەون دەبینرێـت، کەچـی لای هەندێـک وەکـو دیاردە لەماوەیەکی کورتـدا خـەون چەندجارێـک دەبینێـت. (شـێرزاد حەسـەن) دەسـتێکی بـاڵای هەیـە لەنووسـین دەربـارەی لایەنـی کۆمەڵایەتـی و دەروونـی مرۆڤ بەگشـتی ولـەڕووی زانسـتەوە بەتایبەتـی زانسـتی توێـکاری جەسـتەی مـرۆڤ وەک منداڵـدان وقەناتـی فالوتـی مێینـە کەلـە ڕووی زانسـتییەوە بـەوردی بـۆی چـووە، هەروەهـا لەدەرخسـتنی داب ونەریتـە کۆنەکانـی کۆمەڵـی کوردەواریـی کەخـۆی تیایـدا بەشـێک بـووە، بـۆ سـڵەمینەوە لەقسـەی ئـەم وئـەو ئـەوەی پێویسـت بووە،دەرکاندوویەتـی. خـەون لـە کورتـە ڕۆمانـی (خەونـی جاڵجاڵۆکـەکان) ی شـێرزاد حەسـەندا، دەربـارەی جاڵجاڵۆکـە کـە (هـەژار) لـە تەفسـیری ئایەتەکانـی سـورەتی ئەلعەنکەبوتـدا بە (کاکڵـە مووشـە)ناوی بـردووە «ئەوکەسـانەی غەیـرەز خـودا دۆسـگەلێکیان بۆخۆیـان پەیدا کـردووە-گـەر بزانـن -وەکـو کاکڵەمووشـانیان بەسـەر هاتـووە، کە خانـووی بـۆ خـۆی تەنیوە،دیـارە خانـووی کاکڵەمووشـان لەهەمـوو ماڵان سسـت تـرە» (https:// www.zaniary.com/ ). جاڵجاڵۆکـە لەقورئانـی پیـرۆزدا «مثـل الذیـن اتخـذوا مـن دون اللـه آولیـاء کمثـل العنکبـوت اتخـذت بیتـا وان اوهـن البیـوت العنکبوت لوکانـو یعلمون» (آیـة ٤١، سـورة ٢٩، الجـزء ٢٠-٢١) لـە تەفسـیرکەرەکانی دیکـەی قورئانـی پیـرۆزدا زیاتـر ڕوون کراوەتـەوە.

**بەشـی یەکـەم: تـەوەری یەکـەم: پێناسـەوچەمکی خـەون وزینـدە خـەون**

خـەون چالاکییەکـی دەروونیـی خۆنەکـردە، لەچرکەسـاتی بینینـی خەونـدا دابڕانێـک ڕوودەدات لەگـەڵ

جیهانی دەرەوەدا، لای ڕۆمانسییەکان خەون ڕەگەزێکە لەڕەگەزەکانی ئەوڕێبازە ئەدەبییە. «لەماوەی ساڵی (١٨٣٠)بییەوە خەون لەوبازنەی،کە تیایدا دەخولایەوە ئازاد بووە،خەون وەکوهێزێکی شاراوە بەرەوجیهانی خەیاڵ کرایەوە» (ت:حمود محمد، ٢٠١٢: ٤٥٧) خەیاڵ لەخەون فراوانترە، بەڵام خەون گرنگی خۆی هەیە لەژیانی مرۆڤدا بە گشتی. (شێرزاد حەسەن) لەناو کورتە ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە پێناسەی خەون دەکات: «خۆی وایەو خەون دیوی دووەمە.. قەرەبووی حاڵەتێکە، واقعێکە، ئاوات وئارەزوویەکە،کە نەهاتۆتە دی» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٤). خەون پەیوەندی بە ڕابردوو وئێستا وداهاتووەوە هەیە، ئەوەی بەسەر مرۆڤدا هاتووە یان لەوانەیە بەسەری بێت. خەون دیاردەیەکە لە ژیانی مرۆڤدا،وەکو حەز هەموو کەس خوازیارە خەونی خۆش ببینێت،بەڵام ئازاد نییە لە بینینی یان نەبینینی،خەون هۆکارێکە بۆ بەردەوامی ژیان.لەسەدەی حەڤدەهەمدا لەسەردەمی دیکارت گیروگرفتێک هاتە ئاراوە مرۆڤی سەرقاڵ کردبوو «فیکر وجەستە یان کارلێکی نێوان هێزە دەروونییەکان وهێزە ماددییەکان بوو.. فیکر کار لەجەستە دەکات وجەستەش کار لەفیکر دەکات..یەکێک لەڕێگای خەواندنێکی موگناتیسییەوە، خەوێندرا پێیانگوت: پشکۆیەکی ئاگر لەسەر دەستت دانراوە،کاتێک وەئاگایان هێنایەوە پاشماوەی سوتاوی و تلۆق بەسەر دەستییەوە بوو هەروەکو ئەوەی ئاگرێکی ڕاستەقینەی بەرکەوتبێ.» (و:عەبدوڵا، ٢٠٠٢: ٢١٨).

جاستۆن باشلار دەڵێ: «خەون بە هیوا وخۆشی بۆ جیهانێکی نوێمان دەبات ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت» (ت:حمود محمد، ٢٠١٢: ٤٥٧) خەون چەند ساتێکی کورت وسەرنج ڕاکێشە بە خۆشی وناخۆشییەوە. خەون ئەو پرۆسە خۆنەکردەیە لەئەنجامی هەڵکشان وداکشانی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ دێتە ئاراوە کەلە ماوەی پێش بینینی خەونەکەدا پێیدا تێپەڕیوە. «یەکێک لەنیازە سەرەکییەکانی مرۆڤ خەوەو بێگومان خەو یەکێکە لەو دیاردانەی لە گشت سات

وکاتێکدا دووبارە دەبێتەوەو بەپێی یەکێک لەو لێکۆڵینەوانەی کراوە مرۆڤ ئەگەر (٥٠) ساڵ تەمەنی بێت[بە] ئەندازەی (١٨٠٠ ڕۆژ و٤٥٠٠) هەزار کاتژمێر لەخەودا بەسەردەبات وپێگەیەکی گرنگی تەمەنی داگیر دەکات.لە کاتی خەویشدا خەو دەبینێت لەبەرئەوە زانستی لێکدانەوەی خەو بەدیهاتووە» (M3loma.com) خەو و خەون لەسەرتاپای ژیانی مرۆڤدا پانتاییەکی زۆری هەیە. (هورم) خەونی ناو خەونە،واتا لەناوخەونندا کەسی خەون بین خەونێکی دیکە دەبینێت، لەکورتە ڕۆمانی «خەونی جاڵجاڵۆکەکان»دا ئەمجۆرەی خەون چەند جارێک بەرچاودەکەوێت. «لە خەودا خەون دەبینرێ کەلەلای هۆبزدا جۆرێکە لەخەیاڵ لە ئاکامی وروژاندنی ئەندامانی ناوەوەی مرۆڤدا ڕوودەدات لەکاتی نووستن یان جوڵەدا بەمشێوەیە مرۆڤ هەست بە ساردی دەکات،بەڵام بە هۆی بینینی خەونی ترسناک، بەهۆی گەرمایەکی زۆرەوە کابوس دەبینێت لە خەوندا» (عبدالحمید ، شاکر ،٢٠٠٩: ١٦٥). هۆبز بینینی خەون لە


شێرزاد حەسەن

خەودا بە جۆرێک لە خەیاڵ دادەنێ خەون زۆرجار لە ئەنجامی وروژانی ئەندامانی ناوەوەی بە وروژێنەرێک خەون پەیدا دەبێت،لەکاتی نووستندا خەونی ترسناک وکابوس دەبینێت، هەندێکجاریش بەبینینی دیمەنێکی ناخۆش یان هەبوونی گرێیەک یان خواردنی خواردەمەنی زۆر نووستن لەسەریدا یان نووستن لەسەر گازەرای پشتدا.. هتد. ئەم جۆرە خەونە دەبیندرێت. «فرۆید ڕەگەزەکانی خەون بە دووجۆری بنەڕەتی جیا لێکدەداتەوە، نیشانەیی (وەکو دالێک، کە پەیوەندییەکی

لەخۆوە یان بژاردەیی لەگەڵ مەدلوولەکەیدا هەیە، بۆ نموونە وەک کێشمانێک، دوورخستنەوەیەکی درکەیی «میتۆنیمی» وسیمبۆلێکە وێکهاتنەوەکەی هونەری وەبیرهێنانەوە ولێکچوونە، وەک خواستن «میتافۆر» لێکدانەوەی نیشانەیی ئەوەندە پابەندی شیکارییەکە نییە وەک شیکاریکراو، ئەوەندەی هی خەون خۆیەتی لەنێوان ئەوبیرهاتنەوە ئازادانەوە کەبەدەوری ڕەگەزێکی مانیفێستی خەونەکەوەن. مانای ڕەگەزێکیش پابەندی دانانە کۆنتێکستییەکەی نییە لە خەونەکەدا وەک هەمەیەکی (کل) تەواوبوو، بەڵکو سەرجەم لەلایەنی دەروونی خەونەکەدایە، ئەم هەڵوێستەش پەیوەندی بە ڕەگەزەکانی ترەوە هەیە کە لەدەرێ هەر یەکێک لەوخەونانەن.» ( محەمەد، ٢٠١٥-٢٠١٦: ٦٦) لێکدانەوەی خەون بە پێی بۆچوونی فرۆیدەوە، بەدووجۆر دەبێت، دال ومەدلوول، ئەوەندە گرنگی بە شیکاری نادرێت، وەکو مانفێستی خەونەکە یان بەشێک لەگشت لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، بەڵکو وەکوگشت بەیەکەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. «هەروەها فرۆید بایەخێکی یەکجار زۆری بە خەون وخەیاڵ داوە کە دوولایەنی گرنگی مرۆن. مرۆ بەهۆی خەون وخەیاڵەوە هەرچی پێشتر لە ناخیدا چەپێنرابێت بەهۆی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەوە دەریدەبڕێ. لەم ڕێگەیەوە هەستەکانی خۆی بەرامبەر ژیان ودیاردەکان دەردەبڕێ. بەتاکە ڕێگەی دادەنێن بۆ گەیشتن بەحەز وئارەزووە چەپێنراوەکان وپەنای بۆ دەبەن. بۆیەش سوریالییەکان پشتی تەواویان بەخەون وخەیاڵ بەستبوو، چونکە وایان دەبینی مرۆڤ لەم جیهانی خەون وخەیاڵە تەواو ئازادە وئازادییەکی ڕەهای هەیە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی تێیدا هاتوچۆ بکا هەرچییەکی بوێت لەوێڕا دەستی دەکەوێت» (مەنتک، ٢٠١١: ٢٢) سوریالیزمەکان گرنگی زۆریان بە خەون وخەیاڵ دەدا، لە ڕێگای تیۆر وشیکردنەوە دەروونییەکانی فرۆیدەوە کە خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد لەبواری خەوندا. چونکە مرۆڤ کۆیلە بێت لە خەیاڵدا

هەواڵنامەی کتێب

# خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن

شێرزاد حەسەن



ئازادە، خەون کۆمەڵێک خەیاڵە مرۆڤ لەخەوندا دەیبینێت، حەزو ئارەزووە چەپێنراوەکانی بە رەهایی لە خەون وخەیاڵدا دەهێنێتەدی، ئەوئازادییەی کەسوریالزمەکان مەبەستیان بوو لەئەرزی واقیعدا بەدەستهێنانی ئەستەمە باشترین ڕێگا بۆ بەدەست هێنانی ئەوئازادییە خەیاڵە، خەیاڵ سنووری نییە هەموو سنوورە دەستکردەکان و ئاسمانییەکان دەبەزێنێ، بەڵام خەون لەدەست مرۆڤدا نییە، هەرکاتێک بارودۆخە دەروونی وکۆمەڵایەتیی و جەستەییەکە فەراهام بێت لە پڕۆسەیەکدا مرۆڤ خەون دەبینێت، کە درێژییەکەی چەند چرکەیەکە، بەڵام ڕەهەندێکی فراوانی هەیە کەتیایدا ئازادی و هەندێکجاریش کابووس دەبینێت.

زیندە خەون: لەزمانی عەرەبیدا (الاحلام اليقيظة) بەکار دێت هەروەها لەزمانی ئینگلیزیدا Day Dream بەکاردێت زیاتر ئەو دیاردەیە لەنێوان هەرزەکاراندا دەبێت لەقۆناغی مێرد منداڵیی وباڵغ بووندا لەپێناسەی زیندە خەوندا «کاردانەوەی مێشکە بۆ تێر کردنی حەزە چەپێنراوەکان، تەنها لەسەر ئاستی خەیاڵدا، کاتێک کەسێک خەیاڵ دەکات، ئەوحەزانەی کە لەواقیعدا بەدەست نەهاتوون لەزیندە خەوندا بەدیدێت» (ar.wikipedia.org). دەشێ مرۆڤ حەزەکانی لەزیندە خەوندا بەدی بکات بە مەرجێک زیادەڕۆیی تێدا نەکات و سنوورەکان نەبەزێنێت چەند ساتێک چێژ وەرگرێت، خاوەنی قوتابخانەی

شـیکردنەوەی دەروونزانـی سـیگمۆند فرۆید دەڵێـت: «زیندەخـەون حاڵەتێکە دەکەوێتـە نێـوان خـەون و بەئاگایـی و بریتییـە لـە کۆمەڵێـک ئامانـج و حـەزی چەپێنـراوی بەدینەهاتـووی ناومێشـکی مـرۆڤ، تیایـدا مـرۆڤ ئـەو حـەزە بەدینەهاتـووەی سـەردەمی منداڵیـی تێـر دەکات،کـە کۆمـەڵ وکەسـوکاری ڕێگـر بـوون لەبـەدی هاتنیدا» ( www.annajah.net). هەروەها زیندەخـەون دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی و دەروونییـە، حـەزە شـەهوانییەکانی مـرۆڤ، بـەر لەجووتبـوون و لەکاتـی جووتبـوون و لـە دوای جووتبوونـدا جیـاوازە، ئاشـکرایە بـەر لەجووتبـوون مـرۆڤ لـە بەئاگایـی تەواودایە،بـەڵام لەکاتـی جووتبووندا ناتوانرێـت بگوترێـت مـرۆڤ یـان هـەر بوونەوەرێکـی دیکـە یـان جاڵجاڵۆکـە لـە هۆشـی تەواودایە،بەڵکـو دەکەوێتـە حاڵەتـی نیوەئاگایـی یـان بێئاگایـی یـان وەکـو زیندەخەونێـک ڕەفتـار دەکات،بـەڵام لـەدوای جووتبوون دیسـان دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاری ئاسایی خۆی،کە خـۆی لـە بەئاگایـی دەدۆزێتـەوە. زیندەخـەون دووجـۆری هەیـە:

**یەکەمیان: زیندەخەونی ئەرێنیی**

**دووەمیان: زیندەخەونی نەرێنیی**

لەیەکەمیانـدا حەزەکانـی مـرۆڤ لـە چوارچێوەیەکـی سـنووردار و واقیعـی دەبینێـت وخۆشـی وچێـژی لێوەردەگرێـت، لەدووەمیانـدا، کـە نەرێنییـە تیایـدا مـرۆڤ گشـت سـنوور و واقیعەکانـی کۆمـەڵ دەبەزێنێـت لـە ئەنجامـدا لەئـەرزی واقیعدا،کـە شـتێکی زۆر جیـاوازە توشـی بـەڵا و دەردەسـەری دەبێـت بـۆ نموونـە دەوڵەمەنـد بـوون بەخێرایی، بەدەسـتهێنانی پاڵەوانییەتـی یـان بـوون بەسـەرکردە،کە کارێکـی ئاسـان نییـە. زیندەخـەون دەربـڕی بیری هۆشـی ناوەوەیە (فکـر العقـل الباطـن) لەڕاسـتیدا ڕاکردنـە لـە واقیـع کەسـانێک هەیـە زۆربـەی ژیانـی بەزینـدە خـەون بەسـەر دەبـات بـە تایبەتـی لەقۆناغـی باڵـغ بووندا، بـۆ نموونـە لـە تەمەنـی هەرزەکاریـدا کـوڕ بێـت یـان کـچ بێـت خەیـاڵ دەکات باشـترین خـواردن وباشـترین ژیـان بەسـەر ببـات بۆئـەوەی لـەو واقیعـە تـاڵ وناخۆشـەی تێـدا دەژی بـە دوور بێـت و زوو گـەورە بێـت، کچـان خەیاڵـی جوانـکاری جەسـتەیان دەکەنـەوە بـۆ ئـەوەی بـە جوانتریـن

هەولێرنامەی کتێب

شێوە دەربکەون.

هۆیەکانی بینینی زیندەخەون: بیرکردنەوەی خودی ودوورە پەرێزی مرۆڤ لەدەوروبەرە، دانانی پلانێکی وەها بەدیهێنانی لەسەر ئەرزی واقیعدا ئاسان نەبێت، بۆ چارەسەری نەبینینی زیندە خەون پێویستە تێکەڵاوی خەڵک بێت وپرس ورا بەکەسە نزیکەکانی بکات خۆی لەودۆخە بە دوور بگرێت .

**تەوەری دووەم: خەون وجۆرەکانی خەون لەڕووی تیۆرییەوە**

خەون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ودەروونییە لەگەڵ بوونی گەردوون خەون بە مرۆڤ ئاشنایە. «پەیوەندی گەورەکردنی وێنە لە ئاوێنەدا، هەروەکو ئۆتۆڕانک «Otto Rank»دەڵێت: وەکو دابەش بوونەکانی ڕاناوی «من» وپەرتەوازە بوون وایە. .. وڕێنە لە خەون دروست دەبێت هەروەها خەون لە وڕێنە لە دایک دەبێت.. لە زانستی دەروونزانی ئیکلینیکیدا بەهەردوو بەشە گەورەکەیەوە تێبینی دەکرێت: لە نەخۆشییە عەقڵییەکان وڕێنە ونەخۆشی دەروونی — گرێی دەروونی، کە هەردووکیان نەخۆشی شیزۆفرینیان، کە بە نەمانی یان دابەشبوونی کەسێتیی ناسراوە، ئەمجۆرە کەسێتییانە گشتیان لەجۆری کەسێتییە ڕاڕاییەکاندا بوونیان هەیە» ( حليفي، ٢٠٠٩ : ٨٤) ئۆتۆڕانک پەیوەندی گەورەکردنی وێنە لە ئاوێنەدا بەراورد دەکات لەگەڵ دابەش بوونەکانی ڕاناوی مندا لەڕووی واتاوە، دووانەی وڕێنەو خەون ونەخۆشییە عەقڵییەکانی وەک خەمۆکی وذەهانی وعوسابی کەنەخۆشی شیزۆفرینای لێ دەکەوێتەوە ئەمجۆرە کەسێتییە .. نەخۆشانە لەکەسێتی دابەشکراو یا شیزۆفرینا دەچن. بۆچوونی ئایینیی وبۆچوونی زانستی بۆ خەون هەیە. لەپێشەکی کتێبی خەوننامەی کوردیی (ئیبن سیرین) دا خەون لەڕووی ئایینەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە: «بەشێکی لەلایەن پەروەردگارەوەیەو بەشێکی تریشی لەلایەن شەیتانەوە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:»خەو دوو بەشە یا لەلای پەروەردگارەوەیە یاخود لەلای شەیتان» (ئیبن سیرین، ٢٠١٦، ١٤)

کەواتە خەو جگە لەڕووی زانستی، لەڕووی ئایینیەوە لێکدانەوەی بۆکراوە! لەنموونەی خەون لەقورئانی پیرۆزدا «پەروەردگار باس لەخەونی شای (میسر) دەکات ودەفەرموێت: {وقال الملک اني آری سبع بقرات سمان یاکلهن سبع عجاف، وسبع سنبلت خصر یابسات یایها الملأ افتنوني في رءیي ان کنتم للرءیا تعبرون» (سورة یوسف، الأیة ٤٣، ٢٤٠) مانگای قەڵەو ساڵی پڕ و فەڕ و پیتە ولاوازیش ساڵی قات وقڕییە،نموونەی خەونێکی دیکە لەقورئانی پیرۆزدا، کاتێک ئیبراهیم پێغەمبەر خەون دەبینێت خوای گەورە فەرمانی پێدەکات،کە ئیسماعیلی کوڕی سەر ببڕێت، «فلما بلغ معه السعي قال یا بني اني ارى في المنام اني اذبحک فأنظر ماذا ترى قال یا ابت افعل ما تؤمر ستجدني ان شا الله من الصابرین». (سورة ألصافات، الایة: ١٠٢: ٤٤٩)، بەڵام خوای گەورە لەخەوندا فەرمان بەئیبراهیم پێغەمبەر دەکات لەبری سەربڕینی حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕی قوربانییەک بکات. عەزیزی میسر خەون بەحەوت مانگای لاواز دەبینێت، کە حەوت مانگای قەڵەو دەخۆن،هەروەها حەوت گوڵەگەنمی وشک وسەوز دەبینێ، داوای لێکدانەوەی ئەو خەونە لەدارودەستەکنی دەکات.کاتی خایەنراوی خەون لەنێوان شەش تا دە چرکە تێپەڕ ناکات لەبۆچونی زانستیدا خەون دابەش دەکرێت بۆهەشت جۆر:

لەڕووی زانستییەوە لەچەند دابەشکردنێکدا خەون لای زانایانی دەروونناس دەکرێت بەچەند بەشێکەوە: «یەکەم/ خەوی جۆراو جۆر. دووەم/ خەوی پچڕ پچڕ. سێیەم/ خەوی دووبارە. چوارەم/ خەوێک حەزو ئارەزووی تیا بەجێدێت. پێنجەم/ خەوێک ترس ئامێزبێت. شەشەم/ خەوی هەڵگری رووداوی داهاتوو. حەوتەم/ خەوی تێکەڵ وپێکەڵ. هەشتەم/ خەوی مۆتەکاوی وراچڵەکێنەر.» (ئیبن سیرین، نابلسی، دمیری، ٢٠١٦، ٤٩) هەروەها خەون بەگشتی بەسێ «قۆناغدا تێپەڕ دەبێت: یەکەم/ چوونە نێو خەو. دووەم/ قۆناغی جموجووڵ وخەوبینین. سێیەم/ قۆناغی خەوی قووڵ. « (ئیبن سیرین، نابلسی،

هەواڵنامەی کتێب

دمیـری، ٢٠١٦، ٤٩)

- خەونـی ئاسـایی: هـەر مرۆڤێـک بـە سروشـتی خـۆی خـەون دەبینێـت بـە شـێوەیەکی گشـتی لەکاتـی نوسـتندا بەشـەو. خـەون لـە ڕووی زانسـتییەوە هەشـت جـۆرە:

١- **زینـدە خـەون:** ئەوجۆرەیـە لەخەون کـە هـەر پێنـج هەسـتەوەرەکەی لـەکارە واتـە لەنێـوان بـە ئاگایـی وخەوتندایـە.

٢- **ئەوخەونـەی کـە زۆر لەڕاسـتییەوە نزیکـە** کەسـی خـەون بیـن تـا لەخەوبـە ئـاگا نەیێـت نازانێـت کـە خـەون دەبینێـت.

٣- **زیندەخەونـی درۆ:** خـەون بیـن وادەزانـێ خـەون نییـە بەڵکـو واقیعـی ڕاسـتە، بـۆ نموونـە خـەون بیـن وادەزانـێ لەخەوهەڵسـتاوە وجلـی لەبەرکـردووە ودەچێـت بـۆ کار، دواتـر کە لەخەوهەڵدەستێت ئەوکاتـە دەزانـێ خەونـی بینیـوە.

٤- **کابـوس:** خەونـی بێزارکـەر، خـەون بیـن توشـی تـرس وڕاڕایـی دەبێـت.

٥- **هەمـان خەونـی دووبـارە بووەوەیـە** لەلایـەن کەسـی خـەون بینـەوە بـە گۆڕانـکاری کەمـەوە.

٦- **خەونـی بزاوتـن:** ئەوجۆرە خەونەیە کـە یارمەتـی مـرۆڤ دەدات لەچارەسـەر کردنـی کێشـەکەی بـۆ ئـەوەی لـەدوای بەئـاگا هاتنـەوەی بڕیـاری ڕاسـت ودروسـت بـدات.

٧- **خەونـی پێشـکەوتوو:** تەواوکـەری خەونـی لەپێشـوترە کـە بینیویەتـی.

٨- **خەونـی ئاڵوگـۆڕ:** خەونێکـە لەلایـەن چەنـد کەسـێکەوە هەمان خەون دەبینرێـت ( https://mawdoo٣.com/ انواع_الأحـلام. خەونـی ئاڵوگـۆڕ زیاتـر لەڕۆمانـی (هەورەکانـی دانیـاڵ) ی ڕۆماننـووس بەختیـار عەلـی زۆر بەبەربـڵاوی بەرچـاو دەکەوێـت.

شـەیتانی بـوون یـان باڵـغ بـوون «الاحتـلام»، کـچ لەتەمەنـی نـۆ ساڵی یـان لەنێـوان دوازدە تـا چواردە ساڵی کـوڕ لەنێـوان دوازدە تـا شـازدە سـاڵی، کـە لەوماوەیـەدا لـەدوای بینینـی خەونێـک یـان لەکۆمەڵـی کـوردەواری پێـی دەڵێـن شـەیتان پێـی پێکەنیـوە یـان شـەیتانی بـووە، کـە تیایـدا کـوڕ لەقۆناغـی منداڵییـەوە بـۆ قۆناغـی مێردمنداڵیـی دەچێت، بـۆ کچ یەکەمجـار کـە تووشـی سـووڕی مانگانـە دێـت، کۆئەندامـی زاوزێـی بەرەوگەشـە کـردن و کامڵبـون دەچێـت. «هـورم»

خەونـی ناوخەونـە، شـێرکۆ بێکەسـی شـاعیر ئەوزاراوەیـە لەفەرهەنگی دیوانی شـیعرەکانیدا لـە ڕۆمانـە شـیعری (خـاچ ومـار ورۆژمێـری شـاعیرێ) بـەکاری دەهێنێـت، لـە فەرهەنگـی هەمبانـە بۆرینـەدا « (هـۆرم) بەکـوردی-خـەوێ کەلـە خـەودا ئەیبینیـن، بـە فارسـی رویـاء خـواب» (lex.vejin.net)

**نموونـە: تـۆ خـەون بـووی لەنـاو خەونـا**

**تۆ پیاوانی «قەرەداغ»ی وەک «نارامسین»**

**کەللە کەڵ وەکو هەرێز**

**سنگ تووکن وەکو دەربەندی باسەرە**

**چـاو قایمـت لەبیرنییـە** (٧٤٢) ل٣١١، خـاچ ومـار ورۆژمێـری شـاعیرێ.

هەروەهـا شـاعیری فەلەسـتینی مەحمـود دەروێـش دەڵێـت:

**هذا هو السجن**

**حين يتحول وطنا بكامله**

**هذا هو الألم حين يصبح فجرا**

**والموت حين يصبح حياة**

**كنت حالما داخل حلم.** (٧٤١) ل ٣١١ ، خـاچ ومـار ورۆژمێـری شـاعیرێ. مـرۆڤ لەخەونێکدایـە لەناوخەونەکـەدا خەونێکـی دیکـە دەبینێـت هەروەهـا لەوڕێنـەدا مـرۆڤ دەچێتـە جیهانێـک کەتیایـدا لەدەوروبەرەکـەی دادەبڕێـت وتەنها وڕێنـە دەکات سـەرقاڵ وئاڵـودە وپەیوەسـتە بـە وڕێنـە.

«هۆبـز درێـژە بەبیرۆکەکانـی دەدات دەربـارەی خـەون بـۆ بابەتـی تارماییـەکان وخەیاڵـە ترسـناکەکان کـە پەیوەسـت دەبـێ بـە هەسـتکردن بـە تـرس، کـە مـرۆڤ هەسـتی پـێ دەکات بەرلـە خەوتـن، ئەمـەش جۆرێکـی دیکەیـە لـە خـەون.

**زیندەخەون:**

ئـەو دۆخەیە،کـە مـرۆڤ تێـی دەکەوێـت، لـە نێـوان بەئاگایـی و بێئاگایی یان واقیـع و خەونـدا «خەونی دۆن کیشـۆتی سێرڤانتسـە، کـە پێـش سـێ سـەد و پەنجـا سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا لـە ئیسـپانیا ژیـاوە، ئـەو کاتـە کۆمەڵـگای ئیسـپانی حەزیان بـە ڕۆمانی ئەسپسـواری و گیانبـازی هەبـووە، جـل و بەرگـی درعیـان لەبەرکـردووە کاری شمشـێربازییان کـردووە وپشـتیوانیان لـە ژن و خەڵکـی سـڤیل دەکـرد بـۆ ئـەوەی نـاو بانـگ دەربکـەن... خەونـی کیشـۆتی لـە زینـدە خـەون بـەوە جیـا دەکرێتـەوە کۆنترۆڵـی ژیانـی مـرۆڤ

دەکات و جیهانێک بۆخۆی فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی تیایدا بەخۆشی بژییت، بەمشێوەیە ژیانی سەرتاپا بریتی دەبێت لە خەون» (وەردی، ٢٠٢١، ل١٥٦- ١٥٩) لێرەدا زیندە خەون دەبێتە نەریتێک سەرتاپای ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت لەبوارێک لە بوارەکان و چالاکییە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ.

«مرۆڤ لەجۆرێکی تایبەتدا خەون دەبینێ، لە نێوان زیندەخەون وخەوتندا، لێرەدا مرۆڤ زۆر دڵنیا نییە خەوتوە یان بە ئاگایە... ئەم جۆرەیان لەکاتی شەو لەتاریکیدا شتی پڕوپووچ وتارمایی دەبینێ و تووشی واهیمە دەبێت لەوکاتانەدا تارمایی ومردووی زیندوو دەبینرێن تەراتێن دەکەن لە کەنیسەکان و گۆڕەپانەکاندا لەشەودا» (عبدالحمید ، ٢٠٠٩: ١٦٥) خەون بینین لە نێوان زیندە خەون وخەون بینیندا زۆرجار مرۆڤ هەر لە کاتی ئەوهێنان وبردنەدا نازانێ ئەوکابووسەی کەدەیبینێ ئایا ڕاستە یان خەونە! کەسەکە پێی وایە بە ئاگایە بۆ تاقیکردنەوەی خودی خۆی هەوڵدەدات خۆی تاقی بکاتەوە دەستی یان پێی خۆی دەجوڵێنێ، بەڵام ئەم کارەی پێ ناکرێ وەکو مردوویەکی زیندوو وایە، بۆ ڕزگار بوون لەوکابووسە ناخۆشەکە هەوڵ دەدات وەئاگابێتەوە ئەو زیندە خەونە یان ئەوکابوسە درێژە نەکێشێت هەندێکجار خەوبین قیژەیەک دەکات، یان هەوڵی جوڵەکردنی دەست وقاچەکانی دەدات بۆ دڵنیا بوون لەڕاستی ودروستی بەئاگایی وبێ ئاگایی. عەلی وەردی نووسەری عێراقی دەڵێت: «چیرۆکی دۆن کیشۆت تەنها وێنایەکی گەورەکراوی خەونی مرۆڤ خۆیەتی، هەر یەکێک لە ئێمە لەهزری خۆیدا خۆی بە گەورەتر دەبینێت لەوەی کە لە سەر ئەرزی واقیعدا هەیە» (وەردی، ٢٠٢١، ١٦٠) ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵدا بەدیدەکرێت، بەڵام تاکەکان هەستی پێناکەن.

ڕۆح وجەستە لە مرۆڤدا بەیەکەوە تەواوکەری یەکترن ئەگەر چی یەکیان هەستییە، ئەوی دیکەیان ژیرییە، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کەمرۆڤ لەکاتی بینینی خەوندا جەستەکەی ئەرک نابینێت کەچی لەڕووی

ڕۆحــەوە کاریگەرییــە دەروونییــەکان ڕۆڵ دەبینێــت لەکاتێکــدا جەســتەی مــرۆڤ لەدۆخــی ڕاکشــان وخەودایــە. «خــەون جۆرێکــی بەربــڵاوی ڕاڤــەی ڕووداوی ســەرووسروشــتی لەڕێــگای خەونــەوە دەبێــت کــە ڕاڤەیەکــی عەقڵانییــە لەبــەر ئــەوەی پشــت بــە بێئاگایــی دەبەســتێت کــە کونجــی تاریکــی تێدایــە هەندێکجــار ســەروو سروشــتییە.. لەبەرئــەوەی گرنگیــدان بــە خــەون بــە شــێوەیەکی هۆشــیاری گرنگییەکــی زۆر بــە ژیانــی بوونــەوەری مرۆیــی دەبەخشــێت» (حليفي، ٢٠٠٩: ١١٣) خــەون بــە شــێوەیەکی بەربــڵاو ســوودی لێدەبینرێــت، ڕاڤــەی ڕووداوی لــە ڕێــگای خەونــەوە دەبێت،کــە ڕاڤەیەکــی عەقڵــی وســەروو سروشــتیە.

**بەشی دووەم: تەوەری یەکەم**

**زینــدە خــەون لــە کورتــە ڕۆمانــی (خەونــی جاڵجاڵۆکــەکان) دا**

زیندەخــەون یەکێکــە لــەو هەشــت جــۆرە خەونانــەی کــە لــەو کورتــە ڕۆمانــەدا بەکارهاتــوون، کــە دەکرێتــە دوو لــق (**زینــدە خەونی ئەرێنــی وزیندە خەونــی نەرێنــی**). لــەم کورتەڕۆمانــەدا بــاس لەکۆمەڵێــک دابونەریتــی کــۆن وئامۆژگارییــە ســەقەتەکان دەکات. لــە کەســە نزیــک و بەتەمــەن و نەخوێندەوارەکانــی وەکــو دایــک وبــاوک ودایپیــرەی بەرگوێچکەکانــی دەکەوێــت، لــەلای خــۆی ڕێگــری لێدەکــەن لــە نــەزەر حەرامــی و گونــاح و تــاوان! کەچــی ئامۆژگارییەکانیــان دەبــن بــە کۆســپ وڕێگــر، دەیــان کێشــەی دەروونــی وکۆمەڵایەتــی و ئاســتەنگی بــۆ دروســتدەکەن، لــە نموونــەی داپیرە،کــە لــە نۆڤلێتەکەدا ڕۆڵێکــی بەرچاودەبینێت لــەو ژینگــە داخراوەی، کــە تێیدەکەوێت، کــە لــە کۆمەڵــی کوردەواریــدا بوونیــان هەیــە.

«جەزیــش دەکــەم بزانیــت، کــە دووســەد ملیــۆن ســاڵ بــەر لــە مــن و تــۆ هەبووە،کەواتــە تەمەنــی جاڵجاڵۆکــە سێســەد ملیــۆن ســاڵە.. وەلــێ هەزارجار بەداخــەوە دەنێــو ئــەو هەمــوو خــووە ســەیر و جوانانــەی گیانداران و مــەلان و زینــدەوەرەکان بۆ مەســەلەی جووتبوون، هــی جاڵجاڵۆکــە لــە هەمــووان ســەیرتر و بێزەوەرتــرە.. دیــارە هــی جاڵجاڵۆکــە لــە هەمــووان درێژتــر دەخایەنێ» (حەســەن ، ٢٠٠٥ : ٣٣٦) نێرەو مێیەی جاڵجاڵۆکە وەکــو زیندەوەرێــک کاتێــک مێیــەکان

لەگەڵ نێرەکاندا جووت دەبن. هەرچوار پەلی نێرەکان قوتدەکەن و قووتیان دەدەن، هەروەها کاتی جووت بوونیان ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بە شێوەک لەزەت وشەهوەت درێژە دەکێشێت ماوەی بە بەراوورد لەگەڵ مرۆڤدا زۆر زیاترە،خودی نووسەر بەشێک لە ژیانی خۆی وخەونەکانی بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دەگێڕێتەوە، لە نێوان خەونی خۆش و خەونی ناخۆشدا،کاریگەری دابونەریت وبۆچوونە ئایینیەکان بە هەڵە تێگەیشتن ولێکدانەوەی دۆخە چەقبەستووەکان کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی کەسی یەکەمی چیرۆکەکەو کۆمەڵی کوردەواریدا هەبووە. «کە منداڵ بووم بەیانێکیان، کە هەستام دووجاڵجاڵۆکە لەسەر سەرینەکەم بوون، ڕاست وچەپیان لێ گرتبووم، شێتانە گەمەیان بەشاخە باریکەکانیان دەکردو ڕووەوکونی هەردوو گوێچکەم دەهاتن، دوو جاڵجاڵۆکەی ڕەشباو وقەڵەو وتووکن.. گەرەکم بوو پڕ بەوترسە دونیا پڕ بکەم لەهاوار، هاوار لەقورگمدا تاساو دەرنەدەهات من لەخەودا بووم وکەچی وەک ئەوە وا بووبە ئاگابم» (حەسەن ، ٢٠٠٥ : ٣٢٥-٣٢٦) لەزیندە خەونێکدا لەترسی دوو جاڵجاڵۆکەکە هاوار دەکات و دەردەپەڕێت بە نیوە بە ئاگاییەوە ڕادەکات، یەکێک لەسیماو خەسڵەتەکانی زیندە خەون خەون بین بەئاگایە، بەڵام دابڕاوە لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا. هەروەکو لەم کورتەرۆمانەدا خەون بە پاکیزەی خێزانی دەبینێت کەدەبن بە دوو جاڵجاڵۆکەی نێرەو مێیە، بەتایبەتی شەوانی پڕ دەبوو لەسیحر وجوانی وفۆبیا وشەرم «من لەناوخەونەکانمدا سەفەر بەناوئەم دونیایەدا دەکەم، دەتوانم لەنێوان مانگ وئەستێرەکاندا پیاسە بکەم، دەنێو دارستانەکاندا گەمە لەگەڵ شێر و پڵنگ و مەیموونەکاندا بکەم...قسە لەگەڵ درەختەکاندا دەکەم و..وەک ماسی بە سەعات بچمە ژێر ئاو نەخنکێم.. دەچمە ناو ئاوێنەکان ودێمە دەرێ بێئەوەی ئاوێنەکان بشکێن وبریندار بم» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٢٢-٣٢٣). هەر بە هۆی زیندەخەونەکانەوە شارەزایی زیاتر پەیدا دەکات لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سروشت

و زینـدەوەر و گفتوگۆکـردن لەگـەڵ گیانەوەرانـدا، لەخەونەکانیـدا سـەفەر دەکات، گەمـە لەگـەڵ شـێر وپڵنـگ ومەیمونـدا دەکات، قسـە لەگـەڵ دار ودرەختـدا دەکات، ماسـی ئاسـا بـە سـەعات دەچێتـە ژێـر ئـاو دەتوانێـت لەنێـوان مانـگ و ئەسـتێرەدا پیاسـە بـکات «لەخەونـدا دەبینێـت دادگایـی دەکرێت و لـە سـێدارە دەدرێت .. سـەد چەقـۆی بەردەکەوێـت ودەمرێـت، کەسـێک وەکـو عیسـا پێغەمبـەر دەسـت بەسـەر برینەکانـی دادەهێنێـت و سـارێژ دەبێتـەوە.. هەروەهـا خـۆی لەنـاو ئاگـردا دەبینێـت بـە سـوتاوی.. خـۆی لەنـاو ئـاوی زەریاکانـدا دەبینێـت ودەخنکێـت.. لـە خەونـدا دەبینێـت کەلـە ناوچاڵێکدایـە پـڕە لـە مشـک ومـار یـان لەسـەربانێکدایە پـڕە لـە مارمیلکـەو جاڵجاڵۆکـە.. زۆرجـار لـە بنمێچـی خانـووە هەژارەکەیـان وخانـوی خـزم وکەسـیان جاڵجاڵۆکـە پشـت توکنـەکان خۆیـان هەڵواسـیوە.. هەندێکجـار جاڵجاڵۆکـەکان ڕاسـت وچەپیـان لێدەگـرت وگەمارۆیـان دەدا وزەندەقیـان دەبـرد.. کـە بەئـاگا دەهاتـەوە لەترسـان وەک پشـیلە دەردەپەڕێـت وسـاتمە دەکات ودەسـت وقاچـی دەشـکێت.. دایـک وئەندامانـی خێزانـی زگیـان پێدەسـوتاو بەتەمـای قیتبوونـەوەی نەدەبـوون دەگەیشـتە سـەرەمەرگ ولەسـەری دەگریـان.. لـە ڕۆژانـی تەنیایـی و بێبەشـیدا لـە سـۆز وخۆشەویسـتی ڕەگـەزی بەرامبـەردا .. خانمێـک لـە ژێـر کراسـێکی زۆر تەنـک و سـپی دێتـە خەونـی تـا مانـدوو دەبوودەسـتبازی لەگەڵـدا دەکـرد .. هەندێکجـار لـە تـاو پرسـەی خـزم وخـوێ ئەوەنـدە فرمێسـک دەڕێژێـت لافـاو هەڵدەسـتێت هەمـوو خەڵـک بەفرمێسـکەکانی دەزانن»(حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٢٣-٣٢٦)

یەکێـک لەزینـدە خەونەکانـی کـە لەدرێـژەی ئامۆژگارییەکانـی نەنکـی وخوێندنـەوەی ئەوکتێبانـەی کـە لـەڕووی ئایدیۆلۆجیـاوە دژ بـە یەکـن چەندیـن خەونـی جۆراوجـۆر دەبینێـت، لـەدوای زینـدە خەونەکـە ڕادەچڵەکێـت و ڕادەپەڕێـت و سـەری لێدەشـێوێت و سـاتمە دەکات و بەردەبێتـەوە وگیانـی دەشـکێت و زۆر ئـازار دەچێژێـت، مـرۆڤ هەندێکجـار کـە خەونێکـی ناخـۆش دەبینێـت، لەوخەونـەدا بـە ئاگادێتـەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵـدەدات دەسـتوپەلەکانی بجوڵێنێـت ناتوانێـت خـۆی لـە خـۆی بـە گومـان دەبێـت ئایـا بـە ئاگایـە یـان خەوتـووە یـان زینـدە خەونـە «ئەوجـارە بـوو بـۆ یەکەمجـار منـی چکۆڵـەو جیقـن لێـم پرسـی: «ئـەرێ هـۆ دایکـە.. ئەمـن کوو لەدایک بوویمە؟»بە ترس وشـەرمێکەوە، وتـی:» جەرگەکـەم.. ڕۆژەکیـان.. ئەمـن زگـم زۆر دێشـا.. لەنـاکاو ڕشـامەوەو ئەتـووم لەنـاو ڕشـانەوەکەی هەڵگرتـەوەو پاکـم کردیتـەوە.. خاوێـن وباوێـن.. هەتـا هەنووکـە گـەورەم کـردی.. مـن بـۆ سـەدها جـار خەونـم بـەو ڕشـانەوەو لەدایکبوونەوەیـەوە بینـی» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٣٠) هەمـوو ئـەو قسـەو کردەوانـەی لەدایـک ونەنکـی دەبیسـت بـەردەوام لەهـزری دەزرینگایـەوە و لەترسـانا دەبـوون بەزیندەخـەون بەرۆکـی بەرنـەدەدا. هەندێکجـار بەهـۆی گێڕانـەوەی خەونـە قێزەونەکانـی (پاکیـز)ی هاوسـەری دەڕشـایەوە، لەگـەڵ ئـەو ڕشـانەوەی بیردەکەوێتەوە،کـە دایکـی بـۆی دەگێڕێتـەوە لەکاتـی لەدایکبوونییـدا لەگـەڵ ڕشـانەوە لەزگـی دایکـی دێتـە دەرەوە دایکـی لەنـاو ڕشـانەوەکە دەریدەهێنێـت و دەبێـت بـەو مرۆڤـە .

«زوو خەونەکـەم بـۆ هاوسـەرەکەم گێڕایەوە..دەرحـاڵ وتـی: ئـاە ..کـە خەونـی بێـزەوەر دەبینـی، سـێ چـوار هێڵنجـی داو ڕشـایەوە، ئەوکاتـەی ئـەو ڕشـایەوە..من هێشـتا هەرلەنـاو خەونەکـەدا دیـل بوویم..یـان لەنـاو هەنـاوی (پاکیـز)دا بـووم، چونکـە مـن لـەوە دڵنیـام کـە ئـەو بەسـەر منـدا ڕشـایەوە، چونکـە، کـە ڕشـایەوە مـن لەناوهەنـاوی ئـەودا بووم» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٣٠) کاتێـک لـە خەونـدا هەردووکیـان دەبـن بەجاڵجاڵۆکـەی نێـر و مـێ (پاکیـز) هەروەکـو سروشـتی جاڵجاڵۆکـەکان مێیـە نێرینەکـەی لەکاتـی جووتبوونـدا هـەر چـوار پەلـی دەقرتێنێـت وقوتـی دەدات و چێـژی لێدەبینێـت ودەیکوژێـت و زۆر ڕقوکینـەی لـە ڕەگـەزی بەرامبەرە،لـە هەوڵـی لەناوبردنـی توخمـی نێرەدایـە، وەبیـر هاتنـەوەی قسـە و ڕشـانەوەکانی نەنکـی و خێزانـی بـوو، ئەوخەونـە بـۆ زۆر خـەون شـیکەرەوەو دۆسـت وناسـیاوەکانی دەگێڕێتـەوە ئامـۆژگاری دەکـەن ئەگـەر خـووی خەراپـی کتێبـە حەرامـەکان و لەزەتکـردن لـە بینینـی

ئـەو هەمـوو خەونـە بـێ سـەروبەرە نەهێنێـت کۆتاییەکـەی بـاش نابێـت لەوانەیـە شـێت بێـت یـان ڕیسـوا بێـت .

خەونێـک بـەردەوام لەگەڵیـدا دەژیـی وازی لێناهێنێـت تـا نەفرەتـی دونیـاو قیامەتـی بەسـەر سـەریدا دادەبارێنێـت. «وەلـێ مـن تـا دوا شـاخەونی خـۆم ڕۆیشـتم تـا دوا خولیاو خـووی خەراپم.. هـەر هەمووشـی گوناهـی نەنکـم بـوو.. نەنکـم نا..گوناهـی «گوناهـی یەکـەم» بـوو» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٣١) گوناهـی یەکـەم لـە بەهەشـتدا ڕوویـدا، دیـارە نەنکـی بـەردەوام بـە نەزانـی تـرس ودڵـە ڕاوکـەی دەخسـتە دەروونـی ئـەو مێردمنداڵـە، لەڕاسـتیدا ئامۆژگارییەکانی بـۆ بەرژەوەنـدی نەوەکەیەتـی کەچـی بەشـێک لەبیروبـاوەڕە کۆنـەکان زیـان دەبەخشـن لەبـری سـوود وەرگرتن،ئەوجـۆرە مێردمندالانـە پێویسـتیان بـە پاڵپشـتیکردن و ژینگەی ئـارام هەیـە .

گوایـە لـەدوای پەیمانـدان و بێنـەو بـەردە لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا واز لـە چاودێریکردنـی جووتبوونـی زینـدەوەران و ئـاژەڵان بهێنێـت، کەچـی دواتـر خەون دەبینێت،کـە هەردووکیـان بـوون بـەدوو جاڵجاڵۆکـەی نێـر ومـێ! « لەوشـەوە مانگەشـەوە هاوینـە لەسـەر بانـدا دەسـت پێـدەکات : «هـەر بۆیـە لـە یادمـە بێئـاگا لـە خـۆم باسـی خوڵقـی ناچیـزەی جۆرێـک لـە جاڵجاڵۆکـەم بـۆ دەکـرد، کـە تـازە لـە کتێبێکـدا خوێندبوومـەوە.. دە جـاران لەپـێ خسـتە سـەر دەمـم دەیـوت» تـوو شـەرەفت وازبێنە..خـۆت بەڵێنـت دابوو..!» (حەسـەن، ٢٠٠٥، : ٣٣٥) نووسـەر بەدەسـت خـۆی نەبـوو نەیدەتوانـی لەو بابەتـە دوور بکەوێتەوە، بـە پێچەوانـەوە، پاکیـزەی خێزانـی ڕشـانەوەی بـەم قسـانە دەهات.»بـا بەرلـەوەی بێمـە سـەر جووتبوونـی جاڵجاڵۆکـەکان، ئـەو ئەفسـانە زۆر جـوان وپـڕ خەمـەت بـۆ بگێڕمـەوە: لـە وڵاتـی-لیدیا..کچێـک بـە نـاوی «ئارکینـا» بـووە سـەرگەرمی چنینـی جـۆرە قوماشـێکی گرانبەهـا بـووە، ئەوەنـدە دەسـت ڕەنگیـن بـووە، کـە ئیـدی «ئەسـینا» ی خوداوەنـد بەغیلـی پـێ بردووە...باوکـی، باوکـەش کـێ بـێ؟ «زیـۆس» گـەورەی هـەر هەمـوو خوداوەنـدەکان. باوکـەو کچـە لەداخـی دەسـتڕەنگینی «ئاراکنیـا»

وەختە بووە شێتوهار بن» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٥) بۆ دوور کەوتنەوە لەو بارودۆخە، چەند نموونەیەک بۆ (پاکیز) دەهێنێتەوە لەوانە ئەفسانەی وڵاتی لیدیا «ڕۆژێکیان ئیرەیی وا گرِ لەدەروونی «ئەسینا» بەردەدا،کە پارچە قوماشێکی زۆر ڕەنگین و دەستکردی «ئاراکینا» شندڕو وندڕ بکا بەستەزمانیش،کە لەت و کوتی قوماشەکە دەبینێ.. هەر بەو تیلمە داوانەی قوماشەکە کە بەیەکەوەیان دەبەستێ..خۆی هەڵدەواسێ و دەخنکێ.. لەتوپەتی قوماشەکە کۆ دەکەنەوەو دەیکەن بە کراس و «ئارکینا»ش دەگۆڕن بە «بە جاڵجاڵۆکە«...جاڵجاڵۆکە ناوێکی دیکەشی هەیە، کە ئەویش «ئاراکنیدا» یە» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٦) پاکیز دەڵێت: «وەلێ هەزار جار بەداخەوە دەنێو ئەو هەموو خووە سەیروجوانانەی گیانداران ومەلان وزیندەوەرەکان بۆ مەسەلەی جووتبوون، هی جاڵجاڵۆکە لە هەمووان سەیرترو بێزەوەرترە... دیارە هی جاڵجاڵۆکە لەهەمووان درێژتر دەخایەنێ» ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٦) جووتبوونی جاڵجاڵۆکە جووت بوونێکی زۆر ناوازەیە ، جووتبوونێک کە تیایدا نێرەی جاڵجاڵۆکە هەرچوار پەلی لەلایەن مێیەوە دەقرتێندرێت وچێژی لێدەبینرێت ودواتریش لوش دەکرێت ئەو پرۆسەیە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت کەزۆر لەهی مرۆڤ زیاترە. «زۆر سەیرە هەندێکیان تا بڵێی دڕندەن وخوویەکی زۆر بەربەریانەیان هەیە، ئەو وەختەی تێک دەئاڵێن..هێدی هێدی..زۆر لەسەرخۆ..لە گەرمەی راموسان و دەستلەملانێدا مێیەکە نێرەکەی دەخوات..بەخوا درۆ ناکەم..خۆی وایە..لە دوا ترۆپکی لەزەتی هەردووکیاندا نێرەکە قووت دراوەو بۆتە پارووییەکی گەرم دەنێوسکی مێیەکەدا.» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٣٦) جارێکیان لە ئێوارەوە ڕیش دەتاشێت بۆن وگوڵاو لەخۆی دەدات ومەرایی دەکات وهەوەسێکی زۆری هەیە بۆ (پاکیز)، لەگەڵ بیستنی دڕندەیی مێینەی جاڵجاڵۆکە بەرامبەر بە نێرەکەی و هەروەها بەدخوویی نێرەی جاڵجاڵۆکە دەگاتە ڕاددەی بەگژداچوونی دایکی خۆشی، ئەمانە

(پاکیـز) تـورە دەکـەن و لـە ئەنجامـدا ئەونیازەی،کـە خـۆی لێخـۆش کردبـوو وەکـو تەمێـک ڕەوییـەوەو نەمـا، لەتـاو نیـازە نەزۆکەکـەی شـیعرێکی دڵـداری بـۆ دەخوێنێتـەوە (پاکیـز) لـە وەڵامـدا دەڵێـت: «نایخـوات.. بـۆ خۆتـی بخوێنـەرەوە.. بـا نەبـم بـە جاڵجاڵۆکـە وبتخۆم..!» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٣٩) لەزینـدە خەونێکـدا پیاوەکـە کاتێـک بێئومێـد دەبێـت لەجووتبوونـی جاڵجاڵۆکـە هەوڵـدەدات بـۆ شـەوی دواتـر باسـی جووتبوونـی کۆتـری بـۆ بـکات کـە باشـترین غـەزەل خوانـە بـۆ ئـەوەی (پاکیـز) ڕازی بـکات، بـەو نیوەشـەوەی هاویـن لەسـەربان‌دا هەوڵـدەدات هەروەکـو سـەردەمی منداڵیـی خـۆی بـە ژماردنـی ئەسـتێرەکانەوە خەریـک دەکات، بـەڵام لەکاتێکـدا کـە چـاوی لێـڵ دەبێـت بەرچـاوی ڕەشـکە و پێشـکە دەکات جاڵجاڵۆکەیـەک بـە هەودایەکـی ئەسـتوورەوە خـۆی شـۆڕ دەکاتـەوە «کـە وتـم» لـەو خەونـەدا مـن وتـۆ، هەدرووکمـان، ببویـن بـە جاڵجاڵۆکـە«.. تاوێـک و بێدەنـگ بووم.وتـی »مەوەسـتەو تـەواوی کـە.. دواجـار خەونە..هەرهیـچ نەبـێ بەگێڕانـەوەی خەونەکـە خـۆت لـە پاشـماوەی ئـەو خەونـە ترسـناکە قورتـار دەکـەی» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٤٢). پاکیـز بێـزی لـە خەونەکانـی دەکردەوە،بـەڵام زۆرجـار گوێـی بـۆ شـل دەکـردو هەندێکجاریـش وەکـو مێیـە بەرگـری دەکـرد وسەرزەنشـتی دەکـرد. «بـۆم گێڕایـەوە کـە چـۆن مـن و ئـەو ببوویـن بـە دوو جاڵجاڵۆکـەی گەورۆنـەو لـە گەرمـەی دەسـتلەملانێدا بووین،کـە بـە قەپـاڵ دایگرتمـەوەو قووتـی دام.. چەنـدە پاڕامـەوە کـە نەمخـوات.. بێهـوودە بـوو.. تـکاو پاڕانـەوەم دادی نـەدا.. ئـەوە بـوو لـە ترسـانا ڕاچەنیـم.» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٤٣) زیندەخەونـی نەرێنییە،جۆری زۆر نزیکە لەڕاستییەوە، کـە ڕادەچەنـێ و بـە ئاگادێـت ئەوکاتـە دەزانێـت، کـە زیندەخەونـە. «جـا چـی تیایـە؟ کـە وەئاگایـن جەنابـت زاڵـە.. بـا لـە خـەودا مـن زاڵ بم» (حەسـەن، ٢٠٠٥: ٣٤٤) لـە کاتـی بـە ئاگاییـدا ژنەکـە زاڵە،لـە کاتـی خەونـدا پیاوەکـە زاڵـە، لـە دیالۆگێکـدا لـە نێـوان ژن ومێـردا: «دەتـەوێ بڵێـی مـن ئەوەنـدە شـەڕانگێزم..نەخێر مێـردی میرخـاس..

لەوانەیە ئەو خەونە دیوێکی دیکەی هەبێ کام دیو؟» بۆ نموونە لەوانەیە تۆ لە پای گوناهێک، کە کردووەتە[کردووتە] حەزتکردووە لەناوبچیت..بۆیە حەزتکردووە لە تۆڵەی ئەو گوناهەت بۆ پاکبوونەوەت من بتخۆم «»دەستتخۆش بێ وعافیەتە« ( حەسەن، ٢٠٠٥ : ٣٤٤) مێینە بە شێوازێکی زۆر سەیر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر پیاواندا دەسەپێنن، باس لەهەڵسوکەوتی ژن دەکات بەر لە خۆبەدەستەوە دانی، هەرچەندە خۆیان گیف بکەنەوە ئەوەندە زووتر خۆیان بەدەستەوە دەدەن.»هەر هەموو جاڵجاڵۆکە مێیەکان سەرگەرمی قرتاندنی چوار پەل وسەری نێرەکانیان بوون.. پاشان کەوتنە خواردنیان.. ئەوانی تر بێدەست لەملانێ و رامووسان نێرەکانی خۆیان قووتدا..کەچی من وتۆ، ئاخ لەمن وتۆ، چەندە بە ناسکی تێک ئالابووین...کاتێکم زانی وام لە هەناوتا» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٧). لە کاتی جووتبوونی نێرەومێیەی جاڵجاڵۆکەدا نێرەکان خۆیان لە هەناوی مێیەکاندا دەدۆزنەوە.»تۆ دەتەوێ دڕندەیی وچەپەڵی من بڕازێنیتەوە،یانی من تۆم خواردووە..نا..تۆم لەتوپەت کردووە، پاشان ئەوەندە بە ناسکی تۆم خواردووە، کە ئیدی تۆ لە خۆشیانا شاگەشکە بووی.. تۆ دەتەوێ بە ژنێکی«سادی» م لەقەڵەم بدەی؟» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٧). (پاکیز) زویر دەبێت بەمشێوە جووتبوونەی پێیوایە ئەگەر بەمشێوەیە ڕەفتاری کردبێت واتا کەسێکی سادیزمە، کە جۆرە کەسییێتییەکە حەز بە ئازاردانی بەرامبەرەکەی هەیەو چێژی لێدەبینێت، هەروەها جۆرێکی دیکەی کەسییێتی دیکە هەیە حەز بە ئازاردانی خۆی دەکات وەکو کەسییێتییەکی ماسۆشیزم ناسراوە. «نا وا نییە کەسەکەم.. من خۆم کابرایەکی «ماسۆشی»م حەز بە ئازاری خۆم دەکەم، پاشان من پێموتی، کە گوناهی تۆی تیا نەبوو.. تۆ ببووی بە جاڵجاڵۆکەیەکی برسی و گەوڕۆنە.. خۆی ماچ وموچەکەی تۆ وا بوو.. من ئازارم پێنەدەگەیشت.. بەڵکو پێمخۆش بوو.» ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٨) نێرە خۆ بە کەسییێتی

ماسۆشیزم دادەنێت کە زیاتر خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ئازار نەچێژێت وچێژ ببینێت. «ئا بە خوا.. درۆ ناکەم.. هەتا من وتم: بمخۆ گیانەکەم بمخۆ.. ئەمشەویش نەمخۆی..شەوێکی دیکە هەر دەمخۆی..کە تۆم بینی ئەوەندە برسیتە..قەستم دەکرد ببمە پارووییەک وناوهەناوت گەرم بکەمەوە» ( حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٤٨) ئەم هەستە لەکاتی زیندەخەوندا هەمووی لەئەوپەڕی لەزەت وشەهوەتدا لەلایەن نێر ومێدا بەدی دەکرێت، لەڕاستیدا لەکاتی جووت بوونی نێرەو مێیەدا بەتایبەتی لەکاتی لوتکەی لەزەتدا هەردووکیان بەتەواوی لەدەوروو بەریان دادەبڕێن یان ڕاستتر بڵێین لەزیندە خەونێکی زۆر قووڵدا دەبن، بەڵام لەدوای چێژ جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بارە ئاساییەکەی خۆیان. «لەوهەودا ڕەنگاو ڕەنگانە ورد دەبوونەوە،لە تۆی دەستڕەنگین، لە منی بەندکراو لەودیو هەودا باریکەکانەوە، نەیاندەزانی مەسەلە چییە، ئەمەیان خانۆچکەیەکی بەهەشتییە یان زیندان؟ لێت ناشارمەوە من لەژێر چاوەوە لە دونیای دەرەوەم دەڕوانی وخەونم بەو سەربەستییەوە دەبینی کە تۆزێ لەمەوبەر هەمبوو...گوێم لە نرکەونالەی جووتە تێکئاڵاوەکان بوو» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٢) لەدوای لەناوبردنی کۆمەڵێک جاڵجاڵۆکەی مێیە، کە هاتبوون بۆ جووتبوون و لەزەت وەرگرتن لەو قۆزاغەیەی، کە (پاکیزە) دروستیکردبوو بەدەوری مێردەکەیدا هەوڵی لەناوبردنیان دەدات لەبەر ئەوەی غیرەیان لێدەکات. «لە ناوەوە خۆت بۆ جەنگێک ئامادە دەکرد، دەبوو پێشتر لەڕۆحی پڕلە غیرەو بەغالەتت ئاگرێک داگیرسایە، ئاگری رق و تۆڵەیەک دژ بەو جاڵجاڵۆکە جوان وخنجیلانەی هاوتوخمی خۆت بوون ودژی ئەوانەشی، کە لە ڕاو وژوان نەدەکەوتن وهاوتوخمی من بوون» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٤) مێینەکە هەردوو ڕەگەزەکەی لەناودەبرد. لەدوای خوێنمژین ولەتوپەتکردنی جاڵجاڵۆکە نێرە و مێیەکان لەلایەن پاکیزەوە ناوە دەهات تەشقەڵەیەکی بە پیاوەکەی خۆی

دەکرد باڵادەستی خۆی دەسەپاند، ئەویش لە ترسان نەدەوێرا پەرچەکرداری هەبێت دەیزانی ئاکامەکەی زۆر خەراپ و ترسناک دەبێت، بۆیە بە مجامەلە پێی دەگوت دەوامەکە عەیبە وازبێنە. «ئان وسات بوویتەوە بەو (پاکیز) ەی- ئێستاو جاڵجاڵۆکەکانت دەخواردو دەتکرماندن، ناوگەڵت لێبڵاو کردبۆوە و هەر هەموو جاڵجاڵۆکە نێر و مێیەکانت هەڵدەلووشی..لە دامێنتەوە.. دەتوت دەچنە ناودەمی ئەشکەوتێکی تاریکەوە، دەموت: بۆ جاڵجاڵۆکە مێیەکان تێگەیشتم بۆ.. بەڵام نێرەکان چییان کردووە؟ دەتوت: تۆ نێرە نیت..گەرەکمە توخمەکەت ببڕێتەوە.! » (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٤-٣٥٥) جاڵجاڵۆکە مێیەکانی دەکوشت لەبەر ئەوەی غیرەی لێدەکردن، بەڵام نێرەکانیشی هەڵدەلوشی بۆ ئەوەی توخمی نێرینە بسڕێتەوە. «لە دوورەوە هەر دەتوت دامێنت سێگۆشەی بەرمۆدایە وشتەکانی دەوروبەر قووتدەدات و هەڵدەلووشێت. هەر هەموو هێلکەکانیشت هەڵدەلووشی، دەمپرسی ئاخر بۆ؟ دەتوت: من دەزانم کە تروکان وگەورە بوون.. چیان لێدێت؟» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٥) کاتێک مێیینە دەسەڵات بەدەست دەبێت زۆر بە شێوەیەکی ناوازە حوکم دەکات وهەوڵ دەدات توخمی نێرینە لەناوببات، هەر لەگەڵ یەکەم دروستبوونییەوە حیساب بۆ توخمە نێرینەکان دەکات بۆ دوا ڕۆژ.»لەوخەوەدا زۆرم برسی بوو، حەزم دەکرد شتێک بخۆم، هەر شتێک..هەر هیچ نەبێ ئێسک وپروسکی قوربانییەکانت بخۆم، نەتهێشت..دەتوت: «من دەزانم گۆشتی ئەوانت لەلا شیرینە وحەز دەکەی بیانخۆی..! »من دەمپرسی: «ئەی چی بخۆم؟»تۆ زۆر بێشەرمانە قاچێکت هەڵبڕی و ناوگەڵی خۆت پیشاندەدام ودەتوت- «ئا ئەوە بخۆ..!» (حەسەن، ٢٠٠٥: ٣٥٦)

# هێرمینۆتیکا (Hermeneutics)

# لە ئایین و فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی

(٢ - ٢)



پ. ی. د. ڕێبین خەلیل قادر

هەواڵنامەی کتێب

**قۆناغی دووەم: قۆناغی تیۆری مەعریفە (نظرية المعرفة – Epistemology) یان قۆناغی هێرمینۆتیکای ڕۆمانسیزم یان ڕۆمانتیکی:**

ئەم قۆناغە لەگەڵ فەیلەسوف و بیرمەندی ئەڵمانی (شلایرماخەر)ەوە دەست پێدەکات، کە لە ڕۆژئاوادا لە بوار و زانستەکانی تریشدا سەریهەڵدا، و تێیاندا پێشەنگ بووە؛ وەک کۆمەڵناسی ئایینی و توێژینەوە ئایینییەکان و زانستی کەلامی نوێ و فرەیی و ئەزموونی ئایینی، سەرەڕای ڕۆڵی ئەو لە پێگەیاندن و پەرەپێدانی زانستی هێرمینۆتیکادا. لەم بارەیەوە (دیلتای) دەڵێت: ئەوەی (شلایرماخەر) پێشکەشی هێرمینۆتیکای کرد، هەمان

ئەوە بوو کە (کانت) پێشکەشی فەلسەفەی کرد، بەجۆرێک کە شۆڕش و هەستانەوەیەکی کاریگەری لە بواری هێرمینۆتیکادا بەرجەستە کرد، تا ئەو رادەیەی کە بوون و پەرەسەندنی هێرمینۆتیکای فەلسەفی و بۆچوونەکانی هەر یەکە لە (هایدیگەر و گادامێر) بەستراونەتەوە بە بیر و بۆچوونە هێرمینۆتیکی و فەلسەفییەکانی (شلایرماخەر)ەوە.

**قۆناغی سێیەم: قۆناغی بوونناسی (علم الوجود – Ontology) یان قۆناغی هێرمینۆتیکای فەلسەفی:**

لەم قۆناغەدا گواستنەوەکە لە قۆناغی میتۆدبەندی و تیۆری مەعریفییەوە بۆ قۆناغی بوونناسیی روویدا. لە کاتێکدا هەموو هەوڵ و کۆششەکانی توێژەران لە قۆناغی کلاسیکیدا لەسەر دۆزینەوەی واتای ڕاستەقینەی دەق و مەغزای دەقنووس لەنێو دەقدا چڕ ببووەوە. ئەم قۆناغە لەسەر دەستی (هایدیگەر)ەوە پەرەیسەند و لەسەر دەستی قوتابییەکەی (گادامێر) گەیشتە لووتکە، بەجۆرێک ئەگەر (گادامێر) نەبوایە و هەوڵەکانی (هایدیگەر)ی تەواو نەکردایە، ئەوا هەموو هەوڵ و کۆششەکانی (هایدیگەر) بە بادا دەچوو. (گادامێر) خوێندکارێکی بە وەفای (هایدیگەر) بوو، کە توانی تازەیی و نوێگەری بخاتە سەر توێژینەوە هێرمینۆتیکییەکان و یاسا و ڕێساکانی تیۆری بوونناسی (هایدیگەر) بەسەر زانستی هێرمینۆتیکادا پراکتیک بکات. هەر یەکە لە (هایدیگەر) و (گادامێر) باوەڕیان وایە کە هیچ پێوەندییەکمان بە مەبەستی دەقنووس و قسەکەر و مەغزاکانیانەوە نییە؛ بەڵکو پێویستە تەرکیز بکرێتە سەر تێگەیشتن و ماهییەت و بوون لە مەسەلەی تێگەیشتندا. بە دەربڕینێکی تر، گەڕانەکە تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەی کە ڕاڤەکەر پشتی پێ دەبەستێت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دەقێکدا. بە دەربڕینی سێیەم: کردەی تێگەیشتن و میکامیزمەکانی لەسەر چ بنەمایەک دامەزراون؟ شوێنکەوتوانی ئەم جۆرەی هێرمینۆتیکا پێیان وایە کە ڕاڤەکەر کاتێک ڕووبەڕووی دەق دەبێتەوە، هەڵدەستێت بە ڕاڤەکردنی دەقەکە بەشێوەیەکی


ئۆتۆماتیکی و بەبێ ئاگایی؛ بەگوێرەی باککراوندی زەینی و گریمانەکانی و تێگەیشتنە کارتێکراوەکەی بە سەردەم و رۆشنبیرییەکەی (مختاري، ٢٠١٧، ١٦٧). تێبینی دەکەین بەگوێرەی قۆناغەکانی پەرەسەندنی هێرمینۆتیکا، ئەرکەکەشی گۆڕاوە؛ بۆ نموونە لە قۆناغی یەکەمدا هێرمینۆتیکا جەخت لە مەبەست و مەغزای دەقنووس دەکاتەوە، بەومانایەی دەبێت وەرگر هەوڵی دۆزینەوە و خستنەڕووی ئەو پەیامە بدات کە دەقنووسەکە ویستوویەتی لە دەقەکەیدا بیگەیەنێت. لە قۆناغی دووەمدا و لەسەر دەستی (شلایرماخەر)ەوە، هێرمینۆتیکا گۆڕا بۆ (هونەری تێگەیشتن) و دوورکەوتنەوە لە هەڵە تێگەیشتن یان خراپ تێگەیشتن لە مەبەستی دەقنووس، بەمەش تێگەیشتن بوو کردەیەکی سەرەکی کە توێژینەوە هێرمینۆتیکییەکان بە دووریدا دەخولانەوە. لەبەرئەوە لەم قۆناغەدا تیۆرێک بۆ هێرمینۆتیکا پێشنیاز کراوە کە هەموو جۆرە ڕاڤە و لێکدانەوەیەک دەگرێتەوە کە بۆ مەبەستی گەیشتن بە تێگەیشتن ئەنجام دەدران، بە جۆرێک کە گونجانێک لە نێوانیاندا هەیە، وەک ئەوەی بڵێین زیاتر لە جۆرێکی هێرمینۆتیکا لەم تیۆرەدا جێی کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا مەغزا و مەبەستی دەقنووسیش جێی بایەخی (شلایرماخەر) بوو، بەڵام لە دید و ڕەهەندی ترەوە کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ قۆناغی یەکەمدا هەیە. لەبەرئەوەی دەق مەغزا و مەبەستی دەقنووس دەگێڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەم قۆناغەدا یاسا و ڕێساکانی فیلۆلۆژیای زمان و ڕەهەندی هونەری و بارودۆخی دەروونی (دەقنووس و وەرگر) و چەندین ڕەگەزی تر لە مەسەلەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەکاندا بەشدار دەبن. وەرگر لە ڕێی زمانەوە بەرەو دەق هەنگاو دەنێت، هەروەها لەڕێی ڕەهەندی دەروونییەوە بەرەو دەقنووس هەنگاو دەنێت، ئەمەش پێوەندی نێوان خود و مەبەستی دەق دەردەخات. لە قۆناغی سێیەمدا، کە قۆناغی هێرمینۆتیکای فەلسەفییە، ئیدی بەیەکجاری دەستبەرداری مەبەست و مەغزای تێکستنووس

بوو، دەسەڵاتی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە گەڕایەوە بۆ ڕاڤەکەر یان لێکدەرەوە، بەمەش کردەی تێگەیشتن لە مەغزا و مەبەستی دەقنووسەوە بۆ مەغزا و مەبەستی ڕاڤەکەر و لێکدەرەوە گۆڕا، هەر ڕاڤەکەر و لێکدەرەوەیەکیش بەگوێرەی زەین و ڕۆشنبیری و تێگەیشتنە کارتێکراوەکانی بە سەردەم و ژینگە و ڕۆشنبیری و کولتور و ئایین و تەمەن و ڕەگەز و مەعریفەکەیەوە دەقەکە لێکدەداتەوە، بەمەش لێکدانەوەی جۆراوجۆر و فرەواتایی لە پرۆسەی لێکدانەوەدا بەرجەستە دەبێت.

*** هێرمینۆتیکای نوێ:**

هێرمینۆتیکا لە ماوەی پەرەسەندنیدا بە چەندین قۆناغی جیاوازدا گوزەریکردووە، هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆندا کە ڕەگە سەرەتاییەکانی لەگەڵ (ئەفلاتوون و ئەرستۆ و فیلۆن و کلیمانت و ئۆریجین)ەوە دەست پێدەکات، بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، لەگەڵ (ئۆگستین) و ئەو بزاڤە ئایینییە مەسیحییە توندڕەوەی باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشا و هێرمینۆتیکایان تەنیا لەنێو ڕاڤە و لێکدانەوەی ئینجیل و پیاوانی ئاییندا قەتیسکرد، تا سەردەمی سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و دەرکەوتنی بزووتنەوەی چاکسازی و دەرکەوتنی (مارتن لۆسەر) و هەوڵەکانی بۆ ڕزگارکردنی هێرمینۆتیکا لە دەستی پیاوانی ئایینی و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کەنیسە بەوەی ڕاڤە و لێکدانەوەی ئینجیلیان تەنیا وابەستە پیاوانی ئایینی کردووە کە جگە لەوان کەسی تر مافی لێکدانەوە و قسەکردنیان نییە لەسەر ئینجیل، پاشان هەوڵەکانی (فلاسیۆس) و (کلادینیۆس) لە بارەی هێرمینۆتیکاوە. پاشان لە سەردەمێکی نوێتری ئەم زانستەدا کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەسەر دەستی (شلایرماخەر) و (دیلتای) ەوە دەستپێکرد، کە بەیەکجاری ئاراستەی هێرمینۆتیکایان گۆڕی و لە ڕاڤە و لێکدانەوەی کتێبە ئایینییەکانەوە گواستییانەوە بۆ نێو بوارەکانی تر، تا ئەوەی لە سەردەمی هاوچەرخدا لەسەر دەستی (هوسرەل و هایدیگەر و گادامێر و ریکۆر و ئێکۆ و ... هتد). هێرمینۆتیکای نوێ و

هاوچەرخ سەریهەڵدا و مۆرکێکی جیاوازتری لە سەردەمەکانی تر وەرگرت و ئاراستەی کارکردنی بە تەواوی جیاوازبوو.




دوای ئەوەی (قوستەنتین) ڕۆمای بتپەرستی بۆ ڕۆمای مەسیحی گۆڕی و دوای سێ سەدە لە دەرکەوتنی (ئۆگستین) و قوتابخانەی فەلسەفی، سیستەمێکی نوێیان بۆ تێگەیشتن لە وشەکان و لێکدانەوەیان دانا، ئەویش بە بارکردنی وشەکانی ئینجیل بە ڕەهەندی مێتافیزیکی کە جگە لە پیاوانی ئایینی کەسی تر تێی نەدەگەیشتن، وەک وشەکانی بەهەشت و دۆزەخ و ... هتد، بەمەش هێرمینۆتیکا بوو بە کێڵگەیەکی ناوەندی زانستی لاهوت و ڕاڤەکردنی ئینجیل بوو بە کاری پیاوانی ئایینی و لەمەوە کردەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقە کۆنەکان دەرکەوت بە تایبەتیش پەیمانی کۆن کە یەهودییەکان ڕاڤەی ئەفسانەیی و ڕازێنەرەوە و لێکچواندنی و خواستنیان خستە نێویەوە. ئەم پرۆسەیە بەردەوامبوو تاوەکو سەرهەڵدانی سەردەمی ڕێنیسانس و دەرکەوتنی (مارتن لوسەر) و سەردەمی چاکسازی و هەستانەوە و گەشەکردنی ڕۆمانسیزم کە بەهۆیانەوە ڕاڤەکردنی دەقی ئایینی تەنیا بە دەستی پیاوانی ئایینیدا نەمایەوە، پاشان گۆڕانکاری لەسەر دەستی (شلایەرماخەر)ەوە ڕوویدا، بەمەش گرنگیپێدان لە واتاوە گۆڕا بۆ تێگەیشتن، (شلایەرماخەر) هێرمینۆتیکا و کردەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی لە بواری ئایینی و دەقە ئایینییەکانەوە گواستەوە بۆ نێو بوار و زانستەکانی تر و یاسا و ڕێسا و چوارچێوەی بۆ هێرمینۆتیکا دانا بە ئومێدی ئەوەی هێرمینۆتیکا بکات بە هونەر یان زانستێک کە لەسەر خۆی بوەستێت و لە کردەی تێگەیشتندا سوودی لێ وەربگیرێت. دەق لە ڕوانگەی (شلایەرماخەر)ەوە ناوەندێکە کە بیری دەقنووس (دانەر) بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کۆمەڵێک

میکانیـزم هەیـە کـە بـە هۆیانـەوە دەتوانیـن لـە مەبەسـتی دەقنـووس تـێ بگەیـن، چونکـە دەق دوو لایەنـی هەیـە؛ لایەنـی زمانـی و لایەنـی دەروونـی، پێوەنـدی ئـەم دووانـەش پێوەندییەکـی دیالێکتیکیـی، زمـان ئـەو شـێواز و ڕێگایانـەی دەربڕیـن بـۆ دانـەر دیاریـدەکات کـە لـە لایـەن دانـەرەوە دەگیرێتەبـەر بـۆ دەربڕینـی بیرەکانـی و زمـان بوونێکـی بابەتییانـەی هەیـە کـە جیـاوازە لەگـەڵ بیـری دانـەر کـە بوونێکـی خـودی هەیـە، ئـەم بابەتیبوونـە وادەکات تێگەیشـتن کردەیەکـی مومکیـن بێـت، و لایەنـی خودیش ئاماژە بە بیری دانەر دەکات و لـە بەکارهێنانـی تایبەتـی زماندا ئـەم دوو لایەنـەی زمانـی و خـودی دەردەکـەون، خوێنەریـش هەوڵـی دووبـارە بونیادنانـەوەی دەدات بـۆ ئـەوەی لـە نووسـەر یـان ئەزموونەکـەی تێبـگات. خوێنـەر ئـازادە لـەوەی لـە چ خاڵێکـەوە دەسـت پێـدەکات بـۆ تێگەیشـتن لـە مەبەسـتی دانـەر، لـە لایەنـی دەروونـی یـان لـە لایەنـی زمانییـەوە، ئـەم کـردە دیالێکتیکییـەش بـە بازنـەی هێرمینۆتیکـی یـان بازنـەی تەئویلـی ناودەبرێـت، واتـە لـە (بـەش – جـزء)ەوە دەسـت پێـدەکات بـۆ (گشـت – کل)، یـان لـە گشـتەوە بـۆ بـەش دەسـت پێـدەکات (ابـو زیـد، ١٩٨١ ، ١٤٤-١٤٦/ الحیانـي، ٢٠١٩، ١٤١).

هەوڵەکانـی (ڤیلهێلـم دێلتـای) جەختیـان لـە جیاکردنـەوەی زانسـتە سروشـتی و زانسـتە مێژوویـی و مرۆڤایەتییـەکان کردۆتـەوە، میتـۆدی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان بریتییـە لـە تەئویـل و بەمـەش بەرپەچـی میتـۆدی پۆزەتیڤیزمەکانـی لـە زانسـتە مرڤایەتییەکانـدا داوەتـەوە، وەک (ئۆگسـت کۆنـت و جـۆن سـتیوارت میـل)، کـە پێیـان وایـە دەربازبوونـی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان بـە پراکتیزەکردنـی میتـۆدی زانسـتە سروشـتییەکان بـۆ تێگەیشـتنی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان دەبێـت، (دێلتـای) سـەرپێچی بۆچوونەکانـی ئەوانـی کـرد، ئەمـەش لەمیانـی جیاوازیکـردن لـە نێـوان ڕاڤەکـردن (التفسـیر) و لێکدانـەوە (التاویـل)دا، ئـەو پێـی وابـوو کـە کلیلـی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان لـە ناوەوەی خۆیـان دایـە نـەک لـە دەرەوەی

خۆیاندا، واتە زانستە کۆمەڵاتییەکان پێویستیان بە لێکدانەوەیە لەبەرئەوەی مامەڵە لەگەڵ بیرەکان دەکەن، کەچی زانستە سروشتییەکان مامەڵە لەگەڵ ڕاڤەکردن دەکەن لەبەرئەوەی دیاردەکان ڕاڤەدەکەن نەک لێکی بدەنەوە؛ لەبەرئەوە تەئویلییەتی دەروونی یان سایکۆلۆژی (دێلتای) لەسەر مەبەستێتی دانەر وەستاوە کە دەتوانین لە ڕێی بنچینە مەعریفی و بنچینە سایکۆلۆژییەکانەوە پێی بگەین؛ بنچینەی مەعریفی لای (دێلتای) پەیوەستە بە (ئەزموونی لەگەڵ ژیاو _ التجربة المعاشة) و ئەزموونی واقیعی ڕاستەقینەمان کە دەکرێت بەدەستی بێنین، کەچی ئەزموونی خودی کە بناغەی مەعریفەیە ئەوا یەک ئەزموونە لە نێو مرۆڤەکاندا؛ بۆیە دەتوانین جارێکی تریش لەو ئەزموونەدا بژین و دەشتووانین لە ئەزموونی ئەوانی تر تێبگەین لە ڕێی دەربڕینەوە جا ئەو دەربڕینە ڕەفتاری بێت یان نووسینی، و بەرزترین پلەکانی بەشداریکردن لە ئەزموونی خودیدا لە هونەرەکاندایە؛ لەبەرئەوەی هونەرەکان گوزارشت لە ئەزموونی لەگەڵ ژیاوی ژیان دەکەن، لە کاتێکدا بیر و کردەوە تەنیا گوزارشت لە ئەزموونی ژیان دەکەن، بۆیە خودێتی تەئویلی لای (دێلتای) لەسەر پێوەندی نێوان ئەزموونی خودی و دەق دامەزراوە، دەق هەوڵ دەدات ئەزموونمان بگۆڕێت و ڕەهەندی نوێتری پێ ببەخشێت لەمیانی تێگەیشتنە بەردەوامەکانمان بۆ دەق کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئەزموونێکی خودی نوێ کە لەگەڵ دەقدا جارێکی تر لە بازنەیەکی خولاوەی بەردەوامدا پێکدەگەن، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی بازنەی هێرمینۆتیکا (ابو زید، ١٩٨١، ١٤٦-١٤٩/ الحیاني، ٢٠١٩، ١٤١-١٤٢).

هێرمینۆتیکای نوێ کە لە قۆناغەکانی دواتری پەرەسەندنی هێرمینۆتیکادا سەریهەڵدا، بوو بەهۆی سەرهەڵدانی هێرمینۆتیکای ڕەخنەیی و تیۆری ڕەخنەیی هێرمینۆتیکی و بەمەش توێژینەوە ڕەخنەییەکان پشتیان بە بنەما و ڕێکار و میکانیزمەکانی هێرمینۆتیکای نوێ بەست، کە لەسەر دەستی پۆلێک لە فەیلەسوف و بیرمەندانی

وەک (هوسرەل و هایدیگەر و گادامێر و پۆل ریکۆر و ئومبێرتۆ ئێکۆ و ... هتد) هاتەکایەوە. هێرمینۆتیکای نوێ لەسەر دەستی (مارتن هایدیگەر)ەوە بنچینە سەرەتاییەکانی دامەزراوە، ئەمیش لەمیانی تێگەیشتن لە بوون یان دەرکەوتنی بوون تا خۆی دەربخات، ئەم دەرخستن و دەرکەوتنەی (بوون)یش لای (هایدیگەر) لەمیانی (زمان)ەوە دەبێت. ئەو پێیوایە کە کە زمان ماڵی (هەبوون - الكينونة)یە. واتە ئەو شوێنە یان ئەو گوزەر و بوارەیە کە حەقیقەتی جیهانی تێدا ئارام دەبێت و تێیدا دەردەکەوێت، زمان تەنیا ئامرازی گەیاندن نییە، یان بە تەنیا وەسیلەیەکی لاوەکی دەربڕین نییە لە بیری مرۆڤایەتیدا، بەڵکو کیانێکی ڕاستەقینەیە کە جیهان دێنێتە نێو بوونەوە و ئەو شوێنەیە کە واقیع لە ڕێی ئەوەوە خودی خۆی دەردەخات. بە بڕوای (هایدیگەر) ئەوە مرۆڤ نییە کە زمان بەکاردێنێت، بەڵکو ئەوە زمانە کە مرۆڤ بەهۆیەوە قسەدەکات، وشە، وەک ئەوەی (هایدیگەر) پێیوایە، سەر بە ئاگایی نییە، بەڵکو بۆ خودی بوون دەگەڕێتەوە، بەو مانایەی ئەوە خودی بوونە لەمیانی وشەوە قسە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات. مرۆڤ وشە دروست ناکات، بەڵکو ئەوە وشەیە کە مرۆڤ دروست دەکات، ئەوە مرۆڤ نییە کە وشەکان دەڵێت، بەڵکو ئەوە وشەکانن خودی خۆیان دەڵێن لەمیانی مرۆڤەوە. بەم شێوەیە لەمیانی بۆچوونەکانی (هایدیگەر)ەوە لەوە تێدەگەین کە ئەوە مرۆڤ نییە کە واتا بە جیهان دەبەخشێت، یان گوزارست لە تێگەیشتنی خودی خۆی بۆ شتەکان دەکات، بەڵکو ئەوە شتەکانن لەمیانی زماندا خۆیان دەردەخەن. ئەوە زمانە کە گوزارشت لەو خەملاندنە فیکری و زەینییە دەکات کە لە نێوان شتەکاندا هەیە، بۆیە باشترە بڵێین کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لە جیهان تێناگات، بەڵکو لە ناوییەوە و لەمیانییەوە تێیدەگات، لەبەرئەوەی وەک پێشتر بینیمان زمان شوێنی دەرکەوتنی جیهان و ئاشکرابوونی بوونە ئەمەش دوای ئەوەی کە داپۆشراوبوون و دەرنەکەوتبوون. لێرەوە (هایدیگەر)

هەمــوو شــێوەکانی لێکدانــەوەی دەرووونــی و خــودی کــە زمــان بــە خودییەتــی مــرۆڤ و ئەزموونە ناوەکییە تایبەتییەکەیــەوە پەیوەســت دەکــەن رەتدەکاتــەوە، ئــەو لــە زماندا تەنیــا دەرکەوتنــی ڕاســتییەکانی جیهــان وەک خــۆی دەبینێــت (شــرفي، ٢٠٠٧، ١٠٩-١١١). لای (هایدیگــەر) هونــەر (جوانی) ئــەو ڕێگەیەیــە کــە حەقیقەتــی تێدایــە و لــە ڕێــی هونــەرەوە کەشف دەکرێت. (هانــز جــۆرج گادامێــر) هەمــان ڕێچکــەی (هایدیگــەر)ی گرتــووە، کــە (هایدیگــەر) لەمیانــی چەمکــی دازایــن (Dasein)ەوە کاریگەرییەکــی زۆری بەســەر هێرمینۆتیــکای (گادامێــر) ەوە هەیــە. (گادامێــر) وەک (هایدیگــەر) ڕەخنــە دەگرێــت لــەو جــۆرە هێرمینۆتیکایــەی ئارەزوومەنــدی میتۆدبەنــدی دەکات، پێیوایــە کێشــەی بنەڕەتــی لــە شــێوازی میتۆدۆلۆژییەتــی تێگەیشــتندا نییــە بــە قــەد ئــەوەی مەســەلە بنەڕەتییەکــە بریتییــە لــە خــودی تێگەیشــتنی تێگەیشــتن و ئاشــکراکردنی ڕێــڕەوە مێژوویــی و ســیاقی و جوانییەکانــی (مونــا، ٢٠١٦، ٢٦٧). لــەم بارەیــەوە لــە کتێبــی (ڕاســتی و میتــۆد – الحقیقــة والمنهــج)دا لەبــارەی ڕاســتییەوە ئامــاژە بــەوە دەکات کــە پێویســتە هەمــوو زانســتەکان میتــۆد تێپەڕێنن و دەڵێت: ((دیــاردەی تەئویلییــەت لــە بنەڕەتــدا بــە هیــچ شــێوەیەک کێشــەی میتــۆد نییــە. هێرمینۆتیــکا گرنگــی بــە میتــۆد بــۆ تێگەیشــتن نــادات کــە بەهۆیــەوە دەقــەکان ملکەچــی توێژینــەوەی زانســتی بــن وەک هەمــوو بابەتــە ئەزموونییەکانــی تــر. هێرمینۆتیــکا هــەر لــە ســەرەتاوە گرنگــی بــە بونیادنانــی مەعریفەیەکــی جێگیــر نــادات، لەگــەڵ ئەوەشــدا کە گنگی بە مەعریفە و ڕاستی دەدات)) (غادامیر، الحقیقە والمنهج، ، ٢٨). بە بۆچوونی (گادامێــر) لــە مەیدانــی زانســتە مرۆڤایەتییەکانــدا دەبێــت واتــای وشــەی میتــۆد بگــۆڕین، لەبەرئــەوەی لێــرەدا هیــچ خودێــک بوونی نییــە کە بە کاری تێبینیکــردن لــە بەرامیــەر بابەتــی تێبینیکــراو هەســتێت، بــە گوێــرەی فەیلەســوفی فەرەنســی (ڕینیــێ دیــکارت) لــە توانــادا نییــە مەعریفــە بونیــاد بنێیــن و بــە ڕاســتی بگەیــن؛ تەنیــا لــە میانــی پشــت بەســتن بــە



هەولێر تامەی کتێب

میتۆدێکـەوە نەبێـت، ئـەم بۆچوونـەش لـە سـەردەمی نوێـدا بەسـەر تیـۆری مەعریفـەدا زاڵـە. کەچـی (گادامێـر) کـە گرنگـی بـە مشـتومڕی نێـوان زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان لـە لایـەک و زانسـتە سروشـتییەکان لـە لایەکـی تـر داوە، پێیوایـە کـە ئـەو جیاوازییـەی لـە نێـوان (جـۆن سـتیوارت میـل) و (دێلتـای)دا هەیـە بریتییـە لـە دژیەکـی لـە نێـوان میتـۆدە بابەتییەکانـدا، کـە بریتییـە لـە بابەتیبوونـی میتـۆد، واتـە گەیشـتن بـە مەعریفەیەکـی بابەتـی (غادامیـر، بدایـە الفلسـفە، ، ٣٧-٣٨). ئەمـە بـەو مانایـە دێت کە گەیشـتن بە راسـتی لـە زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـدا ملکەچـی هیـچ میتـۆد و تەکنیکێـک نابێـت، ئەمـەش ئـەو کێماسـییەیە کـە (دێلتـای) تێکەوتـووە لـە کاتێکدا هەوڵیـداوە میتۆدێکـی جیگـرەوە بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان بـە سـوودبینین لـە زانسـتە سروشـتییەکان دابنێـت؛ بەوجـۆرەی کـە لەگـەڵ سروشـتی ئەوانـدا بگونجێـت و دەکرێـت بابەتیبـوون بەرجەسـتە بـکات، وەک ئـەوەی لـە زانسـتە ماددییەکانـدا هەیـە. ئەمـەش بـە مانـای ئـەوە نایـەت کـە هێرمینۆتیـکا میتۆدێکـی جێگـرەوەی ئـەو میتۆدانـە بێـت، لەبەرئـەوەی پرۆسـەیەکە سـنووری میتـۆد بـۆ تێگەیشـتن تێدەپەڕێنێـت و هەوڵـی ملکەچکردنـی دەقـەکان بـۆ توێژینـەوەی زانسـتانە نـادات، بـە قـەت ئـەوەی ئامانجەکـەی بریتییـە لـە تێگەیشـتن و زانینـی ئـەوەی دەقـەکان چ راسـتییەک لەخـۆ دەگـرن، زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان پەیوەسـتن بـە ئەزموونـە مرۆڤایەتییەکانـەوە کـە زانسـت ناتوانێـت ئـەم ئەزموونانـە ملکەچـی تێڕوانینـی میتۆدبەندییەکـی بەرتەسـک بـکات (غادامیـر، الحقیقـە والمنهـج، ، ٢٧). هەوڵەکانی (گادامێـر) لـە بـواری هێرمینۆتیـکادا بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی هێرمینۆتیـکای فەلسـەفی، یـان هێرمنیۆتیـکای نـوێ. ئـەم هێرمینۆتیکایـە لای (گادامێـر) کردەیەکـی تەئویلییـە و لەسـەر سـێ چەمکـی لێکدانـەوە و تێگەیشـتن و دیالـۆگ وەسـتاوە. ئـەم چەمکانـە پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوانیانـدا هەیـە لـە کردەی هێرمینۆتیکیدا، نـەک پێوەندییەکـی میتـۆدی بـەرەوژوور بێـت و کـە تێیـدا هەنگاوێـک لەسـەر

هەنگاوی پێشەخۆیدا ڕیزبکرێت. ئەگەر هێرمینۆتیکا بەگشتی ئاڕاستەیەک بێت لە لێکدانەوە، ئەوا خودی لێکدانەوە بەرجەستەنابێت تەنیا لەمیانی تێگەیشتن و دیالۆگەوە نەبێت. لێکدانەوە هەمیشە بریتییە لە هەوڵی تێپەڕاندنی دۆخێک لە نامۆیی کە ئێمە بەرامبەر بابەتێک هەستیپێدەکەین کە ئەو بابەتە بۆ ئێمە درکپێنەکراوە، هەروەها هەست بە جۆرێک لە هۆگری و پێوەندیکردن لەگەڵی ناکەین. ئەمەش مانای وایە کە لێکدانەوە هەمیشە پێویستی بە تێگەیشتنە و تێگەیشتن بەشێکە لەو. لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتن نابێتە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە تەنیا لەمیانی دیالۆگەوە نەبێت، تێگەیشتن لەمیانی ڕەوتێکی میتۆدبەندییەوە کە تێیدا خود هەوڵبدات دەست بەسەر بابەتەکەدا بگرێت و ملکەچی یاسا میتۆدبەندییەکانی بکات بەرجەستە نابێت، بەڵکو لەمیانی دیالۆگەوە بەرجەستە دەبێت کە تێیدا خود بەسەر بابەتدا یان من بەسەر ئەودا دەکرێتەوە بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتن، واتە گەیشتن بە شتێکی هاوبەش کە هەست بە هۆگرێتی بکەین (غادامیر، ١٩٩٧، ١١). ئەمەش بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە خودییەتی وەستاو لەسەر بیرۆکەی میتۆد کە عەقڵ دەکات بە سەرچاوەی بنەڕتی مەعریفە و بەمەش دیالۆگدەبێت بە ڕێگەی گەیشتنە بە راستی وەک جیگرەوەی میتۆد و پڕۆسەیەکە هاوشێوەی (دیالۆگەکانی سوکرات). واتە؛ وەسیلەیەکە بۆ تێپەڕاندنی تێڕوانین میتۆدبەندی کە چوارچێوە بۆ عەقڵ دیاریدەکات تا لەمیانییەوە سەیری شتەکان بکات و خودیش دەکات بە سەرچاوە و پشتبەستن بەو دیالۆگەش کە ئیمکانیەتی پرسیارکردن بە بابەت دەبەخشێت لەسەر خود پێویست دەکات کە وەڵامیبداتەوە، ئەمەش ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە کردەی تەئویلکردن لە لایەک تێپەڕاندنی زاڵبوونی خودە و لە لایەکی ترەوە تێپەڕاندنی دووانەی خودی بابەتییە، بەمەش هێرمینۆتیکای دیالۆگی لە لای (گادامێر) لە (بوون)ەوە دادەمەزرێت (مصطفی، ؟ ، ١٩٦-١٩٧). ئەم هەوڵانەی (گادامێر) بە تەواوی دابڕان

نییە لە هەموو ڕەوتێکی میتۆدبەندی، چونکە میتۆدەکەی ئەو لەسەر بناغەی فینۆمینۆلۆژیا دامەزراوە و زیاتر فینۆمینۆلۆژییە. کە بریتییە لەو میتۆدەی وەسفی دیاردەکان دەکات وەک ئەوەی لە ئەزموون و تاقیکردنەوە ڕاستەوخۆکانماندا دەردەکەون. ئەوەی کە (گادامێر) دژایەتیدەکات، بریتییە لە زیادەڕۆیی میتۆدەبەندییەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان کە لەسەر یاسا و پێوەر و ئامار وەستاوە و پڕاکتیزەکردنی بەسەر زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

هونەر لای (گادامێر) یەکێکە لە بابەتە مێژووییەکان؛ لەبەرئەوەی دەکرێت لەمیانی هونەرەوە ئێمە خۆمان بناسین، هونەر مێژوو دروست دەکات کاتێک کار لەوانە دەکات کە هەواڵی پێ دەدەن، بۆیە شارەزایی هونەر لە پاڵ شارەزایی مێژوو و فەلسەفەدا چەندین نموونە و تەرزی شارەزایی لە ڕاستی بە ئێمە بەخشیووە کە میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی تێپەڕاندووە و سەر بە زانستە مرۆڤایەتییەکان یان ئەوەی ئەڵمانییەکان پێی دەڵێن زانستەکانی گیان (علوم الروح) ە. هونەر ڕووبەرێکی فراوان لە هێرمینۆتیکای (گادامێر) دەگرێتەوە. هونەریش یەکێکە لەو بوارانەی کە قابیلی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنە، بۆیە بوارێکە لەو بوارانەی کە هێرمینۆتیکا توێژینەوەی لەبارەوە دەکات و هونەر هەمیشە وەک بابەتێکی بە پیتی هێرمینۆتیکای (گادامێر)ی هەژمار دەکرێت، لەبەرئەوەی هێرمینۆتیکای (گادامێر) مۆرکێکی فینۆمینۆلۆژییانەی هەیە. بە بڕوای (گادامێر) هونەر نموونە یان تەرزی بە پیتیمان لەبارەی ڕاستییەوە پێشکەش دەکات کە لە شارەزاییماندا لەمیانی گوتاری ڕاستەوخۆدا ڕوودەدات و بەکۆتا هاتنی تێگەیشتنی مرۆڤمان پیشان دەدات بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ڕاستییەکی بێکۆتاییە. لێرەوە هونەر نزیکایەتی و هاوبەشییەک لە شارەزایی هونەر و شارەزایی هێرمینۆتیکادا دێتە کایەوە. لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵ دەدات؛ ئەگەر شارەزایی هونەر و شارەزایی هێرمینۆتیکا لە دۆزینەوە و خستنەڕووی ڕاستی پەیوەست بە جیهانی مرۆڤی لەگەڵژیاودا یەک

بگرنەوە، ئەی بۆچی هونەر بابەتی توێژینەوەی هێرمینۆتیکییە؟ واتە ڕاڤەکردن؟ ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە (گادامێر) دەیەوێت ڕوونیبکاتەوە. لە ڕاستیدا هونەر لای (گادامێر) بۆتە دیاردەیەک کە پێویستی بە ڕاڤەکردنە؛ لەبەرئەوەی تێگەیشتن لە ماهییەتی هونەر و ڕۆڵی لە ژیانمان یان لە جیهانی مرۆڤایەتیماندا ونبووە، هەروەک ئەو نامۆییەی بەرامبەر هونەری هاوچەرخ و هونەری ڕابردوو هەستی پێدەکەین. ئێمە ئێستا لەو ڕۆڵە مێژووییەی کە هونەر لە ڕابردوودا دەیگێڕا تێ ناگەین، هەوەرها هونەری هاوچەرخمان ڕۆڵی مێژوویی لە جیهانی ئێمەدا ناگێڕێت یان چی تر لە ڕۆڵی مێژووی هونەری هاوچەرخ لە جیهانی ئێمەدا تێناگەین. بۆیە تێگەیشتن لە ماهییەتی هونەر لەسەر بنەمای تێگەیشتنی ڕاستی (مێژوویی) وەڵاممان لەبارەی ئەم پرسیارانەوە پێ دەبەخشێت. ئەمەش تێگەیشتنێکە کە نامۆیی ئاگایی ئیستاتیکی شاردوویێتییەوە و ماهییەتی هونەر و شارازاییە ڕەسەنەکەی لەبارەی ڕاستییەوە لەیاد کردووە. لێرەوە ئەرکی هێرمینۆتیکا لە تێپەڕاندنی ئەم نامۆییە دەست پێدەکات. بە بڕوای (گادامێر) ئەرکی هێرمینۆتیکا لە هەوڵدانی بۆ تێپەڕاندنی نامۆیی لە سیستەمە مرۆڤایەتییەکاندا، ئەرکێکە دەکرێت لەمیانی دوو مۆدێلی نامۆیی باو لە ئاگایی هاوچەرخماندا بناسین کە هێرمینۆتیکا هەوڵی لەناوبردنی دەدات، ئەوانیش بریتین لە: نامۆیی ئاگایی جوانی و نامۆیی ئاگایی مێژوویی (غادامیر، ١٩٩٧، ١٥-١٧). ئەوەی یەکەمیان پێوەندی بە تایبەتمەندی فۆرمی جوانی بە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنییەوە هەیە، لەمیانی بڕیاردان لەسەر فۆرمی هونەری بە باش یان بە ڕەتکردنەوەی. دووەمیان کاتێک ڕوودەدات کە هەوڵی تێگەیشتن لە ڕووداوە مێژووییەکان لە ژێر ڕۆشنایی سیاقی مێژوویی و گیانی سەردەمەکەیەوە نەدەین، بەمەش خۆمان دادەبڕێنین لەوەی کە ئەم هونەرە لە سەردەمێک یان سیاقێکی مێژووییدا دەیەوێت پێمانی بڵێت، و هەنگاو بەرەو فۆرمی هونەری یان

تایبەتمەندی جوانی دەنێین بەناوی پاکی جوانییەوە. بۆیە هێرمینۆتیکا هەوڵی لەنابردنی نامۆیی مرۆڤی سەبارەت بە تێگەیشتن لە هونەر و تێپەڕاندنی ئەو ماوەیە دەدات کە ڕاڤەکەر و ئەوەی کە ڕاڤەکەر دەیەوێت ڕاڤەی بکات لە یەکتری دوور خستوونەتەوە.

*** هێرمینۆتیکا و دەقی ئەدەبی:**

هێرمینۆتیکا ڕەگ و ریشەکەی بۆ لاهوت و لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئینجیل، ئەمە بەردەوامی هەبوو تاوەکو سەدەی هەژدەهەم و سەدەمی ڕۆشنگەری لە ئەورووپا؛ کە دوای ئەو سەدەمە هێرمینۆتیکا لە بواری لاهوت و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقە ئایینییەکان و کتێبی ئینجیلەوە گوێزرایەوە نێو بوارەکانی تری دەرەوەی ئایین، ئیدی ئەم زانستە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق و گوتاری تر بەکارهێنرا، کە یەکێک لەو بوار و گوتارانەش ئەدەب بوو، بەومانایەی دەقی ئەدەبیش بوو بە یەکێک لەو بوار گوتارانەی هێرمینۆتیکا ڕووی تێ کرد و توانی سوود و بایەخێکی بەرچاو و گرنگ بە بواری ئەدەبی ببەخشێت.

(شلایرماخەر)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی یەکەم کەس بوو کە زانستی لێکدانەوەی لە بواری ئیلاهیاتەوە گواستەوە بۆ توێژینەوە لە دەقەکانی ئەدەبی و مێژوویی و یاسایی و دەقەکانی تر. هەروەها یەکەم کەس بوو کە بایەخپێدانی تیۆری هێرمێنۆتیکی لە تەنها دامەزراندنی ڕێساکانی لێکدانەوەی دەقەوە گۆڕی بۆ توێژینەوە لە پرسی خودی تێگەیشتن (الفیا، ٢٠١٧، ١٦٤). (شلایرماخەر) لەمیانی توێژینەوەی ئەم دەقانەوە هەوڵی توێژینەوەی لە (کردەی تێگەیشتن) داوە و هێرمینۆتیکای بە تێگەیشتنەوە پەیوەست کردووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تێگەیشتن لە دەق بە دووبارە بونیادنانەوەی ئەزموونی دەق دەبێت، ئەمەش لە ڕێی توێژینەوەی لایەنی بابەتی دەق کە بریتییە لە زمان هەروەها لە ڕێی توێژینەوەی لایەنی خودی یان بیری دانەر لەمیانی توێژینەوەی بەکارهێنانە تایبەتییەکەی لە زماندا. هەموو ئەمانەش لە ڕێی گوێزانەوە لە

بەشەوە بۆ گشت و بە پێچەوانەوە، کە بە (بازنەی هێرمینۆتیکی) ناسراوە، واتە دەبێت خوێنەر بە بەردەوامی لە نێوان بەشەکانی دەق و گشتێتییەکەیدا هاتوچۆ بکات)) (الفیا، ٢٠١٧، ١٦٤).

(دیلتای) فەیلەسوفی ئەڵمانی پێیوایە کە تێگەیشتن لەمیانی ئەزموونێکی لەگەڵژیاوی زیندووی ژیاندا دەبێت، کە بریتییە لەو شتە هاوبەشەی لەنێوان لێکدەرەوە و دانەر دایە. مەبەستیش لە ئەزموونی لەگەڵژیاو ئەوەیە کە دەقی ئەدەبی جۆرێک لە هەست و بیر و هەڵوێست لە ئێمەدا دەورووژێنێت کە ئێمە لە ئەزموونی خودی خۆماندا بۆ ژیان پێشتر لەگەڵی ژیاوین، بەمەش (من) لەنێو (ئەو)دا دەدۆزینەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی کردنەوەی توانا عەقڵییەکانمان یان درکپێکردنەکانمان و ڕێنمونیمان دەکات بۆ چاوخشاندنەوە بە تێگەیشتنمان بۆ ژیان و وامان لێدەکات کە تێگەیشتنمان بۆ خودی خۆمان و بۆ ئێستا و ڕابردوو ڕاست بکەینەوە. بەو مانایەی مرۆڤ بوونەوەرێکی مێژوییە و لەمیانی ئەزموونە بابەتییەکانی ژیانەوە لە خودی خۆی تێدەگات نەک لەمیانی تێڕامانی عەقڵییەوە (ابو زید، ٢٠٠١، ٢٦-٢٧). هێرمینۆتیکا لە ڕێی هەریەکە لە (شلایەرماخەر) و (دیلتای)یەوە، لە دۆخی لێکدانەوەی دەق و گەڕان بەدوای واتا و لابردنی تەمومژییەکانی سەر وشە و زاراوەکانی نێو دەق، گوێزرایەوە بۆ دۆخی توێژینەوە و گرنگیدان بە (کردەی تێگەیشتن)، بەمەش توانییان زەمینەیەکی گونجاو بۆ فەیلەسوفانی دوای خۆیان بێننەکایەوە تا بتوانن لەم مونتەڵەقەوە کار لەسەر کردەی تێگەیشتن لە لێکدانەوەی دەق و چەمکەکاندا بکەن. ئەمەش دەرگای بۆ سەرهەڵدانی هێرمینۆتیکای نوێ و هێرمیتۆتیکای فەلسەفەی (گادامێر)ی والاکرد؛ کە بە تێڕوانینێکی نوێوە هەنگاو بەرەو کردەی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە دەق بهاوێژن.


هەوڵەکانی (شلایرماخەر و دیلتای) هێرمینۆتیکیان لە چوارچێوە ئایینییەکەی دەرهێنا و پەلکێشی نێو فەلسەفەیان کرد، هێرمینۆتیکا بەهۆی سروشتە تایبەتییەکەیەوە کە زیاتر

بەشــوێن واتــا و دەلالەتەوەیــە، هــەر لـە قاوغـە فەلسـەفییەکەیدا نەمایـەوە و پەلـی بـۆ بوارەکانـی تـر هاویشـت، کـە یەکێـک لـەم بوارانــەش ئــەدەب بــوو، بۆیــە ((ئــەوەی کــە هێرمینۆتیــک لــە جوغــزە ئایینییەکــە و دەقــی پیــرۆزدا هاتــە دەرەوە، کارلێکـی لەگـەڵ هەمـوو دەقێکـی ئەدەبیـدا کـرد، شـێوەیەک لـە تیـۆری میتـۆدی لـە خۆیـدا بەرجەسـتە کـرد، کـە هەمـوو جۆرەکانـی تەئویلـی بـەکاری خـۆی دانـا، بـۆ ئـەوەی بیانکاتە میکانیزمـی کارکـردن لەنـاو دەقەکانـدا)) (خۆشــناو، ٢٠١٦، ٣٠). بەمــەش هێرمینۆتیـکا هـەر لەگـەڵ پیوەندیکردنی بــە ئەدەبــەوە، لــە ڕووخســاردا خــۆی وەک میتۆدێکـی ڕەخنەیـی نیشـان دا و بەرگێکـی میتۆدبەندییانـەی ڕەنگڕێژکراو بــە تەکنیــک و میکانیــزم و بنەمــا و ڕێسـاکانی میتـۆدە ڕەخنەییەکانـی پـاش بونیادگـەری بەبـەر خۆیـدا کـرد، بەمەش هێرمینۆتیــکا ((ڕێســا و ڕێبــازی تایبــەت بەخــۆی هەیــە و هەریــەک لــە فینۆمینۆلۆجیــا و ســیمیۆلۆجیا و کەرەســتەکانی ڕێزمــان بەگشــتی و ئیســتێتیک و تیــۆری وەرگرتــن دەکاتــە کەرەســتەیەک بـۆ سـەرکەوتنی خوێندنەوەکـەی خـۆی. بـە واتایەکـی تـر هەمـوو ئەمانـەی سـەرەوە لـە خزمەتـی هێرمینۆتیـک دەبـن)) (خۆشـناو، ٢٠١٦، ٣٠). لـە هەمـان کاتیشـدا ڕەخنـەی نوێی ئەدەبــی و بەتایبەتیــش ڕەخنــەی پـاش بونیادگـەری و پۆسـت مۆدێرنیـزم و ڕەخنــەی پــاش پــاش مۆدێرنیــزم کــردەی تەئویــل یــان لێکدانــەوە وەک وەســیلەیەک بەکاردێنــن. ئەمــە دوای ئــەوەی هێرمینۆتیــکای نــوێ وەک زانســت و ســتراتیژیەتێکی لێکدانــەوە خرایــە خزمــەت بوارەکانــی دیکــەوە، بەتایبەتیـش ئـەدەب، ئیـدی میکانیـزم و چەمـک و زاراوە و ڕێـکاری تـر هاتنـە ناوەوە و بەپێی جۆر و سروشـتی دەق و چۆنێتـی مامەڵەکردنـی لێکـدەرەوە یـان ڕاڤەکــەر میکانیزمــی مامەڵەکردنەکــە لەگـەڵ دەق دەگـۆڕا. بەمــەش دەرگای تیـۆری نوێـی ڕەخنـەی ئەدەبـی بەسـەر هێرمینۆتیـکادا واڵا کـرا و پێوەندییەکـی بەهێــز لــە نێوانیانــدا درووســت بــوو، چونکـە یەکێـک لـە ئەرکـە گرنگەکانـی ڕەخنــەی ئەدەبــی نــوێ و هاوچــەرخ و میتــۆدە ڕەخنەییــە هاوچەرخــەکان، یــان ڕەخنــەی پــاش بونیادگــەری و پۆسـت مۆدێرنیزمـی بریتییـە لـە گـەڕان

بەدوای واتای دەق و لێکدانەوەی واتا شاراوە و نەگوتراوەکانی ئەودیو دەق و هەڵماڵینی تەمومژییەکانی سەر زمانی دەقە ئەدەبییەکانەوە بوون و ئەم ئەرکەش یەکێک بوو لە ئەرکە لەمێژ و لە پێشینەکانی هێرمینۆتیکا، بەتایبەت دوای ئەوەی زمان و واتا بوونە بابەتی سەرەکی فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی، لێرەوە گرنگیدان بە مەسەلەی تیۆری هێرمینۆتیکا و پێوەندی بە دەقی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە سەریهەڵدایەوە ((گرنگیدان بە تیۆری هێرمینۆتیکا لە پەنجاو شەستەکانەوە دەستی پێکردەوە بەهۆی گرنگیدانی فەلسەفە بە کێشەکانی واتا و زمان و ئاوڕدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە چەمکی دەقی ئەدەبی بەوەی کە کەرەستەیەکی زمانییە و ئەرکی سەرەکی ڕەخنە بریتییە لە لێکدانەوەی واتای دەستەواژە و پێوەندییەکانی)) (الرويلي و البازعي، ٢٠٠٢، ٨٩). کردەی (لێکدانەوە) کە کردەیەکی هێرمینۆتیکییە هۆکار و وەسیلەیەکی هاوبەشە لەنێوان میتۆدە ڕەخنەییەکانی پاش بونیادگەری یان پۆست مۆدێرنیزم، چونکە هەریەکە لەم میتۆدە ڕەخنەییانە لەمیانی چەمک و زاراوە و میکانیزم و هەنگاوە پراکتیکییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە لێکدانەوە بۆ واتا دەکەن، هەڵبەت ئەو واتایەش دەبێت واتای شاراوە و نەگوتراو یان واتای گریمانەکراو و شیمانەیی بێت، نەک واتای ڕووکەش، چونکە هێرمینۆتیکا سەروکاری لەگەڵ ئەو واتایەدا نییە کە ڕووکەشە و خۆی دەرخستووە.

مەسەلەی گرنگیدان بە واتا و لێکدانەوەی واتای دەق و گەڕان بەدوای نهێنی و شاراوەکانی نێو دەق لە هێرمینۆتیکاوە سەر دەکێشێت بۆ مەسەلەی پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و ئەرکی خوێنەر لەم نێوەندەدا، هەربۆیە هێرمینۆتیکای کۆن گرنگی بە نووسەری دەق دەدا وەکو سەرچاوەیەک بۆ واتا، کەچی هێرمینۆتیکای نوێ دەستبەرداری ئەمە بووە و هەنگاوی نا بەرەو دەق و ئەو واتا و مەبەستەی لای خوێنەر لەمیانی خوێندنەوەی دەقدا بەرجەستە دەبێت. هێرمینۆتیکا تەرکیزی خستە سەر دانەر وەکو سەرچاوەیەک بۆ

واتــا، ئەمــە ئەوەیــە کــە ڕەخنەگــرە تەقلیدییــەکان (بــە ڕابەرانــی ڕەخنــەی نوێشــەوە) و فەیلەســوفانی زمــان ئەوانــەی پاڵپشــتی پــاش بونیادگــەری نەبــوون پشــتگیری ئەمەیــان کــرد. کەچــی گریمانــەی تەحەککــوم کــردن بــە واتــا لەلایــەن دانــەرەوە تووشــی هەڵوەســتەیەکی تونــد بــووەوە، بەتایبەتیــش لای هەریەکــە لــە (هیــرش و گادامێــر) کــە بناغــەی واتایــان لەســەر دەق یــان خوێنــەر یــان هەردووکیــان پێکــەوە دامەزرانــد، و ڕۆڵــی دانەریــان فەرامۆشــکرد. ئــەم ئاڕاســتەیە لای زۆربــەی پێڕەوکارانــی تیــۆرە نوێیــەکان دەبینیــن کــە بانگەشــەی فەرامۆشــکردن و نەهێشــتنی دانەریــان دەکــرد، وەک تیــۆری پێشــوازی و هەڵوەشــاندنەوەگەرایی و ئەوانــی تــر. ئــەم ئاراســتانە ئــەوە ڕەتدەکەنــەوە کــە دەق یــان واتاکــەی پەیوەســت بکرێــت بــە دانــەر یــان مەبەســتەکەی، هەروەهــا چەمکــی واتــای دیاریکــراو و لێکدانــەوەی دروســت ڕەت دەکەنــەوە، بانگەشــەی نادیاریکــراوی واتــا یــان هەرهیــچ نەبــێ ڕێژەیــی واتــا و پشــت بەســتنی خوێنــەر بــە میتۆدییــەت یــان ســتراتیژیەتی لێکدانــەوە و ڕاڤــە دەکــەن. لــە هێرمینۆتیــکای نوێــدا گرنگییەکــی تایبەتــی بــە ڕۆڵــی خوێنــەر لــە لێکدانــەوەی واتــا دەدرێــت، هەمــوو هەوڵێــک بــۆ دوورخســتنەوەی مەبەســتی دەقنــووس دەدرێــت. (ئومبێرتــۆ ئێکــۆ) لــە کتێــب و ئاخاوتنەکانیــدا پێداگیــری لەبــارەی ڕۆڵــی خوێنــەر لــە لێکدانــەوەی دەقــدا کردۆتــەوە، جەختــی لــە ڕۆڵــی خوێنــەر لــە جیاکردنــەوەی نێــوان مەبەســتی دەقنــووس و مەبەســتی دەقــدا کردۆتــەوە، ئــەو پێیوایــە ئەرکــی خوێنــەر بریتییــە لــە دۆزینــەوە و دەرخســتنی مەبەســتی خوێنــەر نــەک مەبەســتی دەقنــووس (الفیــا، ٢٠١٧، ١٧٨). (ئیکــۆ) لەمبارەیــەوە دەڵێــت: ((ئێمــە وابەســتەی ئەوەیــن ڕێــز لــە مەبەســتی دەق بگریــن نــەک دانــەر)) (ایکو، ؟ ، ٨٣). ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی کــە مەبەســت و واتــای نووســەر و دانــەری دەق لــە هێرمینۆتیــکای نوێــدا جێــگای نابێتــەوە، ئەمــەش هەمــان ئــەو مردنــی نووســەرەیە کــە پێشــتر (بــارت) ڕایگەیاندبــوو.




لەمەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە هێرمینۆتیکاش وەکو میتۆد و ستراتیژیەتێکی پاش بونیادگەری، دووبارە دەسەڵاتی بۆ خوێنەر گەڕاندەوە و لە مەسەلەی دۆزینەوە و دەرهێنانی واتادا گرنگی بە خوێنەر و خوێندنەوەکەی بۆدەق و ئەو واتا جیاوازانەی کە لە هزری خوێنەردا دروست دەبن لە ئەنجامی لێکدانەوە جیاوازەکانی دەقی ئەدەبییەوە دەدات. خوێنەر ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ مەبەستی دەقنووس، بەڵکو هەوڵدەدات لە مەبەستی دەق نزیکبێتەوە و لەمیانی دەقەوە لێکدانەوەکانی بۆ بکات و لێی تێبگات و واتا شاراوەکانی لێوە هەڵێنجێت.

یەکێکی تر لەو مەسەلانەی هێرمینۆتیکا جەختی لەسەر دەکاتەوە، یەک واتایی و واتای سنوردار و واتای پێشوەخت و دروستی واتا هەموو ئەمانە لە هێرمینۆتیکادا بایەخێکی ئەوتۆیان نییە و ڕابەرانی هێرمینۆتیکا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە واتای دەق بێ سنوورە و کۆتایی نایەت، لەگەڵ هەر خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکدا واتایەکی نوێ سەرهەڵدەدات.دەق خۆی سروشتێکی وای هەیە جێگیر و چەسپاو نییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە دەبینین واتای دەق بەردەوام دەگۆڕێت و هێرمینۆتیکاش هەوڵی دۆزینەوەی ئەم واتایانە و لادانی تەمومژی و لێڵی سەر دەقەکانە ((ئەو ڕەخنەیەی لەسەر لێکدانەوەی دەق دامەزراوە خاوەن سروشتێکی دوانەییە چونکە لەکاتێکدا هەوڵی دۆزینەوەی واتای نوێ لە دەقدا دەدات لە هەمان کاتیشدا هەڵدەستێت بە شاردنەوەی واتایەکی تر یان بەلایەنی کەمەوە چاوپۆشی لێدەکات. پاشان ئەو واتا نوێیەی کە ڕەخنەی لێکدانەوەیی دۆزیێتییەوە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت بۆ واتایەکی حەرفی و پێویستی بە لێکدانەوەیەکی تر

هەواڵنامەی کتێب

دەبێت، و بەمشێوەیە... واتە دەقەکان قەوارەیەکن گەشە دەکەن و دەژین بە دۆزینەوەی خوازە شاراوەییەکەیان)) (خلیل، ٢٠٠٣، ١٣٠). دەقی ئەدەبی مۆرکێکی خوازەیی هەیە و زۆرجار وا بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات، هەڵبەت ئەو سروشتی خوازەیی و لادانی واتایی و بە رەمزکردن و تەقاندنەوەی زمان و یاریکردن بە وشە و دالەکان لەپێناو بونیادنانی مەدلولی جیاوازدا، جۆرێک لە تەمومژی بە زمانی دەقەکە دەبەخشێت و ئالۆزی لە تێگەیشتن یان تێنەگەیشتن لای خوێنەر دروست دەکات و ئەمەش وا لە خوێنەر یان لێکدەرەوەی دەق دەکات بۆ گەیشتن بە کردەی تێگەیشتن و دروست لێکدانەوەی دەقەکە پەنا بۆ خودی دەق و بوارە ئیستاتیکییە جیاوازەکانی ببات، بۆیە ((ئەوە لە لێکدەرەوە داوادەکرێت کە تەنیا پشت بە مۆرکی ئیستاتیکییانەی دەق ببەستێت و پشت بە هیچ مرکێکی لاهوتی یان یاسایی یان کۆمەڵایەتی نەبەستێت. بۆیە پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت کە هەموو دەقێک سێ مەبەستی هەیە: یەکەمیان مەبەستی دەقنووس، دووەمیان مەبەستی دەقە و سێیەمیان مەبەستەکانی لێکدەرەوە واتە خوێنەرە)) (خلیل، ٢٠٠٣، ١٢٨). مەبەستی یەکەمیان (دەقنووس)، لەنێو میتۆدە رەخنەییە کۆنەکان و هێرمینۆتیکای کۆندا برەوێکی زۆری هەبووە و زۆرجار خوێنەر بۆ ئەو مەبەست و واتایە دەگەڕایەوە کە بەهۆی کاریگەرییەکانی دەقنووس بەسەر دەقەکانییەوە ئامادەیی هەبوو، بەوماناپەی مەبەست و واتای دەقەکە لەژێر رۆشنایی ژیان و سەردەم و ژینگە و ... هتد دەقنووسەوە لێک دەدرایەوە، کە زۆرجار هەمان ئەو واتایە بوو کە دەقنووس مەبەستی بوو. مەبەستی دووەمیان (دەق)، زیاتر لەنێو رەخنە نوێ و فۆرمخوازییەکاندا گرنگی پێ دەدرا، ئەم واتایە راستەوخۆ لەڕێی دەقەوە دەردەهێنرا و پەیوەست بوو بە شێوەی بونیادنان و پێکهێنانی لەڕێی کەرەستە و رەگەز و تەکنیکەکانی نێو دەق، ئەم واتایەش بەسەر خودی خۆیدا داخراوە و لە

چوارچێوەی دەقەکە تێ ناپەڕێت. مەبەستی سێیەمیان کە (خوێنەر)ە، لەنێو ڕەخنەی پاش بونیادگەریدا برەوێکی زۆری هەیە و تێکڕای میتۆدە ڕەخنەییەکان کار لەسەر مەبەستی خوێنەر دەکەن. ئەوەی لێرەدا مەبەستە بریتییە لەو مەبەست و واتایە جیاوازانەی کە لای خوێنەر لەمیانی خوێندنەوە جیاوازەکانی بۆ دەق لە سەردەم و شوێن و تەمەن ئایدیۆلۆژیا و ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازەوە بۆ دەقی دەکات.

لێرەدا خوێنەر بە یەکەم خوێندنەوە لە توانایدا نییە دەرگا لەسەر دەقەکە بکاتەوە و تەمومژییەکانی دەق لابدات و تێبگات، بۆیە (وۆڵفگانگ ئایزەر) پێیوایە پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و لێکدانەوەی لای خوێنەر پشت بە چەند هەنگاوێک دەبەستێت:

١- خوێنەر دێڕ بە دێڕ شیعرەکە دەخوێنێتەوە، لە خوێندنەوەکەیدا ئەو تێڕوانینەی خۆی بەکاردێنێت، کە لە پێشبینیکردنی واتاکان یارمەتی دەدات، بۆیە خوێنەر درک بە فۆرمی تەواوکراوی شیعرەکە دەکات، بەڵام ئەم درککردنەی لە کەم و کوڕی بێ بەش نییە. جگە لەوەش ئەو واتا هەمەکییەی خزمەت بە گریمانە لێکدانەوەییەکانی ئەو دەکات لە سنووری خوێندنەوەی یەکەمدا کامڵ نابێت.

٢- خوێنەر دووبارە بۆ دەقەکە دەگەڕێتەوە و دەی خوێنێتەوە، لەڕێی ئەم خوێندنەوە تازەوە ئەو پرسیارانە دەکاتەوە، کە لە خوێندنەوەی یەکەمدا وەڵامەکانی دەست نەکەوتن. لەوانەیە لە کۆتایی شیعرەکەوە دەست پێ بکات و بە بە ئاراستەی پێچەوانەوە بەرەو سەرەتا بچێت. یان لە گشتەوە بۆ بەش بچێت. لەم کاتەشدا خوێنەر هەوڵی تێکەڵکردنی واتا بەشەکییەکان و واتا هەمەکییەکە دەدات. لەڕێی ئەم واتا هەمەکییەوەش لە خوێندنەوەی سێیەمدا ئاسۆی پێشبینی دیاردەکات.

٣- خوێندنەوەی سێیەم: لەم خوێندنەوەیەدا ئەو واتا بابەتییە بەکاردەهێنرێت، کە لە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمدا وەرگیراوە، ئەم واتایەش لەوە تێپەڕ ناکات کە گریمانەیەکی سەرەتایی لێکدانەوەیە، پاشان تێگەیشتنە بابەتییەکە پاش

تێگەیشتنە ئیستاتیکییەکە دێت. ئەمەش ئەو شتەیە کە تایبەتە بە لێکدانەوە لە ئەدەب و هونەردا و لە لقەکانی تری مەعریفەدا نییە)) (خلیل ٢٠٠٣، ١٢٩). بۆیە لە هێرمینۆتیکای نوێدا و لە پرۆسەی لێکدانەوەی واتای دەقدا، دەسەڵات لە نووسەر و دەقنووسەوە بۆ دەق و خوێنەر و وەرگری دەق گوێزرایەوە.

**سەرچاوەکان:**

*** بە زمانی کوردی:**

* د. هێمن عومەر خۆشناو، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.

*** بە زمانی عەرەبی:**

* القرآن الكريم.

* ابراهيم محمود خليل، النقد الادبي الحديث )من المحاكاة الى التفكيك(، ط٤، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ٢٠١١.

* ابن منظور، لسان العرب، تحقيق: ياسر سليمان ابو شادي و مجدي فتحي السيد، الجزء الاول، المكتبة التوفيقية، د.س.ط. .

* امبرتو إيكو، التأويل والتأويل المفرط، ترجمة: ناصر الحلواني، ط١، مركز الانماء الحضاري، ٢٠٠٩.

* الشريف الجرجاني، التعريفات، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٨٥.

* د. الشيخ محمد حسين مختاري، تحليل مباني الهرمنيوطيقا عند شلايرماخر،

* د. صلاح عبدالفتاح الخالدي، التفسير و التاويل في القرآن، دار

النفائس، الاردن، ١٩٩٦.

* د. عادل مصطفى، فهم الفهم (مدخل الى الهرمينوطيقا)، ط١، رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٧.

* عبدالكريم شرفي، من فلسفات التأويل الى نظريات القراءة (دراسة تحليلية نقدية في النظريات الغربية الحديثة)، ط١ ،الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠٠٧.

* عبدالمنعم عجب الفيا، من التفكيك إلى التأويل، ط١ ،دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١٧.

* خديجة السيدة عومر الجلالي، تأويل النص القراني عن ابن عربي من خلال تفسيره، رسالة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية والعلوم الاسلامية، جامعة وهران، ٢٠١٨.

* محسن مونا، غادامير نحو هرمينوطيقا انطولوجية و جدلية، مجلة الحياة الطبيعية، عدد: ٣٥، ٢٠١٦.

* محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، دراسة و معجم إنجليزي – عربي، ط٣، الشركة المصرية العالمية للنشر – لونجمان، القاهرة، ٢٠٠٣.

* محمود خليف خضير الحياني، المناهج النقدية والنص الادبي، ط١ ،عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، إربد، ٢٠١٩.

* ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، ط٣ ،المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء – بيروت، ٢٠٠٢.

* نصر ابو زيد، الهرمنيوطيقا و معضلة تفسير النص، مجلة فصول، مجلد ٢، ع: ٣،

* نصر حامد ابو زيد، اشكاليات القراوة واليات التاويل، ط٦، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠١.

* هانز جورج غادامير، الحقيقة والمنهج (الخطوط الاساسية لتأويلية الفلسفة)، ترجمة: د. حسن ناظم و علي حاكم صالح، ط١، دار أويا للطباعة والنشر والتوزيع، طرابلس، ٢٠٠٧.

* هانز جورج غادامير، بداية الفلسفة، ترجمة: د. حسن ناظم و علي حاكم صالح، ط١، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، ٢٠٠٢.

* هانز جورج غادامير، تجلي الجميل و مقالات اخرى، ترجمة: د. سعيد توفيق، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٧.

# ڕۆڵی دامەزراوەکان
# لە پەروەردەی شیعری منداڵاندا



د.هێرۆ عەبدولڕەحمان چەلەبی

جیهانی شیعری منداڵان، جیهانێکی تایبەت بەخۆیانە و کۆمەڵێ دامەزراوەش ڕۆڵێکی کارایان لە بنیاتنانی ئەو جیهانەدا هەیە« ئێمە تەنیا جەخت لەسەر دوانیان دەکەینەوە .لەم وتارەدا ئاماژە بە پێناسەی شیعری منداڵان دەکەین و جیاوازی شیعری منداڵان و گەوران دەکەینەوەو ئەو خەسڵەتانەی پێویستە لە شیعری مناڵاندا هەبێت دیاریی دەکەین و نموونەی بۆ دێنینەوە.

– **دامەزراوە پەروەردەییەکان**

چەند دامەزراوەیەکی پەروەردە هەیە، کە بەهاکان بۆ تاکەکان دابین دەکەن:

**ا- خێزان**

یەکەمین پێگەی کۆمەڵایەتییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، سەرچاوەیەکە، کە منداڵ تێیدا بەها ئاینییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنبیرییەکان و داب و نەریت ...هتد. تێیدا بە دەست دێنێت. گوتوویانە: ((خێزان یەکێکە لە گرنگترین گرووپە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان، کە کاری چاندنی بەها ڕۆشنبیرییە گشتییەکانە لە ناخی ئەندامەکانی لەناو کۆمەڵگادا، لە هەمانکاتدا چاندنی ئەو بەهایانەیە، کە خودی خێزان باوەڕی پێیەتی، بەهایەکانی خێزان تێکڕای شێوازەکانی ژیان و بیرکردنەوە لە خۆ دەگرێت)) (١) خێزان یەکەم ژینگەیە، کە تاک کارلێکی لەگەڵدا دەکات بە ((تاکە سەرچاوەی ناوەندگیری دادەنرێت لە نێوان منال و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا)) (٢)

خێزان زۆربەی ئەو بەهایانەی لاپەسندە، کە کۆمەڵگە لای پەسندەو لێی وەرگرتووە، بۆیە گرنگیدان بە خێزان، گرنگیدانە بە کۆمەڵگایەکی ژیاری ئارام و پێشکەوتوو، کە کاریگەری لەسەر نەوەکانی ئایندەش دەبێت و بە پێچەوانەوەش.

**ب- کۆمەڵەی هاوڕێیەکان**

کۆمەڵەی هاوڕێیان لە چەند کەسێک پێکدێت، کە هاوتەمەنن، یان تەمەنیان لەیەکەوە نزیکە، لە بیروباوەڕو بیرکردنەوەیان یەکسانن، یان هاوشێوەن ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردەکردنی منداڵ دەبینن، چونکە یەکێکە لە هۆکارەکانی بە یەک گەیشتنی نێوان خێزان و کۆمەڵگە، بۆیە هاوڕێ دەبێتە سەکۆیەک بۆ پەڕینەوەی منداڵ لە جیهانێکی داخراوی خێزان بۆ جیهانێکی جیاوازتر. دەبێتە هۆی پێدانی زانیاری و بەها کۆمەڵایەتییەکان...هتد. هاوڕێ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر منداڵ هەیە، جا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی کۆمەڵەی هاوڕێیان بەم شێوەیە:

((دەرفەت بە منداڵ دەدات، کە مامەڵە لەگەڵ کەسانی هاوتەمەن و هاوشێوەی خۆی بکات، ئەمەش وادەکات ئەزموونی نوێ فێر ببێت،

کە دامەزراوەکانی تری، وەکو خێزان و قوتابخانە ناتوانن پێی ببەخشن، یارمەتی منداڵ دەدات بگاتە ئاستی سەربەخۆیی کەسی لە دایک و باوکی و تەواوی دەسەڵاتەکانی تر، بە تەواوکردنی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون دادەنرێت لەکەشی پڕ لە ئازادیدا)) (٣)

**ت– قوتابخانە**

قوتابخانە بە گرنگترین دامەزراوی پەروەردەیی دادەنرێت، ئەرکەکەی ئاشناکردنی فێرخوازە بە بەهایەکان، بە درێژە پێدەری ئەرکی خێزان دادەنرێت و دەبێت ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێرخوازان دەستەبەربکات. ((قوتابخانە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بونیادنانی کەسایەتی فێرخواز ئەویش لە رێگەی شێوازەکانی پەروەردەکردنەوە، کە یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنی مەعریفی و هەڵچوونی جوانی و کۆمەڵایەتی و بیرو باوەڕی، هەروەها پێدانی زانیاری تیۆری و کرداری لە رێگەی چالاکییە جیاوازەکانەوە)) (٤) قوتابخانە لە رێگەی ئەو پرۆگرامە خوێندنەی، کە بۆی دانراوە بەهایەکان لای فێرخواز دروست دەکات، هەروەها قوتابخانە بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی نەوەی داهاتوو، نەک تەنها ئەرکی گەیاندنی زانست و زانیاری بێت لە رێگەی مامۆستا، پێویستە ئەرکی پەروەردەکردنی فێرخواز بگرێتە ئەستۆ.

**ث– راگەیاندن**

راگەیاندن لە سەردەمی ئێستادا، رۆڵێکی سەرەکی لە پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ دەگێڕێت، سەرچاوەیەکی گرنگی هۆشیارکردنەوەو گەشەپێدانی کۆمەڵگایە ((گرنگی دەزگایەکانی راگەیاندن لەوەدایە، کە توانایان هەیە ئەزموونی جۆراو جۆرو چێژ بەخشی نوێ بە بچووک و گەورە ببەخشن، لێرەدا دەتوانن لەگەڵ تەواوی دامەزراوە پەروەردەییەکانی تر بەشداری پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چاندنی بەهایەکان بکات)) (٥)

لە هەمانکاتدا دەزگایەکانی راگەیاندن تەنها کاریگەری ئەرێنییان لە سەر تاک نییە، بەڵکو کاریگەری نەرێنیشیان هەیە، بۆ نموونە

تەلەفزیۆن هەندێک بیروباوەڕو کەلتوورو داب و نەریتی نەتەوەکانی تر، لە ڕێگەی پەخشکردنی دراماى بیانی بۆ ئێمە دەگوازێتەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە ناگونجێت.

**ج_ دامەزراوە ئاینییەکان**

دەزگاو پەرستگا ئاینییەکان، وەک مزگەوت و کلێسە، کە تاک پەروەردە دەکات بە پەروەردەیەکی ڕوحی و ئیمانی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و بەکاری خوا پەرستی ڕاستەخۆ لە مزگەوتەوە بەرەو پەروەردەیەکی تەواو و هاوسەنگی هەموو بوارەکان، ئەم پەروەردەیە سەرکەوتووبووە، لە پەروەردەی دەروونی و لێبوردەیی و دادپەروەری و دووركەوتنەوە لە هەموو سزاو کارێکی لابەلا، گەشەدانە بە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگاو پیشاندانی ئاکاری بەرزو نموونەیی، مندال دەبێت فێری هەموو بنەماو ڕێساکانی تایبەت بە ئاین بکرێت ...هتد.

**پێناسەی شیعری منداڵان**

شیعر مێژوویێکی دوور و درێژ و دێرینی هەیە، بەشێکە لە بەشەکانی ئەدەب، ناسکترین هونەرە، چێژ و خۆشی بە دڵ و دەروونی مرۆڤ دەبەخشێت و دەیوروژێنێت. هەر لە کۆنەوە هەندێ کەس لە ڕێگەی شیعرەوە گوزارشتی لە خۆشی و ناخۆشییەکانی خۆی کردووە، وەکو چەکێکی بەرگری و کاریگەر لە ژیانی خۆیدا بەکاریهێناوە.

شیعر، وەکو خۆراک وایە بۆ دڵ و دەروونی مرۆڤ. دواجار ((شیعر شێوەیەکی تایبەتی نووسینە، جیاوازە لە ئاخاوتنی گشتی، قسە لەگەڵ دڵ و مێشک دەکات، شتی تایبەت دەڵێت بە باشی دێتە بەر گوێمان، بە چەند وشەیەکی کەم زۆر شت دەدرکێنێ)) (٦) شیعر خەیاڵمان فراوانتر دەکات ودیدەی ژیاریمان فراوانتر دەکات، شیعری منداڵان هاوشێوەی شیعری گەوران خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە منداڵیش، وەکو گەورەکان خاوەن هەست و سۆز و کەسایەتی تایبەتی خۆیانن.

زۆربەی شیعری منداڵان لە لایەن گەورەکانەوە بۆ منداڵان دەنووسرێت، هەندێک جار منداڵ خۆی ئەو بەهرەی تێدایە، کە شیعر بنووسێت ((شیعری مندڵان بەشێکی زۆر گرنگە لە ئەدەبی منداڵاندا، نزیکترین هونەرە

لـە دڵ و دەروونیانـەوە، گرنگتریـن کاریگـەری هەیـە لەسـەر ژیانـی ئەمـڕۆ و داهاتوویـان، هەمـوو منداڵێـک لـە ناخیـدا هەسـتێکی شـاعیرانەی ناسـکی هەیـە ... دەتوانێـت بـە جوانـی وێنـەی هەمـوو ئـەو شـتانەی دەوروبـەری لـە ناخیـدا بکێشـێت)) (٧)

شـیعری منـداڵان کەشـێکی خـۆش بـۆ منـداڵان دەسـتەبەر دەکات، بـە تایبـەت لـە وانـەی خوێنەروخولیـای شـیعرن، چونکـە خوێندنـەوەی شـیعر چێـژ و خـرۆش بـە منداڵەکـە دەبەخشـێت و چوسـت و چالاکیشـی دەکات، دەربـارەی ئـەو دیاردانـەی، کـە لـە دەوروبـەری ڕوودەدەن، یـان هـەن لـە لایەکـی دییەوە ( (شـیعری منـداڵان جگـە لـەوەی لایـەک لـە پێداویسـتییەکانی سـۆز و جەسـتەی منـداڵان جێبەجێـدەکات، هەروەهـا شـیعری منـداڵان بـەوەی هونەرێکـە لـە هونەرەکانـی ئەدەبـی منـداڵان یارمەتیـدەرە بـۆ گەشـەی عەقڵ و ئـەدەب و دەروون و ڕەوشـت و لایەنـی کۆمەڵایەتـی منداڵان)) (٨)کەواتـە بۆمـان دەردەکەوێـت شـیعر دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنی عەقڵـی منـداڵ، ئەمـەش دەبێتـە پاڵنەرێـک بـۆ ئـەوەی منـداڵ توانـای لـە چارەسـەرکردنی هەمـوو ئـەو ڕووداوانـەی، کـە لـە دەوروبەریـەوە ڕوودەدەن هەبێـت.

هەرچـی لێکۆڵینـەوەی شـیعرە ( (ئەویـش گەشـە بـە خەیاڵـی منـداڵان دەدات و ویـژدان و سـۆزیان بـە ئاگادێنێـت، هەروەهـا بەهـا ئاینیـەکان و بنەمـا ڕەوشـتیەکانیان تێـدا دەچێنێـت، هەروەهـا ئـارەزووە ئەدەبیەکانیـان پەرەپێـدەدات، بـەرەو خوێندنـەوە و چێژوەرگرتـن لـە جوانـی و زمانەوانـی، خوێندنەوەیەکـی گوزارشـتکراو بـۆ سـۆز و هەڵچوونـەکان دەبـەن، ئەمـە جگـە لـە پێشکەشـکردنێکی بـاش و نواندنـی باشـی مانایـەکان و پەخشـکردنی ڕوحـی ئاینیـی و نەتەوایەتـی لـە ناخـی منـداڵان)) (٩)

شـیعر منـداڵان دەبێـت ببێتـە هـۆی پەروەردەکردنـی منداڵان و تیشـک بخاتە سـەر لایەنەکانـی ژیانـی منـداڵ، بەهـا جوانییەکانـی ژیانـی تێـدا بدۆزێتـەوە و وێنەیەکـی هونـەری پێشـکەش بـە منـداڵ بـکات ،چێـژ و خرۆشـێکی زۆر لـە دڵ و دەروونـی منـداڵ بچێنـێ. لـە ڕێگـەی شـیعرەوە منـداڵ لـە دونیایەکـی خەیاڵاویـدا دەژیـت و جیهانێـک بـۆ

خـۆی دروسـت دەکات، کـە خـەون و ئارەزووەکانـی خـۆی تێـدا دەسـتەبەر دەکات، کەواتـە ((شـیعری منـداڵان ڕەنگێکـە لـە ڕەنگەکانـی ئـەدەب، جگـە لـەوەی کـە دارێژراوێکـی ئەدەبـی تایبەتمەنـدە ومنـداڵ لـە ڕێگـەی شـیعرەوە خـۆی دەبینێـت، کـە لـە ئاسـمانی خەیاڵـدا دەفرێـت و لـە ڕێـی ڕابـردوو شـوێن و زەمـەن تێدەپەڕێنێـت، هەروەهـا لـە ڕێـی داهاتـووەوە هیـچ کۆت و زنجیرێـک لەسـەر بابـەت و بیرۆکـە و مانـا و خەیاڵەکانـی نییـە)) (١٠)

شـیعری منـداڵان مێژوویەکـی دێرینـی لەنـاو کـوردان هەیـە، هـەر لـە کۆنـەوە دایـکان لەبـەردەم بێشـکەکانیان لای لایە و گۆرانیـان بـۆ منداڵەکانیـان وتـووە، دەمـاودەم ماونەتـەوە، تاکـو ئێسـتاش شـاعیرانی کـورد بـۆ نووسـینی شـیعری منـداڵان سـوودییان ((لـە ئەزموونـی نەتەوەکانـی دەوروبـەر وەرگرتـووە، بـەڵام دەتوانیـن کردنـەوەی قوتابخانـە فەرمییەکانـی دەوڵـەت لـە کوردسـتان بـە هـۆکاری سـەرەکی پێشـکەوتنی شـیعری منـداڵان دابنێیـن، بـەوەی، کـە زۆربـەی شـاعیرانی ئەوسـاکەمان ئاسـتی زانسـت و ڕۆشـنبیری و هۆشـیارییان، لـە کەسـانی دیکـە بەرزتربـووە و ئـەوان بـە پەرۆشـتر پێشـوازیان لـە قوتابخانـە کـردووە، کـە قوتابـی، یاخـود منـداڵ یەکێکـە لـە کۆڵەگـە سـەرەکییەکانی قوتابخانـە و پرۆسـەی پـەروەردە، جگـە لـەوەی زۆر جاریـش شـاعیرەکان خۆیـان مامۆسـتا بـوون و لـە نزیکـەوە پەیوەندییـان بـە منداڵانـەوە هەبـووە)) (١١)

**٢- پێوەرەکانی شیعری منداڵان**

ئـەو شـیعرانەی، کـە بـۆ منـداڵان دەنووسـرێن، دەبێـت پەیوەسـت بـن بـە چەنـد پێوەرێکـی تایبـەت ،کە لـەم خاڵانـەی خـوارەوە ڕوونکراوەتـەوە:

١- پەیامداریی:

ئـەو شـیعرانەی، کـە بـۆ منـداڵ دەنووسـرێت دەبێـت هەڵگـری پەیامێکـی پەروەردەیـی بێـت، تاکـو منـداڵ لـە ڕێگـەی چـەوت دووربخاتـەوە، بیخاتـە سـەر ڕێگەیەکـی ڕاسـت ودروسـت، دەبێـت ((شـیعرێک پێشکەشـی منـداڵ بکەیـن، خـاوەن مەبەسـت و مانـا بێـت، تـا جووڵـە بـە عەقـڵ و ویـژدان و سـۆزیان بـکات، هەڵگـری ئـەو بەهـا پەروەردەییانـە بێـت، کـە وەک پێوەرێکـی کۆمەڵایەتـی حوکمـی پـێ

کتێبخانەی هەوڵێر

لەسـەر هەڵوێستەکان و ڕووداوەکان و کەسەکان زیاد دەکات و گەشە بەلایەنی ڕەوشتی خوازراو دەدات)) (١٢).دەبێت دەقە شیعرییەکان گوزارشت لەو ئەزموونانە بکەن، کە منداڵ لە ژیانیدا پێیدا تێپەڕدەبێت و زانیاری پێویست پێشکەش بە منداڵ بکات، وەک چۆنیەتی خۆشویستنی دایک و باوک و هاوڕێ و ...هتد ڕێزگرتنیان و بەهائاییینیەکان و گیانی نەتەوایەتی لە دڵ و دەروونی منداڵ بچێنێت.

٢ –مۆسیقا:

منداڵ ئارەزووی دووبارە بوونەوەی مۆسیقا دەکەن، چونکە ((ڕۆڵێکی سەرەکی لە ژیانی منداڵ دەبینێت، کە جوڵەیان ئاسان دەکات و هێزیان پێ دەبەخشێت و توانای بەرهەمهێنانیان زیاد دەکات، هەموو توانا ماسولکەکانیان بۆ پاشەکەوت دەکات و خۆشی لە کارەکانی ڕۆژانەیان بڵاودەکاتەوە و دەبێتە هۆی گەشەکردنی بە ئاگای هەست و شعوریان، ئیقاعی شیعری لە پێوانە و کێش و وشەکان بە دەردەکەوێت، بۆیە ئەگەر شیعرەکە ستوونی بێت باشترە لای منداڵ لە شیعری ئازاد تا منداڵ بتوانێت وشە مەبەستدارەکان بڵێتەوە، هەروەها ئاواز لە شیعردا دووبارە بکاتەوە)) (١٣).لە هەمانکاتدا دەبێت شیعرەکە خاوەن مۆسیقایەکی کاریگەر و ناسک بێت، تاکو منداڵ بتوانێت بە ئاسانی لەبەری بکات.

٣–شیاوبوونی شیعر لەگەڵ تەمەنی منداڵان:

شیعری منداڵ دەبێت لەگەڵ ئاستەکانی گەشەکردنی قۆناغی منداڵ گونجاوبێت، چونکە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی، دەبێت جۆرێکی تایبەت لە شیعری بۆ بنووسرێت و گوزارشت لە پێداویستییەکان و حەزوو ئارەزووەکانی ئەو تەمەنە، یان ئەو قۆناغە بکات.

٤– کورتبڕی:

دەبێت شیعری منداڵ ڕستەکانی کورت و پوخت بن، منداڵ ئارەزووی درێژ دادڕی ناکات ((منداڵ ڕستە و ئەنجامی خێرای دەوێت، چونکە منداڵ ئارامی کەمە و بەرگەی خاوی ناگرێت، هەروەها منداڵ دەیەوێت پێکهاتەکانی ڕستە ئاشکرابن، چونکە منداڵ زۆر هەوڵ نادات تا ئەنجام بدۆزێتەوە، وا

بە باش دەزانێت لە زۆربەی کاتەکان ئەنجامەکان بە ئامادەکراو وەربگرێت)) (١٤).

٥- ئەو وێنانەی، کە لە شیعری منداڵان بەکاردێت دەبێت ((ئەو وێنانە تێکەڵ بە شیعرەکان بکرێن، کە لە دەوروبەری جیهانی منداڵان چنگ دەکەون)) (١٥).

٦- سادەیی وپاراوی زمان:

شیعری منداڵان دەبێت بە زمانێکی سانا و پاراو بنووسرێت و لە وشە و زاراوەی تەم و مژاوی دوور بێت، واتە منداڵەکە لە کاتی خوێندنەوە بە ئاسانی لە مەبەست و مانایەکە بکات، نەک وشە و زاراوەکان وا لە منداڵەکە بکات و ڕاوەستێت و بیر لە واتایەکانی بکاتەوە، واتە وشە و زاراوەکان نەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم تێگەیشتنی منداڵەکە ((چونکە زۆر جار ئەو ڕاوەستانانە چێژ و خۆشی لای منداڵ ناهێڵێت، هەروەها لەوانەیە ئەو بیرۆکانەی لە بیر بباتەوە، کە دەمانەوێت لە پێش هزر و خەیاڵدا روون بێت)) (١٦)، وشە و زاراوە بەکارهاتووەکان دەبێت لە فەرهەنگی زمانی منداڵەکە هەڵبژێردرێت، کە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێت، کەواتە ((نووسەر دەبێت وشەی ئاسان و ئاشکراو ئەو ڕستانەی بە بێکۆد مانا دەگەیەنن هەڵبژێرێت)) (١٧).

٧- شیعری سروشت و ژینگە:

ئەو بیروڕایانەی لە شیعری منداڵان دەخرێنە ڕوو، پەیوەستبن بە ژیانی ڕۆژانەی منداڵ ((دەبێت هەر پارچەشیعرێک بیرۆکەیەک، یان لایەنێک لە لایەنەکانی جوانکاری لە ژیان و سروشت بخاتە ڕوو)) (١٨) هەر برگەیەک هەڵگری بیرۆکەیەک بێت و زانیاری دەربارەی دەوروبەری بە منداڵ ببەخشێت، وەکو دەربارەی ڕووەک و گیانداران و سروشت و... هتد .

٨- ئومێدبەخشین:

نابێت ئەو بابەتانە لە شیعری منداڵان بخرێتە ڕوو، کە باسی ناخۆشی و گریان و... هتد دەکات، واتە دەقێکی گەشبین و خۆش پێشکەش بە منداڵ بکرێت ((ڕوحێکی سووک و پڕ خۆشی و شادی بخرێتە ناو ناوەڕۆکی دەقی نووسراو، جگە لەوەش بانگەشە بکرێت بۆ بەکارهێنانی عەقڵ و ڕەخنە و بیرکردنەوە، ئەوەی دەبێتە مایەی

هەوراز میدیا

هەڵچونـی خەیاڵـە بچووکـەکان)) (١٩)
٩- هاندان بەرەو داهێنان:
شـیعری منـداڵ دەبێـت ((لایەنـی ئەرێنـی و روحـی داهێنـان و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی هەڵوێست و چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـە منـداڵ گەشـە پێبـکات)) (٢٠).
١٠- بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان:
بەشـێوەیەکی هونـەری وابەکاربهێنرێت نەبێتـە هـۆی سەرلێشـێواندنی منـداڵ ((دوورکەوتنـەوە لـە ئاڵۆزکردنـی هونـەری و ڕەوانبێـژی لـە بنیاتنانـی ڕسـتە، یـان کێشـانی وێنـەی شـیعری، یـان ئاڵۆزکردنـی درامـای جۆراو جۆر)) (٢١)

**٣- جیـاوازی نێـوان شـیعری منـداڵان و شـیعری گەوران**

جیـاوازی لـە نێـوان شـیعری منـداڵان و شـیعری گـەوران هەیـە، لـە ڕووی زمـان و شـێواز و هەڵبژاردنـی بابـەت و ... هتـد ئێمـە لـە چەنـد خاڵێکدا ئـەم جیاوازییانـە دەخەینـە ڕوو

**ا- لەڕووی ڕووخسارەوە:**

١- ئـەو شـیعرانەی بـۆ منـداڵان دەنووسـرێت دەبێـت داڕشـتنەکەی و شـێوازەکەی سـادە و سـاکار بێـت، لـە وشـە و زاراوەی تـەم و مـژاوی و هەڵگـری فـرە واتایـی دوور بێـت، بـەڵام ئـەو شـیعرەی، کـە بـۆ گـەوران دەنووسـرێت، ئاسـاییە بـە شـێوازێکی ئەدەبـی بـەرز بنووسـرێت و وشـە و زاراوەی تـەم ومـژاوی و هەڵگـری فـرە واتـای تێـدا بەرجەسـتە بکرێـت.

٢- ئاسـاییە ئـەو شـیعرەی بـۆ گەوران دەنووسـرێت شـیعرێکی دوورودرێـژ بێت، بـەڵام ئـەو شـیعرەی، کـە بـۆ منـداڵان دەنووسـرێن دەبێـت پوخـت و کـورت بـن، چونکـە منـداڵ ئـارەزووی درێـژی ناکـەن و لـە خوێندنـەوەی شـیعرێکی دوورو درێـژ زوو بێـزار دەبـن.

٣- زمانـی شـیعری منـداڵان کـورت و پوخـت و ڕوونـە، بـەڵام شـیعری گـەوران پـڕە لـە ڕەوانبێـژی و شـێوازی ڕەنگاوڕەنـگ.

٤- کێشـی شـیعری منـداڵان ئەگـەر حـەوت بڕگـە بێـت، یـان هەشـت بڕگـە بێـت و کێشـێکی گونجـاو و خـۆش بـۆ منـداڵان دەردەچێـت، چونکـە منـداڵ هەناسـەی کورتـە، ئەمەیـان بـە باشـی بـۆ دەخوێندرێتـەوە، بـەڵام کێشـی شـیعری گـەوران چەنـد کلاسـیکی و درێـژ بێـت هـەر ئاسـاییە.

ب- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

١- ئامانجی خوێندنەوەی شیعر لای منداڵ بۆ فێربوونە، بەڵام بۆ گەورەکان بۆ فراوانکردنی ئایدیا و بەرەو پێش چونی ڕوئیایە، چونکە گەورەکان ڕۆژانە بە دەیان کێشە و گیروگرفتیان تووش دەبێت و هەوڵ دەدەن لەڕێگەی خوێندنەوەی شیعر بەرەو جیهانێکی تر هەنگاو بنێن و لەو جیهانەی کە تێیدا دەژین دوور بکەونەوە.

٢- ئەو بیرو بۆ چونانەی لە شیعری منداڵان دەخرێنە ڕوو، دەبێت ئامانجێکی پەروەردەیی لە پاڵ بێت، هۆیەک بێت بۆ فێربوون و پەروەردە کردنی منداڵ و ئاراستەکردنی بەرەو ڕێگەیەکی ڕاست، بەڵام ئەو بیرو بۆچونانەی لە شیعری گەورەکان باس دەکرێت، ئاساییە لە دەوری خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز و گێڕانەوەی مێژوو ...هتد بخولێتەوە

- لە شیعری منداڵان نابێت ئەو بابەتانە باس بکرێت، کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و دڵتوندی و گریان و ...هتد لای منداڵ، دەبێت بابەتەکان ببێتە هۆی دڵخۆش کردنی منداڵ، بەڵام ئەو شیعرانەی، کە بۆ گەورەکان دەنووسرێت سنوور و مەرج بۆ بابەتەکان دیاری نەکراوە و دەتوانرێت هەموو جۆرە بابەتێکی ڕەنگاوڕەنگ وەکو شیوەن و گریان و خۆشی ...هتد باس بکرێت.

٤- منداڵ ئارەزووی بابەت و بیرو بۆچوونی خەیاڵی دەکات، کە لە شیعرەکان باس دەکرێن، بەڵام گەورەکان زیاتر حەز لە بابەتی واقیعی دەکەن.

٥- بابەتەکانی شیعری منداڵان دەبێت ئێستای منداڵان دەوڵەمەند بکات وبۆ ئایندەش پەروەردەیان بکات، واتە ئەو بابەتانەیان فێربکات، کە پەروەردەیین، بەڵام بابەتەکانی شیعری گەوران هەمیشە و لە ئێستادا کار لەسەر گۆڕینی ڕوانینە هەڵەکان و چەسپاندنی پێویستییە بیری و قۆناغییەکان دەکات.

٦- ئەزموونی شیعری گەورەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان گوێی بە ئاستی ژیریی خوێنەری نەداوە، هەرچەندە خوێنەر خۆی ئەوە هەڵدەبژێرێ، کە دەیخوێنێتەوە، بەڵام لە ئەزموونی

شیعری منداڵاندا دەبێ ڕەچاوی ئەو توێژە بکات، کە توانای تێدا سنووردارەو زانینی کەمە.

– **ئامۆژگاریکردن:**

ئامۆژگاری کاریگەری لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا هەیە، بەرەو هەنگاوی دروست ئاڕاستەیان دەکات، ئامۆژگاریکردن بەرپرسیارێتیە، لە ئەستۆی هەموو کەسێکی پێگەیشتوو دایە، ئەمەش بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی تەندروست، لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها پارێزگاریکردن لەو بەهایانەی، کە لەناو کۆمەڵگایەکە بوونی هەیە، تاکو کۆمەڵگا تووشی لادان نەبێت. بۆیە دەبینین شاعیرانی کورد لە ڕێگای شیعرەکانیان ئامۆژگاری منداڵان دەکەن.

**جگەر گۆشەکەم ئاری**
**ئیتر بەسیەتی یاری**
**کاتی قوتابخانەیە**
**نۆرەی خوێندن و وانەیە**
**گەر زیرەک و دانا بی**
**لەخوێندن بەتوانا بی**
**جا میکانۆ و ئەتاری**
**بۆتۆ دێنم بەدیاری** (٢٢)

(محەمەد فەتحوڵڵا کۆیی) شاعیر لە شیعری سەروو، ئامۆژگاری منداڵان دەکات، لەکاتی کردنەوەی قوتابخانە و دەست پێکردنی، واز لە یاریکردن و گەڕان بهێنن، ڕووبکەنە قوتابخانە و خوێندن. باوک و دایک یەکەم و گرنگترین مامۆستای منداڵەکانیانن، چونکە ئەوان بەرپرسیاری یەکەمن لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ منداڵەکانیان و پاڵپشتی کردنیان بۆ خوێندن، تاکو منداڵەکان بە ئامانج و ئاواتی خۆیان بگەن، ئەم شیعرە بۆ تەمەنی (٦)ساڵ بەرەو ژوور گونجاوە.

– **یاسا و هێماکانی ڕێگاوبان:**

ڕێگاوبان ئەو شوێنەیە، کە پیادە، یان ئۆتۆمۆبیل پێیدا تێدەپەڕێت، چەند یاسا وڕێسا بۆ ڕێگاکان دانراون، واتە ((کۆمەڵێک یاسا و سیستەمە بۆ ڕێکخستنی شێوازی هاتووچۆی نموونەیی دانراوە، ئەم بنەمایانەی هاتووچۆ بە کارێکی زۆر گرنگ دادەنرێت بۆ ڕێکخستنی هاتووچۆی ئۆتۆمۆبیل و هۆکارەکانی گواستنەوە و پیادە بەو جۆرەی

ئارامــی شــەقامەکان پارێــزراو بێــت، خەڵکی ســەلامەت بن لـە ڕووداوەکانی هاتووچۆ و پاراستنی ژیانی تاکەکان)) .(٢٣)

لەســەر شــۆفێران و پیــادەکان دەبێــت پابەنــدن بــن، بــە یاســاکانی هاتووچــۆ، بــۆ ســەلامەتی گیانیــان، هاووڵاتیــان جــا چ شــۆفێر بــن، یــان پیــادە، پێویســتە شــارەزاییەکی تەواویــان لــە هێماکانــی هاتووچــۆ هەبێــت، بــۆ کەمکردنــەوەی ئەگــەری ڕوودانــی ڕووداوەکان، بــۆ نموونــە پیــادەکان لــەو شــوێنە بپەڕنــەوە، کــە بۆیــان دیاریکــراوە لەســەر شــەقامەکان، سەرنشــینەکان و شــۆفێران پشــتێنی ســەلامەتی ببەســتن. کەواتــە ڕەوشــتی ڕێگا ((بریتیـە لـە سیسـتەم و ڕێسـا و یاساکانی ڕێگاوبان، کە پەیوەندی بە پاراســتنی کەلوپەلــی گشــتی و پیــادە و سەرنشــین و ئــاژەڵ و ئۆتۆمۆبێــل هەیــە، هەروەهــا پاراســتنی گیــان و ســامانی هاووڵاتیــان)) (٢٤).

**کاکی پۆلیس لەجادە**
**ڕاوەستاوە ئامادە**
**ڕێکی دەخا هاتووچۆ**
**هەر دەڵێ وەرە بڕۆ**
**دەڵێ بــۆ ژینی ئێوە**
**ماندوو نابم بــەپێوە**
**هەر بۆیــە ئێمەش دەبێت**
**پۆلیسمان زۆر خۆش بوێت** (٢٥)

(کازم کۆیــی) شــاعیر لــە شــیعری (پۆلیســی هاتووچــۆ) بــاس لــە ئــەرک و ماندووبوونەکانی پۆلیس بـۆ منـداڵان دەکات، لــە کارەکەی،کــە ئەفســەری پۆلیــس کار بــۆ جــێ بەجــێ کردنــی یاســاکان لەنــاو وڵات دەکات، ئەرکــی پاراســتنی گیانــی هاووڵاتیانــی پــێ دەســپێردرێت، ئەرکــی قورســە بــە بەراووردکــردن بــە هــەر کارێکــی تــر، داوا لــە هاووڵاتیـان دەکات بە یاساکانی هاتووچــۆ پابەنــد بــن، تاکــو گیانــی خۆیـان و خەڵکانی تـر پارێـزراو بێـت.

لەنــاو کۆمەڵــگا وەک پاڵــەوان ســەیری پۆلیــس دەکرێــت، چونکــە زۆربــەی کات ڕووبــەڕووی دۆخــی نەخــوازراو دەبێتــەوەو چارەســەریان دەکات، لەســەر ئێمــەش پێویســتە ڕێزیــان لــێ بگریــن و خۆشــمان بوێــن. هەروەهــا بەهــۆی پابەنــد نەبــوون بــە یاسـا و ڕێسـاکانی هاتووچۆ کارەساتی دڵتەزێـن ڕوودەدات، دەبێتــە هــۆی لــە

دەستدانی گیانی هاوڵاتیان و زیانی ماددی، دانانی ئەو یاسا و ڕێسایانە بۆ ڕوونەدانی کارەساتە، جا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بێت، یان ڕۆیشتن لەسەر شەقام، ئەم شیعرە بۆ تەمەنی باخچەی ساوایان نووسراوە.

**کۆششکردن**

کۆشش کردن چالاکییەکی جەستەیە، کە مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی شتێک ئەنجامی دەدات، وزەیەکە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە هیواو ئاواتەکان، دەبێت هەنگاو بە هەنگاو کۆشش بکەین، تاکو دەگەینە سەرکەوتن لەو بوارەی، کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات.

**ئەوەی ئەمڕۆ ماندووە**
**سبەینێ سەرکەوتووە**
**بە کۆششی ژیانی**
**بە بەهرەو کاری جوانی**
**ئەیبەخشێ شادمانی**
**بەگەل ونیشتمانی (٢٦)**

(ئاکۆ محەمەد) ی شاعیر لەو شیعرە پێی وایە ژیان هەمووی کۆششە، ئەوەی تێبکۆشێ سەردەکەوێ، سوودی بۆ خۆی و گەل و نیشتمانەکەی دەبێ، بەو بەرهەمانەی لە کۆششەکانی بەدەستی دێنێ، وڵات دەبووژێتەوە، بەمەش خێر و خۆشی بۆ هەموان دێنێ، بەوەش دەبێتە تاکێکی سەرکەوتوو و جوان، ئەم شیعرە بۆ تەمەنی (١٠)ساڵ بەرەوژوور گونجاوە.

**یەکگرتن:**

یەکگرتن تێکەڵ بوونی دوو شتە، یان زیاتر بۆ یەک مەبەست. یەکگرتن واتە هەستی پێکەوە بوون، کە گەورەترین پێویستی ژیانە بۆ مرۆڤ و هەموو بوونەوەرەکانی تر، هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، کە لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا کاردەکەن، پێویستە یەکگرتووبن لەگەڵ هاوکارەکانیان، تاکو ببنە یەکدەنگ و یەک بیرو بۆچوون بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

ابن خلدون لەم بارەیەوە دەڵێت: (مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بەتەنها دوور لە کۆمەڵگا بژیت، بەڵکو پێویستە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و هاوڕەگەزانی خۆی بژیت، لەبەرئەوەی ناتوانێت

بەتەنها زۆرێک لە کاروبارەکانی ژیان تەواو بکات، پێویستی بە یەکگرتن هەیە، لەگەڵ نزیکەکانی، یان هاورەگەزەکانی بۆ تەواوکردنی کاروبارەکانی و بەردەوامیدان بە ژیانی)) (٢٧).

ئەو رووداوانەی، لە مێژوودا روویان داوە، یان رۆژانە ئێمە دەیبینین، درک بەوە دەکەین، کە یەکگرتن هۆیەکە بۆ سەرکەوتن وهێنانەدی خۆشی وشادی، یەکگرتن ((بریتییە لە ئەرکێکی شەرعی و پێویستییەکی مرۆڤایەتییە، خوای گەورە مرۆڤەکانی بەو شێوەیە دروستکردووە، کە بە یەکگرتنیان بتوانن بەردەوامی بەژیان بدەن و بەسەر ئاستەنگەکانیدا زاڵ بن)) (٢٨).

ئەگەر سەرنج بدەینە میللەتی کورد، تاکو ئێستاش ئەو نەهامەتیەو کارەساتانەی، کە دووچاری دەبێتەوە، بەهۆی نەبوونی هەستی یەکبوون و یەکگرتنە، چونکە یەکگرتن واتە هێز، هەموو کات لاواز بوون و وێران کردن و دابەش بوون بەهۆی یەک نەگرتنەوە دەبێت، بۆیە دەبینین شاعیران لەرێگای شیعرەکانیانەوە داوا لە منداڵان دەکەن، کە یەکگرتوو بن و ئەنجامەکانی یەکگرتنیان بۆ دەخاتە روو.

**گەلی ئێمە زەبوونە**
**پێویستی بەیەکبوونە**
**دەبێ لەگەڵ یەک چاک بین**
**خۆشەویست و دڵپاک بین**
**ئەگەر پشتی یەک نەگرین**
**هەمووبە دیلی دەمرین** (٢٩)

(کازم کۆیی) شاعیر لە شیعری (یەکگرتن) باسی ئەنجامەکانی یەکگرتن دەکات، داوا لە تاکی کورد دەکات، کە یەکبگرن، چونکە میللەتی کورد میللەتێکە لەوەتەی هەیە، یەکگرتوو نەبووە، ئەمەش تاکە هۆکارە، تاکو ئێستا نەبۆتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، کە رێگای بۆ دوژمنان خۆشکردووە، کە توانیتیان بەئاسانی بەربەرەکانی گەلی کورد بکەن و لەناویان بەرن. شاعیر داوامان لێدەکات یەکترمان خۆشبوێت ودڵ و دەروونمان لەگەڵ یەکتر پاک بێت، تاکو بتوانین بەهێز بین و توانامان هەبێت بەسەر دوژمنان سەربکەوین و لە کۆیلایەتی و ژێر

دەستی رزگارمان بێت، بەپێچەوانەوە نەبوونی هەستی یەکگرتن هۆکارێکە بۆ لەناو بردنی دەوڵەت و پەرتەوازە بوونی چین و توێژەکان. ئەمەش جۆرە قەیرانێکە، کە میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو پێوەی دەناڵێنێت ومیللەتی بەرەو چەواشەکاری بردووە، چونکە یەکگرتن ڕێگایەکی شکۆیە و هۆیەکە، بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

تەنانەت ئاینیی ئیسلامیش داوامان لێدەکات یەکگرتوو بن،لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی آل عمران باسی کردووە. ((وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ)) (سورةال عمران\ايات١٠٣).

کەواتە یەکریزی بنەمای هەموو پەرەسەندنێکە لە ژیاندا، دابەش بوونیش هۆکارێکی سەرەکی وێرانکردن و شکستیە ئەم شیعرە بۆ تەمەنی (١٤)ساڵ بەرەوژوور گونجاوە.

پەراوێزەکان:

(١) ضياء زاهر(د)، القيم فى العملية التربوية، مؤسسة الخليج العربى، ١٩٨٤، ص٦٢.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٤)حسن بن عبداللة بن حسن القرنى، القيم التربوية المتضمنة فى النصوص الشعرية المقررة فى ادب المرحلة الثانوية، رسالة الماجستر ، ص١٥٨.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٦)Lee F Oliver , Turning Children onto poetry . club press ,٢٠٠٧ p ١٤٤

(٧) ڕەزا شوان، چاوپێخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١٥، ل٢٣٩.

(٨) حسن شحاتة(د)، ادب الطفل العربية (دراسات وبحوث)، الطبعة الثانية، دار المصرية اللبنانية،بيروت،١٩٩٤، ص٢٥.

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

(١٠) حسن شحاتة(د)، ادب الطفل

العربية (دراسات وبحوث)، ص٢١.
(١١) حەمە صالح فەرهادی، منداڵ و ئەدەبی منداڵان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٣، ل ٨٦.
(١٢) حسن شحاتة(د)، ادب الطفل العربية (دراسات وبحوث)، ص٢٣.
(١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.
(١٤) هادی نعمان الهيتی، ادب الاطفال (فلسفتة،فنونة،وسائة)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة،١٩٧٧، ص٩٨-٩٩.
(١٥) نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٤.
(١٦) هادی نعمان الهيتی، ادب الاطفال (فلسفتة ، فنونة ، وسائة)، ص ٩٩.
(١٧) محمد عبدالهادی(د)، ادب الاطفال فی ضوء المنهج الاسلامی، مجلد البحوث والدراسات، عدد الثالث، جامعة محمد خيظر بسكرة، جزائير، ٢٠٠٦، ص٩١.
(١٨) حسن شحاتة(د)، ادب الطفل العربية (دراسات وبحوث)، ص٢٤٨.
(١٩) اسماعيل عبدالفتاح(د)، ادب الاطفال فی العالم المعاصر، الطبعة الاولية، مكتبة الدار العربية للكتاب، قاهرة، ٢٠٠٠،ص١١٧.
(٢٠) حسن شحاتة(د)، ادب الطفل العربية (دراسات وبحوث)، ص٢٤٨.
(٢١) احمد زلط (د)، فی الادب الطفل المعاصر (قظايها باتجاهاتة و نقدة )، الطبعة الاولية، هبة النيل العربية للنشر و التوزيع، القاهرة،٢٠٠٥، ص٢١.
(٢٢) محەمەد فەتحوڵڵا کۆیی، گوڵزاری جگەرگۆشەکان، ل٢١.
(٢٣) سهى حسين، أهمية الالتزام بقواعد المرور، ٢٨ مايو ٢٠١٩، https://hyatoky.com
(٢٤) يوسف بن رشيد النسيم، آداب الطريق و أحكامه، ص٨.
(٢٥) كازم کۆیی، گوڵزاری منداڵان، ل٤٩.
(٢٦) ئاکۆ محمد صابر، گۆڤاری پەپوولە، ژمارە (١٣)، ١٩٩٩، ل٨.
(٢٧) الشيخ عبدالعزيز بن محمد الزبيدي، الوحدة، دون مكان الطبع والنشر، ٢٠١٣، ص٧.
(٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٧.
(٢٩) كازم کۆیی، گوڵزاری منداڵان، ل٦٧.

هەوراز ئامەدی کتێب

# سێ شیعر



ناهید حوسەینی

## سوێر وەکوو ژنی لووت

پشت لە ناخی چەریکەشەوێک
ڕامانکرد
بە ترسێکی نووستوو لە شاپەڕەکانی بادا
فەرمانی بێدەنگییان شۆڕکردەوە نێو مستە لەرزۆکەکانمان
ئاوڕمەدەنەوە
بەڵام من

بە دڵێکی هەپروون و داڕزاو لە
بیرەوەرییەکان
ئاوڕم دایەوە
لەو ئاگرەی دوامەنزڵمان بوو و
لە ساتەوەختی ڕچاوی ماڵئاواییدا
بوومە کۆڵەکەی
خەم
بێدەنگیی و
خوێ
بارگەمان نا
بەڵام دەنگی لێکترازانی زەوی
هێشتاش لە ئێسقانەکانمدا دەهەژێت.
ستۆکهۆڵم...٢٠٢٥/٤/٢٩

**«دەنگی دایکم»**

دەنگی دایکم
لە دووتوێی خەونە قورسەکانی
غەریبیدا
ون دەبێت
وەکوو باڵندەیەکی بێ هێلانە
لە بادا
من
لەم بێدەنگییە بێکۆتاییەدا
گوێ رادەگرم
بۆ زایەڵەی دەنگی
کە هێشتاش
لە هەوراز و نشیوی بیرەوەرییەکاندا
زیندووە
لەم بیابانە قاقڕ و بێ هەناسەیەی
ڕۆژگارمدا
بە شوێنپێی دەنگی
وەکو شوێنپێی تیشکێک لە
ئاوێنەیەکی شکاودا
ئۆقرە دەگرم
هەندێجار
سێبەرەکەی لەودیوی پەنجەرەی
خەیاڵمەوە
تێدەپەڕێت
وەکو تێپەڕینی شیبا
لە پرچەکانی شۆڕەبی
هەندێجاریش
ناوی لەسەر شەونمێکی بەربەیانان
دەنووسمەوە
کەچی تاو
بە پەنجە تا لێهاتووەکانی
یادەکانی دەکا بە هەڵم و
دەیسڕێتەوە
ناوی ئەو
وەکو نزایەکی خامۆش
لە دووتوێی دوو لێوی کپدا قەتیس
دەبێت و

هەوالنامەی کتێب

دەستەکانم
هەموو شەوێ
لە نووتەکیی ژوورەکەمدا
بۆنی ونبووی ئامێزی
لەئامێزدەگرێت
دڵم
دەنگی دایکمی
لە وەنەدییەکی شووشەبەنددا
شاردۆتەوە
بۆ ئەوەی
کاتێک دڵتەنگی
وەکو تەزوویەکی سارد
تا سەرئێسقانم ڕۆ دەچێت
بیکەمەوە و
گوێ بۆ لایەلایە دوورەدەستەکەی
ڕادێرم
وا هێشتاش
زیندوو زیندوو
سنووری دیوارەکانی ژوورە
نووتەکەکەم دەبڕن.....
سوید. سترێنگنێس...٢٠٢٥/٥/٢٧

**پاژنەی ئاشیل**

هەنگاوەکانم خزۆک
بەسەر خۆڵەمێشی ڕۆژگارمدا.
دڵم تەژی لە برینی شاراوە
هەر هەنگاوێک،
چرپەکانی داڕمان و هەستانەوە و
نیگای من، وەکوو شووشەیەکی بەر
باران،
هەستیار بە زریانە بچووکەکانی ژیان،
وەکو ئەو کچەی کە پاژنەی ئاشیلی
منە.
دەستەکانم لە هەر قوژبنێکدا
بیرەوەرییەکیان تۆمار کردووە و
هەر بزەیەک، بێدەنگییەکە
لەناخی سێبەرستانی ماڵێکدا
دەبریسکێتەوە.
بە هەنگاوی ماندوو، بەڵام پتەو
هەڵوەدای ساتەکانی ئارامیم،
هەر هەنگاوێکم چیرۆکێکە لە هیوا و
ترس و
دڵم، وەکو شووشەیەکی تەنک،
هەڵدەلەرزێ و خۆڕاگرە
بەرانبەر گێژەڵوکەکانی ژیان و
سێبەرێک لە کچەکەم،
ناسک و تەرچک
لە پشت هەر هەنگاوێکیەوە
سەما دەکات.
٢٠٢٥/٨/٢٣ Vstrs

# تەنیایی دەمهێنێت و دەمبا



هەواڵنامەی کتێب

ئیبراهیم هەورامانی

(١)
تۆ،
نە شەوێکی ئەنگوستەچاوی،
نە پاییزێکی مەلوول.
تۆ،
نە ڕەشەبایەکی مۆنی،
نە لێزمەیەکی، لەناکاو،
تا ڕۆژێک بێت، لەبیرم بچیتەوە.

تۆ...
هەتا هەیت
هەتا هەم...
وەک مانگە شەوێکی ڕۆشن،
وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار،
وەک گوڵێکی سووری بەهاری،
وەک بۆنی بارانی،
عەسرێکی پاییزیی،
بیرناچیتەوە!

(٢)

کە ناوت دێنم،
دەمم،
پڕ دەبێت لە شیرینی!

(٣)

بریا،
تۆش،
وەک خەڵکانی تر،
دەتزانی،
من بۆ تەنیام!

(٤)

من دڵم شکاو،
خۆر ئاوا بوو،
مانگیش هەڵنەهات!

(٥)

عاشق،
سەرەتا،
منداڵێکی بزێوە،
پاشان دەبێتە میوە فرۆش.
وردە،وردە،
فێری قسە دەبێت و
پیت دەناسێت.
کۆتاجار،
بەکچێک دەڵێت:خۆشمدەوێیت!
ئیتر،
دەبێتە شاعیر و
مووی سەری سپی دەبێت و
دەموچاوی پڕ دەبێت لە خەت،
خەتی کورت و درێژ،
خوارو خێچ.
خەڵک هەموو دەیناسنەوە،
تەنانەت گۆڕەکەی دەناسنەوە.
ئەوانەی پرسیار لە گۆڕی کەسێکیان
دەکەن،
گۆڕهەڵکەنەکان دەڵێن،
ئەوەتا لەدەوروبەری گۆڕی عاشقەکەوە!

(٦)

ئێستا،
لەم وەرزی پاییزەدا،

دەتوانم،
وەسفی بەهارت بۆ بکەم.
ئێستا،
تۆ بەتەنیشتمەوە گوێم بۆ دەگرێت !

(٧)

باوکم،
تا عاشق نەبووبوو،
دەیووت:
شیعر،
سوودی نان و دۆیەکی نییە!
بەڵام،
کە عاشق بوو،
تامرد هەر شاعیر بوو!

(٨)

هاتنت،
لەدوعاکانی دایکم دەچێت.
تامرد،
گیرا نەبوون!

(٩)

چاوت،
بە گۆچانەکەی موسا دەچێت.
دڵ،شەق دەکات!

(١٠)

نهێنی،
خوڵقاندنی من.
خۆشویستنی تۆ بوو!

(١١)

ئیتر ناتوانم،
پاییز،
بە بەهار،
بشوبهێنم.
ئێستا کە تۆ نیت،
پاییز، هەر پاییزە!

(١٢)

منداڵەکانم،
چاوەڕێن.
هەرکات نانەکەم گەیاندە دەستیان.
شیعرێکت بۆ دەنووسم،
هەر پیتێکی ،
لە ڕەنگ و بۆنی گوڵێک بێت.
تکایە،
چاوەڕێم بە؟
منداڵەکانم چاوەڕوانی نانن، نان!

(١٣)

لە هەر جێیەک،
دەڕوانم.
کە جێی یادەوەرییمان بووە.
ئێستا بۆتە باخچە!

هەواڵنامەی کتێب

# بەبێدەنگیی خۆشمدەوێی



سەلما تۆما کاکۆ

دەڕژێمە چاوەکانتەوە
بەبێدەنگیی خۆشمدەوێی
هەموو شەوێ
لەنێو ناخی شەوانی بێ ئەستێرەمدا
دەتوێمەوە
چاوەڕوانیی کۆتم دەکاو
لەنێو ناخی دڵما دەڕوێ و
نەرم نەرم


وەردی سیا خەمی ئازارو..
تەئریخی ئومێد دەکێڵێ!
دێ لە گۆڤەندی ئەستێران
سەما دەکاو..
چاوشارکێ لەگەڵ شەونمی
تەمی سەرلەپی پەنجەرەی
بوونم دەکا
***
ئازیزی من
لە شەوانی تەنیاییمدا
هانا بۆ نیشتیمانی تۆ دەبەم
ئەفسووس
تۆش وەک مەلی تەریوو
تائەبەد بۆم ماڵی نابی!؟
نازانم بۆچی لە ناخی
ژوانی جێژوانی ئەوینم
حاڵی نابی!؟
***
ئازیزەکەم
ئەمشەو دێمەوە
نێو مێزی مرواری چاوەکانی تۆ
باران ئاسا
بەسەر تەوێڵتا دادەکەم
وەک شۆڕەبی
بەسەر لقی درەختی بڵندی باڵات
دەشنێمەوە
لەگەڵ گزنگی تاسەتا
لەنێو بۆنی هەناسەتا
وەک ئەو کەسەی
بێ مەی ، مەست و
سەرخۆش دەبێ!
مەست مەست دەبم !
لەنیگاتا
لە هەواری ئاگرینی لێوەکانتا
ڕەشماڵی خەندە هەڵدەدەم
لەدیدارتا دڵخۆش دەبم !
***
ئەمشەو دێم و...
ئەنگوستە مۆمی شەوانم
لەسەمای ئەستێرەی ئاسۆی
ڕەوە شیعرێکی یاخیدا دەسووتێنم
یاخییەک کە زۆر لەمێژە
وەک شەمی شەو
بۆم دەسووتێ و بۆی دەسووتێم !
عەجەب گەلۆ ...
یاخی
لەهەولێری قەڵاو
لە کەرکووک گڕ
لەسلێمانی ڕەشەبایە
ئەو بەبێدەنگیی دەسووتێ و

هەواڵنامەی کتێب

وەک برووسک
بڵێسەی لە سینەمدایە!!
***
ئازیزەکەم
ئەتۆ ..وانەی یاخیبوون و ..
من دەرسی ئەوینم  دادای
لەشەوانی تەنیاییتا
دەبوومە شەوچەرەی شەوت و
شەمئاسابۆت دادەگیرسام
دەدەی ئێستا ..ڕێگام بدە
ئەمشەو بێم و ...
بەسەر دیواری دڵتەوە
تابلـۆی  زەردەخەنـەو  گریـان
هە ڵبو ا سـم
خەندە بۆ  تەڵقینی مەرگ و
گریان بۆ گۆچانی ژیان!!
ئەمشەو دێم و تابلۆی،
عەشق و ئەوینی تۆ
لەپێشانگایەکی یاساغ هەڵدەواسم
لەوێ دەبمە خەندە لێوی
ئەو تابلۆیەی  من و تۆ دەخوێنێتەوە
دێم و دەبمە فرمێسکی شەو
هێور هێور لەنێو دڵی،..
خەندەیەکتا دەتوێمەوە
دەچمە لێوی موناجاتی زەردەخەنەو
خەڵوەتی خەواڵووی گریان !
گریان دەڵێ :
گەلۆ ...شیعرێکم نووسیووە!؟
وەرن ..بیکەینە سروودی،..
ژانی ژوان  و..
مارشی دابڕانی ئەوین و خۆشەویستی!
خەندەش دەڵێ:
من دێم ، لەگەڵ شنەی شەماڵ
پەنجەرەی نێوماڵ و
ژووری  کتێبخانەتان
دەکەمەوەو...
زەردەخەنە بە ماڵتانا دەبەشمەوە و
دەرگای گریان خڕ دادەخەم
دێم و فەڕشی سووری عیشق و
خەندە و خولیای خۆشەویستی
لە نێو دڵتانا ڕادەخەم
***

ئەیلوولی ٢٠٢٥
ئەڵمانیا

# چواردە چیرۆکی زۆر کورت



هەواڵنامەی کتێب

حەمە کەریم عارف

### ١- نووسەر

«ن . ک» نووسەرێکی گەورە، بە نێوبانگ، خاوەن پێگەیەکی ئەدەبی هێندە گەورەبوو کە خۆزیای پێ دەخوازرا، بەڵام بەخۆی، خۆی بەو ئاوایە نەدەبینی. بەخۆی دەگوت: نووسین، مومارەسەی خودە، لە نووسینا مومارەسەی ئازادی خۆی دەکات، خودی خۆی بەدیدێنێت... عەشقە عەشق، هەرکەسێ گیرۆدەی بوو ئیدی بۆی تەرک ناکرێت.. عەشق هەوڵە بۆ گەیشتن بە حەق..

«ن . ک»، زۆر بەگلەیی بوو لە خۆی... کە لێیان دەپرسی: باشە بەو هەموو بەرهەمەوە گلەیی چی لە خۆت دەکەی؟ بەوپەڕی سادەیی وەڵامی

دەدایـەوە: ڕیگـەی حـەق یـەک ڕێگـە نییـە. ئەگـەر یـەک ڕێگـە بوایـە، نووسـەر بـە یـەک کتێـب سـوکنایی ڕوحـی دەهـات و بێخـەم وخەیـاڵ ملـی بـە ژیانـەوە دەنـا، تینوویەتـی دەشـکا و دەبڕایـەوە، حـەق لـە فـرە مانابیـدا، لـە فـرە دەلالەتـا بەرجەسـتە دەبـێ..

هەمیشـە گلەیـی ئـەوەی دەکرد، کات کەمـە، تەمـەن کورتـە بەشـی هیـچ نـاکات، مـن لـەوێ نەبـووم، دەگێڕنـەوە دەڵێـن وەختایـەک گەییـە حاڵـی مردنـێ چـاوی بڕییـە بنمیچـی ژوورەکـە، وەکـو ئـەوەی قسـە بۆخـۆی بـکات کەوتـە قسـان، حەیفـێ بەشـەر شـیری خـاوی خـواردووە... کـە دێتـە دنیـاوە، هیـچ وێنایەکـی لـە مـەڕ مـەرگ نییـە! کـە فـام دەکاتـەوە بـەرە بـەرە بـە چیـای ژیانـدا سـەردەکەوێ، وا وێنـادەکات زەمـەن بەخـاوی دەڕوات، بەشـی گێڕانـەوەی ژیـان دەکات، بـەڵام کـە دەگاتـە لوتکـە وئیـدی دەبـێ نشـێو ببێتـەوە، بەجـارێ زیـڕە دەکات، هەسـت دەکات زەمـەن زۆر خێـرا دەڕوات، تەمـەن بەشـی هیـچ نـاکات..

دەڵێـن لـە نـاکاوا چاوانـی ئەبڵـەق بـوون، وەکـو ئـەوەی خەڵکانێـک بەدیاریـەوە وەسـتابن، لـە دووی هاتبـن، دەنگـی هەڵبـڕی، « ئـەی هـاوار، خەڵـک وخـوا، ویژدانتـان بـێ، تەنیـا یـەک چارەکـە سـەعاتم سـەبر لێبگـرن، ئـێ ئەمـە خوایـە بەڵکـو بتوانـم لـەو چارەکـەدا، ئـەوە بڵێـم کـە دەمـەوێ بیڵێـم!»

### ٢- سەهۆڵبەندان

خەڵکـی گونـد، بەیانـی لـە خـەو ڕابـوون، زۆریـان سـەیر پێهـات! لـە سـووچێکی خـوار ئاواییـەوە زوقـم وخوسـارێکی زۆر کەوتبـوو... ئەگـەر بڵێـی وەرزی زوقـم نەبـوو! هێشـتا زوو بـوو بـۆ زوقـم کەوتـن... ئـەدی ئەمـە دەبـێ بەرایـی چ بەڵایـەک بـێ، وا بـەو لاسـاری و چـاو قایمییـە، تەنـگ بـە گونـد هەڵدەچنـێ! ئیـدی تەبیعەتـی بەشـەر وایـە، هـەر یەکەمجـار شـتیان پـێ سـەیرە و سـەرنجیان دەهـاڕوژێ، بـەرە بـەرە لـە گەڵـی ڕادێـن، بیـری لێناکەنـەوە، ڕاهاتـن زۆر خراپـە، ئافەتـی گـەورەی ئەقڵـە.. سـەرەتایە بـۆ قەبووڵکردنـی هەمـوو جـۆرە کۆیلایەتییـەک.. بـەڵام ئـەم زوقمـە لـەو دیاردانـە نەبـوو، وا بـە ئاسـانی ببێـت بـە شـتێکی ڕۆتینـی و سـەرنج

سـڕ بـکات... ڕۆژ بـە ڕۆژ زیـادی دەکـرد، دەبـوو بـە سـەهۆڵێکی ڕەق، وەکـو لافاوێکـی بەسـام، بـەڵام زۆر هێـواش دەهـات و پانتایـی زیاتـری دەگرتـەوە...

خەڵکەکە ترسـیان لێنیشـت، خـەم دایگرتـن، کار وابـڕوات لـە قـەلان و لـە کۆتران دەبـن... خـاک و ژیـان دەدۆڕێـن! ئیـدی بـڕ بـڕ وەخـۆ کەوتـن کـە تەگبیرێکـی حاڵـی خـۆ بکـەن و لـەوە پتـر نەبـن بـە عاجباتـی وگەپجـاڕی دنیایـێ! بێفایـدە بـوو، کـەس ئەقڵـی بەهیـچ کـوێ ڕانەدەگەیـی... هەمـووش لـە دڵـی خـۆدا، گلەیـی و گازندەیـان لـە دەمڕاسـتی گوندەکـە دەکـرد÷ لـە گوێـی گادا نووسـتووە.

- چی لەوە! خۆ سەهۆڵبەندان ناگاتە ئەوا..
- ئەم بایە لەم کونەوە بێ دەیگاتێ و ئەولاتریش..
- دەزانی ئەم سەهۆڵبەندانە بەردەوام بێ ئیدی ژیانمان نامێنێت!...
- لەوەتای دنیا دنیایە سەهۆڵبەندانی وا ڕووی نەداوە..
- تۆ وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئەم سەهۆڵبەندانە هەموومان ببەستێ!

یەکێک لە ئامادەبووان بە قامکان ئاماژەی بۆ سەری خۆی کرد و گوتی:

- ئەم سەهۆڵبەندانە، دەرهاویشتەی سەهۆڵبەندانەکەی ئێرەیە، ئێرە..

یەکێکـی دی هەڵیدایـە: کوڕینـە، هەمووتـان لـە مـن باشـتر دەزانن کە پێشـینیانی مـە گـەر گیـرۆدەی بەفـر و بەسـتەڵەک بوایـەن، پشـتیان دەدا بەپشـتی یەکـەوە، تەنانـەت گـەر خەڵکیانیـش لـێ ڕەق بوایەتـەوە، هـەر پشـتیان بەپشـتیەوە دەدا و، پشـتیان گـەرم ڕادەهـات ولـە مـردن دەخەلەسـین... مامۆسـتا ڕاسـتی گوتـووە: ئـەوەی پەنـد لـە مێـژوو وەرنەگرێ جوگرافیـا دەدۆڕێنـێ..

٣- تەمەن

مامۆستا ÷ تێکڕای تەمەن لە وڵاتی مەدا چەندە؟

قوتابی÷ سەدان ساڵە، ڕەنگە زیاتریش بێ..

مامۆستا÷ بە پێی چ سەرچاوەیەک؟

قوتابـی÷ سـەرچاوەی نـاوێ مامۆسـتا، بـە بۆچوونـی خـۆم، ئـەوەی لـە تـرس ونیگەرانـی و دڵەڕاوکـەدا بـژی تەمەنـی دەگاتـە هـەزاران سـاڵ، سـاتی بـە سـەعات،

سەعاتی بە ڕۆژ، ڕۆژی بە هەفتە، هەفتەی بە مانگ، مانگی بە ساڵ، ساڵی بە سەدە لێدەڕوات..

### ٤- بتسازان

لە خەوما، لە شارێکدا بووم، بێگانە، سەرگەردان، بە بێتاقەتی کەوتمە پیادەڕۆیی. گەییمە مەیدانێکی ناوەندی شار، پەیکەرێک ڕەق ڕاوەستابوو، کە دیقەتم دا هەر لە مرۆڤی زیندوو دەچوو، ئاورێکی گومانامێزی هەر چوار نکاڵی خۆم دایەوە، کەس دیار نەبوو. لە دڵی خۆدا گوتم: ئەرێ با قسەیەکی لە گەڵدا بکەم، سیروان لێشتنەدەم هەر دەمبەی!.. بەدوو دڵییەوە لێم پرسی:

– ئەرێ تۆ کێی، بۆ لێرە وەستاوی؟ بە ڕاوێژێکی ڕەوان وەڵامی دایەوە:

– من سەرۆکی ئەم وڵاتەم. بە ناخێرم سەردانێکی ئەم شارەم کرد، ویستم ئەحواڵی ڕەعیەت بپرسم... فەرمانداری شار بەزمانی لووس کەوتە ڕیابازی:

– قوربان، بە تەمام پەیکەرێک بۆ جەنابتان لە ناوەندی شارا دروستبکەم..

– ئەدی چاوەڕوانی چیت؟ ئەو پەیکەرە چەندی تێدەچێت؟

– قوربان سەد هەزار..

– ئەگەر ئەو پارەیە بدەیە خۆم، تا ماوم لە ناوەڕاستی شارا بۆت ڕادەوەستم.

لە ناکاوا خەبەرم بووەوە، لە دڵی خۆدا گوتم: وەی قوڕێ... وای بەحاڵی میللەتێک بتسازی لە بتشکێنی باڵادەستتر بێ.

### ٥- وێنە

کە خۆت بەشارا دەکەی، ئەوەی لە هەموو شت زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێت وێنەیە! بە دار ودیوارا هەڵواسراوە، چ دیمەنێکی دزێوە! لە دڵی خۆتا دەڵێیت، چ بتخانەیەکە ئەم شارە، چ بتپەرستێکن خەڵکی ئەم شارە!! باشە ئەمانە نازانن ئازادی هاوتای ژیانە، مرۆڤ کە ئازاد نەبوو لە ڕووی یاساییەوە بە مرۆڤ نایەتە ژماردن، بۆیە هیچ سەیر نییە خەڵکانێک لە پێناوی ئازادیدا خۆ فیدابکەن... هیچ ئەمانێک لەم شارەدا نییە، شەڕێکی زۆر تووش وپەنهانی

بەرپایە لەمشارە... لە غیابی ئەمانا، ئازادی لە حەوت کێوان ئاوا دەبێت!..

## ٦- راپۆرت

( ن.ک )ی گەورە نووسەر بۆی گێڕامەوە، پیاوی درۆ نەبوو، لە ملت دابا، درۆی نەدەکرد، راستگۆیی بە شیرەوە مژتبوو. گوتی: ڕۆژێک بەرپێکەوت تووشی بەرپرسێکی سیاسی بووم، لێم پرسی÷ ئەرێ ئێوە بۆ سزای ئەو راپۆرتنووسانە نادەن، کە زانیاری درۆ و نادروستتان بۆ دێنن؟! نازانن ئەوانە کۆمەڵێک بوختانچیین!!

گوتی÷ با، دەزانین، ئەگەر سزایان بدەین، ئیدی کەس راپۆرتمان بۆ نانووسێت.

ئیدی لەو ڕۆژەوە کە سەیری دەم وکاوێژی هەر سیاسییەک دەکەم، و گوێم لێدەبێت باسی نیشتمان ونیشتمانپەروەری وعەدالەت دەکەن، دڵم تێک هەڵدێت..

## ٧- شێت

ڕەسوو، بەتاقە جادەکەی ناو گوندا، سەروخوار دەهات و دەچوو، جارێ خێرا، جارێ خاو، دەهات، دەچوو، هەندێجار لەبەر خۆوە ورتەورتێکی نامەفهوومی دەکرد... ناو بە ناو دەستی بەتووندی بەبەر ڕووخساری خۆیا، وەکو ئەوەی مێش ومەگەزێ لەخۆی پاس بکات، تەکان دەدا... لە پڕێکا دەوەستا. وەکو ئەوەی شتێکی بیربکەوێتەوە، دەیپرسی: بۆکوێ بڕۆم؟ چیی بکەم باشە..

لە دڵی خۆتا گوتت: « پرسیارێکی سەیرە! وەڵامەکەی ئاسان نییە!... پرسیار ولەم وڵاتە بێ پرسیارەدا!! ڕەسوو ئەوەی نازانێ لە کوێوە هاتووە، نازانێ بۆکوێ بڕوات..

ئەوسا تۆ پرسیت÷ ڕەسوو بۆ کوێ بڕۆم باشە، چیبکەم؟

بزەیەک ڕووی گەشانەوە، یەکسەر گوتی÷ مامۆستا لەوەتای ئەقڵەکەم لەدەستداوە تەرم ئیسراحەت کردووە.

### ٨- هەق

شـەوێک خـەوم بینـی، لـەو خەوەمـدا حەلاجـم بینـی، لەدڵـی خـۆدا گوتـم: فرسـەتە، لێـی بپرسـە، هـەق چییـە؟! چوومـە پێشـەوە: قوربـان هـەق چییـە؟...
– زاراوەیەکـە، جێـگای هەمـوو مانایەکـی تیـا دەبێتـەوە، بـە قـەد ژمـارەی بەشـەران مانـای هەیـە...

### ٩- خودا

دەقێکـی هـەزار تـوێ، گۆنـگ، نادیـار، تـا هەتـەری خەیـاڵ، هـەزار توێیـە، هەرکەسـە و هـەر تەمەنێـک بەجۆرێکـی دەخوێنێتـەوەو وێنـای دەکات، هەمیشـە خوێندنەوەیـە..

« لە دەفتەری بیرەوەری عارفێکی گومناوەوە.. »

### ١٠- کوردستان

مـن تورکـم، بـە خـۆم تـورک بوونـم هەڵنەبـژاردووە . قەدەرێکـەو دەسـتی منی تێدا نەبووە،پەشـیمانیش نیـم.. خوێنـدکاری زانکـۆم. کۆمەڵێـک هاوڕێـی مرۆڤدۆسـت و لاشـەڕو سـازگارم هـەن. وەختایـەک لەبەینـی خۆیانـدا قسـان دەکـەن یـەک حەرفیـان لـێ حاڵـی نابـم. کـە لێیـان دەپرسـم : ئەمـە چ زمانێکـە! دەڵێـن کوردیـە..
لە بابم دەپرسم : بابۆ کورد کێن؟
– میللەتێکـن هەمـوو تایبەتمەندییەکـی کەلتـوری و شارسـتانی خۆیـان هەیـە. خـاک وزمانـی خۆیـان هەیـە..
– ئەدی بۆ دەوڵەتیان نییە؟
– ئێمەو دراوسێکانمان داگیرمان کردوووە..
لـە دنیـادا هیـچ ئابڕوچوونێـک لـەوە گەورەتـر نییـە دەسـەڵاتێکی شـۆڤێنی بـە نـاوی تـۆوە پاکانـە بـۆ سـڕینەوەی نەتەوەیـەک بـکات..
گوێـم دەزرینگێتـەوە: « تورکیـا، ئێـران ، سـوریا ، عێراق ، هەموو کوردسـتانیان هەیـە ، تەنیـا کـورد کوردسـتانی نییە !!»

### ٩١- لە دەفتەری عارفێکی گومناوەوە

باشـە بـاش ، کـە مردنـت دانا ، داتنـاو برایـەوە ، ئیـدی چ پێویسـت بـە سـزای پیریـی دەکات کـە بـە نەهـەق بەسـەر بەشـەرتدا سـەپاندووە . مردنەکـە بـەس نییـە ؟! باشـە ڕەوای هەقـە داهێنـەر کەیفـی بـە ڕەزیلـی و دامـاوی ئافەریـدەی خـۆی بێـت !!.. یـان لـە دروسـتکردنی پەشـیمانیت..

### ٩٢- پێشمەرگە

شـەوە ، دنیـا تاریـک ، کـش ومـات ، لـە تـۆ وایـە لـە ماتەمینیدایـە ! تـازە لـە شـەڕی حیزبێکـی خۆولاتـی بووبوونـەوە ، لوولـەی تفەنگەکـەت کـردە ئاسـمان ، دەسـتت بـە پەلەپیتکـەوە نا، تەتەتەتـە.. بەڕیـز..

- ئەوە کێیە ئەو تەقانە بە ئاسماندا دەکات ! ئا بڕۆن بۆمی بێنن .
- ئەوە چییە هەتیو، بۆ تەقە بە ئاسماندا دەکەیت ؟!
- شەڕی خوا دەکەم .
- یانی چی؟
- یانـی ئێـوە شـەڕ نەمـا پێمانـی نەکـەن ؛ شـەڕی خۆکـوژی ، خەڵککـوژی ، براکـوژی ، شـەڕی حیـزب حیزبێنـە... هەرشـەڕی خـوا مـاوە ، وتـم تـا شـەڕی ئەویشـتان پێنەکردوویـن ، بـا خـۆم دەستپێشـخەری بکـەم..

تـا ئێسـتاش ژنێکـی سـەراپا سـپیپۆش هەمـوو ڕۆژێـک دەمـەو ئێـوارە ، لـە چـوار ڕیانەکـەی خـوار شـارەوە بـۆ چەنـد خولەکێـک وەکـو تارماییـەک بـە دیـار دەکەوێـت ، پاشـان بـە دەنگێکـی زوڵاڵ هـاوار دەکات : ئـەم هەفتەیـە مەهـدی دێتـەوە..

ئیدی کەس نازانێت کێوە دەچێت؟!

### ٩٣- سەرۆک

ئـەوەی مایـەی سـەرنج بـوو ، لـەم وڵاتـەدا سـواڵکەر وگـەدات بەدینەدەکـرد ! ئەمـەت لـەلا بـوو بـە مـەراق . خـۆ ئەرکـی ڕۆژنامـە نووسـە بچێتـە بنـج وبناوانـی دیـاردەو بویـەرەکان ، حەقیقـەت بدۆزێتەوە..حەقیقـەت لـە جەمـاوەری خەڵـک

بزانـە.. بـە دەم ڕێـوە :-کاکـە پرسـیارێک؟

- فەرموو

- ئـەرێ ئێـوە کـە نەهیـچ سـەرچاوەیەکی داهـات و نـە دەرامەتێکـی ئەوتۆتـان هەیـە ؛ نـە غـازێ نـە کشـتوکاڵێکی زۆر، بیابانێکـی لمـەڵان، چـۆن وبەچـی دەژیـن؟

- قوربان ئێمە سەرۆکمان هەیە !

- سوپاس .

ڕۆیشتیت . ڕووبەڕووی کەسێکی دی بوویتەوە :- دادە پرسیارێک؟

- فەرموو.

- ئـەرێ ئێـوە کـە نـە هیـچ سـەرچاوەیەکی مسـۆگەرو بەردەوامـی داهاتتـان هەیـە، نـە نەوتـێ ، نـە غـازێ.. چـۆن دەژیـن ؟

- ئێمە سەرۆکمان هەیە .

***

ڕۆژنامەنـووس: جەنابـی سـەرۆک ، بەنـدە زۆر شـوێنی ئـەم وڵاتـەی ئێـوە گـەڕام، ئـەوەی سـەرنجی ڕاکێشـام دەرۆزەکاری وسـواڵکەریم بەدینەکـرد..

سەرۆک:- ڕەنگە باش دیقەتت نەدابێت..

ڕۆژنامەنووس:- چۆن ؟

سەرۆک :- ئەدی ئەوە نییە من لەبەردەمتدام !

ڕۆژنامەنووس:- مەبەستت ؟

سـەرۆک :- بەنـدە سـواڵی حـەوت دەوڵەتـان دەکـەم تـا میللـەت ناچـاری گەدایـی نەبـن..

## ٦٤- چاوەڕوانکوژی

واتدەزانـی «ن» هەرچییـەک بڵێـت ڕاسـت دەکات . قەناعەتـت وابـوو نابێـت کـەس لـە قسـەی دەربچێـت . ئەویـش هەسـتی بـەم گەمژەییـەی تـۆ کردبـوو. زیـاد لـە پێویسـت دەیلاوانـدی ، دەیگەوجاندیت.کردبـووی بـە پاسـەوانی متمانـە پێکـراوی خـۆی.. ئیـدی دۆگمـا مـرۆڤ لـە مرۆڤایەتـی دەخـات ؛ دەیـکات بـە

ڕۆبۆت ، ویژدان دەسڕێتەوە..

«ن»، فەرماندەیەکی گوایە شۆڕشگێڕو گەورە بوو. بەبێ نەیار هەڵینەدەکرد؛ یەکێک بکوژە هەزار چاوترسێن دەکەیت . حەوانەوەی لەبەر دەبڕا ، هەرکە نەیارێکی لە ناو دەبرد، هەستی بەبۆشاییەکی دەروونی بێ ئامان دەکرد ، ئیدی بە هەر بیانوویەک بوایە نەیارێکی بۆ خۆی پەیدا دەکرد، هەمیشە زیندانەکەی پڕ بوو لە زندانی . هەر یەکە بە بیانوویەک ؛ جاش ، جاسووس، خایەن بە خاک وخەڵک ، نیازی تیرۆرکردنی مامۆستا «ن» ! یەکێک لەو زندانییانە کوڕێکی گەنج بوو بە نێوی ڕەوان. «ن»، کۆنە قینی حیزبایەتی لەگەڵ بابیدا هەبوو. بە تۆمەتی ئەوەی هەوڵی تیرۆری ئەمی داوە ، گیرابوو..

گوێت دەزرنگێتەوە، دەنگی ن : « بەدەم چاوەڕوانییەوە بیکوژن.. هەر شەوێک نۆرەی پاکسازی کەسێک هات ، ئەمیش لەگەڵ خۆدا بەرن ، با بەچاوی خۆی مەرگی هاوزندانییەکانی ببینێت ، پاشان بیگێڕنەوە بۆ زندانەکەی، شەش حەوت کەڕەت ئەمەی لەگەڵدا بکەن ، تا خۆزگە بە مردنی خۆی بخوازێت! هەر کەڕەتەی جارێ مەرگی خۆی بدینێت.. یانی بەر لەوەی هەواڵەی دۆزەخی بکەن ، شەش حەوت کەڕەت بمرێت..

شەوێکی درەنگی ئەنگوستە چاوە ، نۆرەی پاکتاوکردنی ڕەوانە.. بردت، ویژدانت بێدار بووبووەوە، پێتگوت: هەڵێ ، بڕۆ ، خەمی منت نەبێت . شەش حەوت فیشەک دەتەقێنم ، پاشان چاڵەکە پڕ دەکەمەوە ، گوایە کوژراویت ، تەواوبوویت..حایرو حەپەساو تەمەشای دەکردیت ، بەزەیی بە تۆدا دەهاتەوە! ترسی لە مەرگ شکابوو ! ئازادی بە بەهای مەرگی کەسێکی دی !..

گوێت دەزرنگێتەوە : « شونێکم پێ بڵێ مردنی تیا نەبێت تا بۆی هەڵێم ، ئەمانە گەمژەن ، کار بۆ لەوتاندنی ویژدانی خۆدەکەن ، لە ئینسانییەتی خۆ هەڵدێن ، دەنا مەعلومە ئەوانیش نەمکوژن ، هەر دەمرم . خۆ هەڵدەخەڵەتێنن ، بە چ پێوەرێک ئەوان لەسەر هەقن ومن لە سەر ناهەقم !..

بەیانی کە چوونە شوێنەکە . پاسەوانەکە ، بێ تفەنگ بە دەما بەسەر بارستە گڵەکەدا کەوتبوو.. ئەدی تفەنگەکەی !!..

هەواڵنامەی کتێب

# تاسەیەکی بەسوێ



موعتەسەم ساڵەیی

قۆناخی منداڵیی بەهەموو خۆشی و ناخۆشی و هەوراز و نشێوییەکی بەهەشتێکی ڕاستەقینەیە بۆخۆی، بۆی نییە سەرلەنوێ بۆ جارێکی تر دووبارە ببێتەوە. هەرچەند دەکەومە تێڕامان و سەرجەم بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ئەو قۆناخەم دێنەوە یاد، خۆشییەکی لەڕادەبەدەر تێکڕای بیر و هۆشم دادەگرێت. جاری ئەوتۆیش هەیە یادەوەرییە دڵتەزێنەکان چەند برینێکی قووڵ لەناخمدا دێننەوە سوێ، هیچ داوو دەرمانێکیش بۆی نییە ئەو برینانە سارێژ بکەن. هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە کە لەتەمەنی منداڵیدا چمکێک لە کراسەکەی دایکت بەتوندی بگریت بەدەستەوەو بەرەو بازاڕ، یاخود بۆ میوانیی ماڵانی

خزم و دراوسێیان لەدوایەوە هەنگاو هەڵبنێیت. بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدا نیم کە ڕۆژێک لەڕۆژان بۆجارێکی تر ئەو خۆشییەی قۆناخی منداڵییم بەدی بکەمەوە. هەرچەند لەگەڵ دایکمدا دەردەچوومە دەرەوە، ئیتر هەموو یاری و گەمە و حەمەرەمزمێکم لەگەڵ منداڵانی تووڵازی هاوتەمەنی خۆمدا لەبیر دەچووەوە. گەڕەکە کۆنەکەمان لەقەراغی شاردا لەگوندێکی لاتەریکی فەرامۆشکراو دەچوو. کۆمەڵێک خانووی کۆن وخواروخێچی لەگەڵ دامەزراو ڕووبەڕووی باخی سەوزەی قەراخی خڕی خاسە دەبوونەوە. کاتێک کۆڵانە تەسکەکەمان ڕەتبدایە هەنگاوەکانمان دەیانبردین بۆ ئەو تەختاییە پان و بەرینەی ئەوسەری گەڕەکەکەمان. ئێمەی منداڵە وردکە بەزۆری لەو تەختاییەدا بەرامبەر بەڕیزێک دەرگای ماڵان دەکەوتینە یاریی تۆپی پێ. هات و هاوار و ڕاکەڕاکەو تۆپ هاویشتنمان دەبووە مایەی نیگەرانی ڕێبواران و دانیشتووانی ماڵەکان. جاروبار ناچار دەبووین پاشەکشەی لێبکەین و ڕێ بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێلێک چۆڵ بکەین. جاری ئەوتۆریش هەبوو خەڵکیمان لێ بێزار دەبوون و زەلامێک بەهات و هاوار دەکەوتە وێزەمان، ئەوسایش هەڵدەبڕاین و ناچار دەبووین بەرەو خڕی خاسە ڕابکەین. مام مارف و میمکە جەمەی ژنی وەکو دوو بەساڵاچووی پەککەوتە، زۆرجار وەها ڕاهاتبوون لەبەردەم دەرگاکەیان بەکزی و زەبوونییەوە لێی دابنیشن و دیقەتی یاری و گەمەی ئێمەی منداڵانی تووڵازی گەڕەک بدەن. وەکو خەڵکانی تر تەنگەتاو نەدەبوون و بەڕوومانداهەڵنەدەشاخان. هەستم دەکرد بەچاوی بەزەیی و میهرەبانییەوە دەیانڕووانیە من و هەست و سۆزیان بۆم دەجوولا. ئێمەیش لەئاستی خۆمانەوە تاوەکو بۆمان بکرایە نەماندەهێشت تۆپی یاری کردنمان ڕووبەڕوویان بکەینەوە. تاقە شتێک کە بووبووە مایەی سەرسامی و تێڕامانم و بگرە هەمیشە نیگەرانی دەکردم، ئەویش ئەوەبوو بەو منداڵییەی خۆمەوە هەستم دەکرد کە شتێک لەناخی دایکمدا دەرهەق بەو ژن و مێردە بەتەمەنانە گینگڵ دەخوات. عەقڵ و هۆشی سادە و ساکاری منداڵیم ئەوەندە بڕی نەدەکرد بەو ئاسانییە پەردە لەسەر نهێنییەکانی دەوروبەرم هاڵبماڵم. بەواق وڕمانەوە تەماشای دەوروبەری

خۆم دەکرد بەبێ ئەوەی زاتی ئەوەم هەبوایە لەم و لەو پرسیاری هەمەجۆرم بکردایە. دایکم وەها ڕاهاتبوو گەر هەرچەند بەوێندەرێدا ڕەتببوایە، بەپێی توانا خۆی گورج دەکردەوە و بەکەنارگیری ئەوپەڕی ڕێگاکەی دەگرتەبەر، هەروەکو ئەوەی نەیەوێت بەبەردەمی مام مارف و میمکە جەمەدا ڕەتبێت. لەدڵی خۆمەوە دەمووت داخۆ بۆچی دایکم بەو دوورە پەرێزییەی نایەوێت لەگەڵ ئەو دوو کەسە بەسالاچووەدا بکەوێتە چاک و چۆنی و دەم و دوو ..!

کات و وەختی دەمە و عەسر بوو کاتێک من و دایکم بەجووتە دەگەڕاینەوە بەرەو ماڵی خۆمان. ئەمجارەیشیان هەروەکو کەڕەتەکانی پێشووتر لەگەڵ چاوپێکەوتنی دایکم بەو پیرەمێرد و پیرەژنە، یەکسەر ئەوبەری ڕێگاکەی گرتەبەر و نەیویست بەبەردەمیاندا ڕەتبێت. سەبارەت بەو هەڵوێستەی دایکم کۆمەڵێک پرسیار لەناخمدا گەلاڵە بووبوون. بەواق وڕمانیشەوە تەماشای دەوروبەری خۆم دەکرد. کاتێک بەرمکرد بەلادا بینیم مام مارف دەنگی لێ هەڵبڕیوەو ڕووی دەمی تێمانکردووە و دەڵێ :

ـــ کچی خۆم.. کچی خۆم تۆ لەجێی کچی منیت.. بۆچی ئاوەها بەپەلە و خێرایی هەنگاو دەنێیت و بەرناکەیت بەلامانەوەو ناتەوێت بەسەرمان بکەیتەوە .!؟

میمکە جەمە لەمێردەکەی هاتە قسەو پێی وت :

ـ واز لەو ئافرەتە بهێنەو لێ بگەڕێ بەڕێی خۆیەوە بڕوات .

دایکم خۆی لێ نەبان کرد هەروەکو ئەوەی گوێی لەهیچ نەبووبێت وەهابوو. زیاتر خۆم لەدایکم نزیککردەوەو ویستم ئاگاداری بکەمەوە سەبارەت بەداواکارییەکەی مام مارف و پێموت :

ـ دایکە مام مارف لەگەڵ تۆدا دەدوێت .

ئەم قسانەی منیش بوونە مایەی تووڕەبوونی دایکم و بەڕوومدا هەڵشاخاو پێی وتم :

ـ کوڕم هەقی ئەم قسانەت نەبێت و هەرگیز خۆت لەکاروباری کەسانی گەورەتر هەڵمەقورتێنە .

هەموو ئەو شتانە بەبەرچاومەوە ڕوویانداو زیاتر سەرسامیان کردم. دایکم

هەنگاوی خێراتری ناو بەپەلە کەوتە ڕێ و منیش پاشە کشەم لێکردو لێی جیابوومەوە. کەوتمە ملەقوتێ و زیاتر لەو دوو بەساڵاچووە وردبوومەوە. لەپڕ بینیم مام مارف بەدەستی ئیشارەتم بۆدەکات هەروەکو ئەوەی بیەوێت بەرەو ڕوویان بچم , کاتێک لێیان نزیک بوومەوە مام مارف ڕووی دەمی تێکردم و پێی وتم :

ــ دایکت هەقیەتی ڕوومان تێنەکات. کاتی خۆی فاتەی کچم و دایکت بەمنداڵیی هەروەکو ئێستای ئێوە لەم گۆڕەپانەدا لەگەڵ منداڵانی گەڕەکدا یارییان دەکرد .

میمکە جەمە قسەی بەمێردەکەی بڕی و بەتووڕەییەوە پێی وت :

ــ زیاتر لەسەری مەڕۆ کۆنە برینم مەکولێنەوە. ئەوەندە ناوی فاتەی خێر لەخۆ نەدیو مەهێنە .

مام مارف گوێی بەقسەی ژنەکەی نەداو درێژەی پێداو وتی :

ــ کچەلی گەڕەک گەورە بوون و دایکت شووی کردو قسمەتی چووە لای باوکت. خاڵۆت فەیزی زۆر داوای فاتەی کچمانی کرد، بەڵام ئێمە لەئاستیدا چاومان بەستراو چوینە کەلی شەیتان و کچەکەمان بەخاڵۆت ڕەوانەبینی .

لەو کاتەیدا مام مارف هێدی هێدی لەسەرخۆ ئەم قسانەی بۆدەگێڕامەوە، میمکە جەمەی ژنی لەبەرخۆیەوە هەر پرتەوبۆڵەی بوو , پیرەمێردەکەیش هێدی هێدی لەسەری ڕۆیشت و وتی :

ــ پاش ئەوەی خاڵۆت فەیزی نائومێدو دەستخەڕۆ بوو ناچار کچێکی تری لەخۆی مارەکرد. لەم پانتاییەی بەرامبەرماندا زەماوەندی ساز کردو بەدرێژایی سێ شەوو سێ ڕۆژ دەهۆڵ و زوڕنا لێیدا , کوڕو کچی گەڕەکیش بەجل و بەرگی ئاڵ و واڵاوە ئەڵقەی هەڵپەڕکێیان گەرمکرد , بەدرێژایی ئەو سێ ڕۆژەیش فاتەی کچمان بێ وچان هەر فرمێسکی هەڵدەڕشت. میمکە جەمە سەرلەنوێ قسەی بەمێردەکەی بڕی و بەتووڕەییەوە پێی وت :

ـ بیبڕەوەو چیتر کای کۆن بەبا مەکە .

مام مارف ناچاربوو قسەکانی قووت بدات و بێدەنگی هەڵبژێرێت. منیش

لەئاستی خۆمەوە حەزم دەکرد زیاتر درێژە بەقسەکانی بدات و لەسەری بڕوات. کاتێک نیگام بەرەوژوور هەڵکشاند بینیم منداڵانی هاوتەمەنی گەڕەکم سەرقاڵی یاریی تۆپی پێن. بەپەلە خۆم گەیاندە ئاستیان و بەشداریم لەیاری کردنەکەیاندا کرد. پاش ماوەیەک لەیاریکردن چاوم گێڕاو بینیم هەردوو ژن و مێردە پیرەکە چوونەتەوە ماڵی خۆیان و دەرگای حەوشەیان پێوەداوە. بۆ ماوەیەک یارییەکەمان درێژەی کێشا و ئارەقەیەکی زۆرمان دادا. لەپڕ چاوم پێوەبوو دارای هاوەڵمان بەتوندی شەقێکی لەتۆپەکەداو کەوتە نێو حەوشی ماڵی مام مارف ومیمکە جەمەوە. ڕووی دەمم کردە داراو پێم وت :

ــ تۆ تۆپەکەت بۆنێو حەوشی ئەو ماڵە هاویشت , هەرخۆت دەڕۆیت و لەدەرگایان دەدەیت تاوەکو دەرگات لێبکەنەوە و تۆپەکەیشمان بۆ بهێنیتەوە .

دارا هەروەکو ئەوەی نەیەوێت بچێتە ژێرباری داواکارییەکەمەوە سڵی لەقسەکانم کردەوەو پاشەکشەی لێکرد. هەموو هاوەڵەکانیشم هاوڕابوون لەگەڵمدا , ئەوانیش دارایان هاندا تاوەکو بەو کارە هەڵبستێت و تۆپەکە بگێڕێتە دواوە , دارایش لەئاستی خۆیەوە سووربوو لەسەر هەڵوێستەکەی و هەرگیز مەبەستی نەبوو بەو کارە هەڵبستێت. من و هاوەڵەکانم سات لەدوای سات زیاتر جەختمان لەسەر قسەکانی خۆمان دەکردەوە. لەئاکامدا دارا هاتە قسەو وتی :

ــ ناوێرم بچمە نێو حەوشەی ئەو ماڵەوە !

منیش لێم پرسی و پێموت :

ــ گوایە لەچی دەترسیت .؟

بەدەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە وتی :

ــ دایکم و باوکم دەڵێن گوایە کاتی خۆی کچێکی عازەب لەنێو ئەو حەوشەیەدا نەوتی بەسەر خۆیدا کردووەو خۆی سوتاندووە .

بەبیستنی ئەو قسانە هەموو لەشم داهێزراو بەتەواوەتی بەتاسا چووم , چیتر توانای یاری کردنم نەماو پاشە کشەم لێکرد. لەدڵی خۆمەوە وتم ئاخ و داخ بۆ فاتەی پەپوولە ئاسای تەمەن کورت.

# لە گەوە و لێژی ڕێگادا



هەواڵنامەی کتێب

ئیبراهیم گولستان
وەرگێڕانی: خالید فاتیحی

ڕێگا وەک مارێکی سرک بەسەرەوژێری دۆڵەکەدا دەخزی و دەچووە خوار. ڕاز لە مانگەشەوی هەڵاتووی شەوی کوێستاندا، وە سێبەری ڕەش و چڕی دارچەقالەکان دەکەوت. دوو پیاو دەڕۆیشتن و مانگی یەکشەوە لەسەرەوە سەیری دەکردن. سێبەرە ترساوەکان، خۆیان دەخزاندە بن قاچیان وەک ئەوەی بڵێی خشەشی پێڵاوەکانیان کپ بکا. دۆڵەکە تەواو دەبوو ڕێگا دەکەوتە دەشتێ. لەژێر تیشکی مانگەشەودا کێوەسەرکەشەکان قورساییان دەخستە سەر تاریکی شەو. دوو پیاو دەگەیشتنە گەرووی دۆڵەکە. ئەوەی لەدواوە دەڕۆیشت گوتی: «ئێستا وەرەو گوێ بگرە.»

ئەوەی لەپێشەوە دەڕۆیشت وەڵامی نەدایەوە.

«گوێ بگرە. یەک خولەک ڕاوەستە بزانە دەڵێم چی.»

ئەوەی لەپێشەوە دەڕۆیشت وەڵامی نەدایەوە.

«من ئیدی ناتوانم. گوێ بگرە. ئێستا بەرەبەری بەیانییە. هەرکە سیوادی دا وەدوامان دەکەون. بە سواری ئەسپ وەدوامان دەکەون...»

ئەوەی لەپێشەوە دەڕۆیشت هەنگاوەکانی شل بوون.»

«ئەگەر بکەوینە دەشتێ زوو دەمانبیننەوە. بۆ هەرجێگایەک بچی بەجێت ناهێڵم، وەدوات دەکەوم. بەڵام گوێ بگرە. هەر ئێستا سیوادی دەدا. وەرە با چیدیکە نەڕۆین. دەچینە کێوی لەلای دارچەقالەکان خۆمان دەشارینەوە. ئێوارێش دووبارە وەڕێ دەکەوینەوە.»

ئەوەی لەپێشەوە دەڕۆیشت هەستیکرد ڕاست دەکات، بەڵام نەیدەویست خۆی پێ بسپێرێ. نەیدەزانی چۆن چۆنی قسەکانی قبوڵ بکا.

«ئەگەر ئەمڕۆ نەمانبیننەوە.... ئەوجاریش لێمان ناگەڕێن. ئێستا ئیدی گوێم لێبگرە. هێندە کەللەڕەق مەبە. بزانە لە کەنگێوە هەروا دەڕۆین و هەرچی پێتدەڵێم یەک وشەش جوابم نادەیتەوە. لە نیوەڕۆیە تا ئێستا. ئیدی ماندوو بووم.»

ئێستا سەرەداوی باسەکەی وەدەستکەوتبوو:

«دەتویست نەیەی. بۆچی هاتی؟ کێ پێیگوتی وەرە؟ چ کارێکت بە منە؟ ئێستاش وەگەڕێ.»

بەڵام دڵی تەنگ بوو لەوەی کە گوتی. کەمێک بێدەنگ بوو. دەیویست شتێک بڵێ تا قسەڕەقەکەی ڕاست کاتەوە. بەڵام سەرکێشیەکەی دووبارە سەری هەڵدایەوە:

«بەڕاستمە. دەتتوانی نەیەی. کێ پێیگوتی وەرە؟»

زمانی خۆی گرت: «چ کارێکی بە تۆیە! تۆ هیچت نەکردووە. کاری بە تۆنییە.»

دەمەدەمی سپێدە بۆنی درەختی کێوی چەقالەو چەقڵە وشکەکانی دێنا. مانگ ڕەنگی کاڵ دەبوو لە قەراخ کێوەکانی ڕۆژهەڵاتدا بزردەبوو. ئەوەی لە

پێشـەوە بـە هێواشـی دەڕۆیشـت، ڕاوەسـتا: «باشـە، وەرە بـا بڕۆیـن.» ڕێگاکەیـان بەجـێ هێشـت. بەسـەر جۆگایەکـدا ڕۆیشـتن کـە هێشـتا بـە ئاسـتەم دەبینـرا. چوونـە سـەرتر. کەوتنەسـەر خیزەڵانەکـە. لەوێـش تێپەڕیـن. تـازە دەگەیشـتنە یەکـەم دارچەقالـە. درەختـی کۆنەسـاڵ و قوڵـە، دەتگـوت تابووتـی لەبیرچـووەوەی جندەکانـن، بـە دەورووبـەری دامێنـی کێوەکـەدا بـڵاو بوونەتەوە. بەنـاو درەختەکاندا تێپەڕیـن و بـە نشـێوەکەو ئەوجـار بەپانایـی داوێنەکەدا چوونەسـەرێ. مانگ بەسـەر سـەریانەوە تێپەڕیبوو کەوتبووە پشـت کێوە دوورەکان و ڕەنگە کاڵەکەی لە قوڵایی ئاسـماندا لەگـەڵ دەرکەوتنـی ئاسـۆ تێکـەڵ دەبـوون. قەراخـی کێـوەکان لەپەراوێزی ئاسـمان دەنیشـت. ئـەو پیـاوەی کـە هێشـتا لـە دواوە دەڕۆیشـت ڕاوەسـتاو گوتـی: «هێواشـبە.» ئـەوەی لەپێشـەوە دەڕۆیشـت ڕاوەسـتاو پاشـان بـەرەو دوا گەڕایـەوە لولـەی تفەنگەکـەی وەلکـی دارچەقالەیـەک کـەوت. ئـەو پیـاوەی کـە لـە دواوە دەهـات ئانیشـکی لەسـەر ئەژنـۆی پێشـەوەی دانابـوو داهاتبـۆوەو هەناسـەبڕکەی وێکەوتبـوو. چەنـد پەڵەهەورێکـی چڵکـن لـەلای ئاسـۆ دەبینـران. ڕووناکاییەکـی کـەم ڕەنگـی نارنجـی لـە تەنیشـت ئاسـمانی پشـتی کێـوەکان دەدەکـەوت. لـە سـنگی هەورەکانـی دەدا. تریفـەی مانـگ و تاریکـی شـەو تێدەپەڕیـن.

«چیتە؟»

ئـەو پیـاوەی سـەری وەئەژنۆیـان کردبـوو لێکدا لێکدا هەناسـەی دەدا. ئـەوەی کـە گەڕابـۆوە پرسـی: «چیتـە؟»

«هیچ.... بزانین چ بەڵایەکمان بەسەردێنی.»

«بۆچی بۆخۆت نەتگوت با وەشاخی کەوین؟»

وەڵامـی نەدایـەوە. ئـەوەی دیکـەش بێدەنـگ بـوو. بێدەنگـی هەمـوو شـوێنێکی داگرتبـوو. پیـاوە چەماوەکـە هەمـوو ئـەو شـەوە هەناسـەی هەڵدەکێشـا، شـنەی بـا لـە کلکـەی نارنجـی ڕەنگـی ئاسـۆوە، سـپێدەی بەڕووخسـارو چـاوی پیـاوە ڕاوەسـتاوەکە دا دێنـا.

«چیتە؟ ماندوو بووی؟»

کەڵکی چییە وەڵام بداتەوە.

«باشە، قسەبکە! دەتویست بڵێی کەمێک بحەسێینەوە.»

ماندوێتی لە لەش دەربکا بەکەڵکی چی دێ؟ ئێستا ڕۆژ دەبێتەوە. سوارەکانی خان دێن. مرۆڤ لەکوێ دەتوانێ لە دەست پیاوەکانی خان خۆ پەنادا. بۆ چما خان لێدەگەڕێ؟ بۆ چما ڕەحم دەکا؟ سەرەنجام سوارەکان دێن. ئێرە ئەوسەری دۆڵەکەیە. سوارەکان دەزانن کە هیچ کەس بە ڕۆژ ناکەوێتە دەشتێ...

«هاتیەوە سەرخۆ؟»

هێشتا لەبیرکردنەوەی خۆیدابوو.

«دەهەستە ئیدی!»

«تۆ پێتوایە دەتوانین لە دەست خان ڕزگارمان بێ؟»

«ئەدی چیمان کردووە؟ بەڵام ئەگەر تۆ لێرە وەمێنی، نا»

ئەگەر بیانگرن، خان دەیان بەخشێ؟ بەڵام ناکرێ لە دەست خان هەڵێی. سوارەکانی خان دەتوانن بچنە هەموو جێگایەک. دەڵێی خان دەیان بەخشێ؟ بڵێ باشە جارێکی دیکە لەو غەڵەتانە ناکەین! یانی وادەڵێ؟ لە خەیاڵی لێخۆشبوونی خان نەدەچوەدەر. ئیدی بەیان ئەنگوتبوو. ڕووناکی بێ سێبەر هەموو شوێنێکی داگرتبوو. ڕێگاکە دیاربوو. پێچاوپێچی جادەو گەرووی دۆڵەکە دیاربوون. دەشتەکە، کە بستووی کێوێکی لەخۆی گرتبوو دیار بوون. سپێدە ترسی شەوی لە کێو و درەختان داماڵیبوو ئێستاش دارچەقالەکان، بچووک و بێ ئازار، بەناو بەردەکاندا بڵاوببوونەوە. دەتگوت ئەو شەوەی تێپەڕیوە، زیاتر ئەوانی لەگەڵ خۆی بردبوو. پیاوە ئانیشکی لەسەر ئەژنۆی لابرد. پیاوێک بوو چل، پەنجا ساڵە. پرسی:

«برسیت نییە؟»

ئەوەی دیکە کە گەنج بوو ڕاوەستاو گوتی:

«نا.»

«چۆن وایە؟»

«برسیم نییە ئیدی؟»

«ئاخر لە... من شتێکم لەگەڵ خۆم هێناوە.»

ئێستا دەیتوانی بڵێ برسیمە. زۆریش. بەڵام هیچی نەگوت.

«دیتم هیچت هەڵنەگرت، خۆم هێنام. فیشەکەکانیشت نەهێنابوون...»
قسەکەی پێ بڕی: «وەرە با بچینە سەرترا!»
بەڕێوە، ئەوەی کە چل پەنجا ساڵە بوو گوتی:
«ئەدی ئاو؟ خۆزگە لە خوارێ هێنابامان.»
گەنجەکە هیچی نەگوت. ڕاوەستا. ئەوەی دیکەیان پرسی: «دادەنیشین؟»
لاوەکە دانیشت. ئەوەی دیکەیان دەسماڵێکی ئاوریشمی یەزدی کۆنی دەرهێناو ڕایخست. چەند لەتکەنان، کە هێشتا لە ئەنجامی پێچرانەوەی دەسماڵەکە ڕێک نووشتابوون، لەناویدابوو. گەنجەکە نانەکانی لێک کردنەوە. نانی ناوەڕاست پڕبوو لە پەنیری تەڕ. ئەوەی دیکەیان لە کێو و دەشت و ئاسمانی دەڕوانی و بەکاوەخۆ دەستی دێناو پارویێکی هەڵدەگرت. کێوەکە خۆی دابووە دەست شنەی با. بایەکی نەرم چڵەکانی قەراغی دەلاژندنەوەو بەناو گەلا پڕ لە تەپوتۆزەکانداو بە تەپۆلکەکاندا تێدەپەڕی. هەورەکانی لێواری (ئاس) پڕ لە تیشک بوون و دەدرەوشانەوە. هەتاو دەرکەوت. پیاوە بە ساڵدا چووەکە نەیدەخوارد. گەنجەکە هێشتا دەیخوارد. پیاوە دەستەکانی لەبەر پشتێنێ نابوون. لاوەکە بەسەرنجێکی خۆشەویستی لێی ڕاما. هەستیکرد باوکی خۆشیدەوێت، تێگەیشت ئەویش ئەوی خۆشدەوێت. هەتاو لە ڕووخساری بابی دەدا، هەمان ئەو هەتاوەی دەشتێ کە ساڵانی ساڵ وە ڕووخساری کەوتبوو، سووتاندبووی، تاوەسووت ببوو. ئێستاش چاوەکانی لە ڕووناکایی خۆردا دەدرەوشانەوەو پێستی دەوروبەری چاوەکانی وەکو کۆنە پەردەیەک دڕدڕ ببوون، دەستە قەڵشیوەکانی لە کونی قۆڵی کەواکەی هاتبوونە دەرێ و قۆڵی کەواکەی بەو کونە گەورەوە کە دەگەیشتە سەر ئانیشکی، هاتبووە دەر. هەتاو هەموو جێگایەکی داگرتبوو. هەودای دووکەڵ لە نێوەڕاستی دەشتێ هەڵدەچوون و بەهەوادا بڵاو دەبوونەوە و بزردەبوون.
لاوەکە گوتی: «دەی، هەستە بابڕۆین.»
«دەڕۆین.»
«هەستە ئیدی، تادرەنگ نەبووە هەستە!»
هێشتا کارێزەکان هەڵمیان لێ هەڵدەستا. دوو باڵندەی کێوی باڵیان لێکداو

چریکەیـان دەنگـی دەدایـەوە. پیـاوە سـەبیلەکەی بەتـاڵ کـردو لەبـەر پشـتێنی ڕاکـرد:

«ئـەو جاریـش وەرەو بیربکـەوە.» بەچاوەڕوانییــەوە، لــە کوڕەکەیــەوە ڕامـا. کوڕەکــەی جنێـوی دا:

(ئاخر بچینەکوێ کە.. بچینە کوێ؟)

کوڕەکەی دووبارە جنێوی دان:

«هاتیـن و گەیشـتینە شـار، گەیشـتینە جێیـەک، باشـە دوایـی چـی؟ ئاخـر لەکـوێ...؟ وەرە باوەگەڕێـن. وەرەو گـوێ لـە مـن بگـرە باوەگەڕێـن. دەزانـم دەمانبەخشـێ. ئەگـەر لەبەرخاتـری منیـش بـێ. دەڵێـم نەیزانـی، غەڵەتـی کـرد! غەڵەتـت کـرد گوێـت نەدایـەو نەچـووی بەسەردەسـت و پێیانیـدا بکـەوی...»

«دێی یان نا؟» لە تووڕەییان هاواریکرد: «دێی یان نا؟» جنێوی دا.

پیاوە قسەکەی خۆی بڕی و بێدەنگ بوو. لەجێی خۆی هەستا.

«بۆچـی وەدوام کەوتـی؟ چیـت لـە مـن دەوێ، هـەر دەڵێـی وەگـەڕێ، وەگـەڕێ، بگەڕێـوە...» جنێـوی دان. «بگەڕێمـەوە بۆچـی؟ کـوێ؟ خنکام. گیانم گەیشـتبووە سـەرلێوم. تـا چەنـد چەپەڵۆکـم لێبـدرێ و دەسـتەو نـەزەر ڕاوەسـتم. تـۆ دڵـت نایە کاول بووەکـەی خـۆت بەجێبێڵـی. بـەڵام مـن بـۆ نەتوانـم؟ ئێسـتا هاتـووی، باشـە، بـەڵام بـۆ هێنـدە پرتەپـرت دەکـەی؟ نایـەی، وەگـەڕێ. سـەد جـارە پێتدەڵێـم، بێـی یـان نەیـەی بەمـن چـی.»

دەیزانـی کـە نەیگوتـوە ئەگـەر بابـی بێـت یـان نەیـەت پەیوەنـدی بـەوەوە نییـە. لـە دوانیـوەڕۆ کـە وەڕێکەوتبـوون هەرچەنـدە بابـی گوتبـووی بـڕواو لەبەرپێـی خاندا بکـەوێ، وەڵامـی نەدابـۆوە. وەڵامـی هیـچ لـە پرسـیارەکانی نەدابـۆوە. بەرلـەوەی وەڕێکـەوێ بـە دایکـی گوتبـوو ئیـدی ناگەڕێتـەوە لایـان. واز لـە ڕەشـماڵەکە دێنـێ. واز لــە مــەڕ و بزنــەکان دێنــێ و... وەکێـو و بەندەنـان دەکـەوێ. ئاخـر هــەر دەچێتــە جێگایــەک. باوکــە بێدەنــگ بــوو. لــە دوێنــێ دوانیوەڕۆیــە کــە وەدوای کوڕەکــەی کەوتبــوو دەیزانــی کارەکــەی ئەنجامــی نییــە. لەبەرخۆیــەوە دەیگــوت بچێتەکـوێ، بۆچـی بـڕوات بـڕوا یـان نـەڕوا. بـڕوا یـان بگەڕێتـەوە، بـۆ نەگەڕێتـەوە، دەچێتەکـوێ؟ ئاخرەکەشـی نەیدەزانـی کـە بـڕوا یـان نـەڕوا، یـان بگەڕێتـەوە. لەبـێ

بڕیاردان وەدوای کوڕەکەی کەوتبوو هەروا هاتبوو.

«نایەی؟»

چۆن بڕوا؟ چۆن نەڕوا...؟

«تینوومە. ئاویشمان نییە.»

«کێشەکە هەر ئاوە؟»

«ئاخر هەروا دەتەوێ پەلەی بکەی، پێخۆرت پێ نییە، ئاوت نەهێناوە، فیشەکت نەهێناوە. هەرواش پەلەی دەکەی.»

«دێی یان نایەی؟»

«ئاو....»

کوڕە جنێوی دا.

«تۆ بچیە هەرجێیەک بەجێت ناهێڵم. کوڕم ئاقڵ بە.» خۆزگە بۆخۆی وەدوای ئاوێ کەوتبا! نەیدەهێشت بۆخۆی بزانێ، کە بۆچی خۆزگە بۆخۆی بڕوا بۆ ئاوێ. «ئاخر دەبوو ئاومان پێبا.» بڕوا لەسەر کانییە لەسەر ڕێیە ئاوێ بێنێ؟ لەسەرڕێڕا هاتنەوەخوار. «ئاومان نییە. بەبێ ئاویش ناکرێ وەکێوی کەوی. وەرە بڕۆ ئاوێ بێنە. مەتارەکەم پڕکە لە ئاو. لەسەر ئەو کانییەی. لەو خوارەی.» خۆزگە دەیتوانی بۆخۆی بچێ. کوڕە بێدەنگ بوو. بۆچی باوکی بەدوایدا هات؟... خۆزگە دەگەڕایەوە، بڕیا نەهاتبا! بریا گەڕابایەوە! ئێستا بەدەستانیەوە گیری خواردووە.

«ئەگەر ناڕۆی تا بۆخۆم بڕۆم»

بڕوا؟ باوکی بڕوا؟ بڕواو نەگەڕێتەوە. ڕەنگە بۆخۆشی بیەوێ بگەڕێتەوە. ئەگەر ڕۆیشت. کاتێک بابی ڕۆیشت بۆخۆشی دەڕوات. بۆخۆشی دەڕوا تا ئەگەر بابی گەڕایەوە نەیبینێتەوەو بەناچاری وەگەڕێ...

«بۆخۆت برۆ»

بابی هیچی نەگوت. پێشتر بۆخۆی زۆری حەزدەکرد بچێ ئاو بێنێ. بەڵام ئێستا گێژبوو کە کوڕەکەی پێیگوتووە ئەو هەموو ڕێگا سەرەوژێرەو هەورازە ببڕن. وەڕێکەوت. کوڕە ڕاوەستابوو سەیری دوورکەوتنەوەی بابی دەکرد. ئێستا ئیدی نەیدەدیت، تەنیا گوێی لە دەنگی پێیەکانی بوو. ئیدی دەنگی

پێیەکانیشی نەما. شانی هەڵتەکاند تا قایشی تفەنگەکەی جێ گۆڕکێ پێ بکا. بە تەنیا بڕوا یان بابیشی بەرێ؟ بابی ناتوانێ پێ بەپێی ئەو بڕوات، زوو ماندوو دەبێ. ئەرێ بۆچی بێت؟ کێ ئاگای لە دایکی و خوشکەکانی بێت؟ نا. نەیەت. بگەڕێتەوە. بۆخۆشی ئەوە دەگەڕێتەوە. ڕەنگە. لەوانەشە نا... ئەگەر نەیەت خان چی بەسەردێنێ؟ تفێکی ڕۆکرد .نا. دەبێ بەتەنێ بڕوات. ئەو نابێ بکەوێتە دەستی خان. بۆ وە دەست خان بکەوێ؟ ئەو گەمژەیە پێیوایە دەبێ بەسەر دەست و پێی خاندا بکەوی! جنێوی دا. بۆ بکەوێتە بەرپێی خان؟ ئەو بەدبەختانە دەترسن هەڵگەڕێنەوە! دەترسن خۆیان نەجات بدەن! بۆ ناکرێ؟ بۆچی بنیادەم لە هیچ و خۆڕایی خۆی دیل بکا؟ بۆ خۆی فریوبدا؟ خان یانی چی؟ جنێوی دا. بەڵام ئەگەر بڕواو باوکی بگەڕێتەوەو نەیبینێتەوە؟ تفێکی فڕێدا. دەستێکی بەناو چەوانیدا هێنا کە لەبێ خەویان قورس ببوو. لەناکاو تفەنگەکەی لە شانی کردەوە. ئەگەر بابی نەگەڕێتەوە، ئەدی فیشەکەکان چ لێدەکا؟ جنێوی داو جنێوی دا. بۆچی پەلەی کردبوو فیشەکدانەکەی خۆی نەهێنابوو؟ تووڕەیی وەلەرزەی خستبوو. دەڵێی بابی ڕۆیی کە ڕۆیی؟ ڕۆیشتووە ئاوێ بێنێ، بەڵام ئیدی ناگەڕێتەوە؟ ویستی لە مەخزەنی تفەنگەکەیدا فیشەکەکان بژمێرێ. لە دوو فیشەکان زیاتری تێدانەبوو. جنێوێکی پیسیدا. دووبارە تفەنگەکەی لە شانی کردەوەو بەدوای بابیدا وەڕێکەوت. بەناو دارە وشکەکاندا تێدەپەڕی. بە سەرەوژێرێکدا هاتەخوارو بە هەورازێکی کووڕدا سەرکەوت. مێشکی ئاڵۆزبوو دەنگە دەنگێکی دەهاتە بەرگوێ. بابی چەندە دوور کەوتۆتەوە؟ کەوایە با غاردا. بەڵام نەدەکرا. تفەنگەکەی لە دارەکان گیردەبوو. دەبێ بە کووڕەکووڕ بڕوات. بەڵام دەبێ بابی هێندە دوور نەکەوتبێتەوە. حەتمەن لەپێشدا ئاوی هەڵێنجاوە، دوایەش گەڕاوەتەوە. کە گەیشتە جادەش توونید دەڕوات... خۆ بابیشی غارینەداوە. دەیگاتێ. پێی دەڵێت بۆچی فیشەکەکانت نەداوەتێ؟ بۆ مەتارەکەت برد؟ بابیشی دەڵێ چی؟ بابیشی شەرمێ دەکا بۆچی بەتەنێ بەجێی هێشتووە. جنێوی دا. بابی... لەپشت دارێک خۆی بەعەردی داداو وشکبوو. گەیشتبووە سەرووی بەردەڵانەکە. وردە بەردەکان بەجوڵەی ئەو

دەخـزان و دەچوونـە خـوار. خـوارێ، سـەرکانی، پێنـج سـوار باوکیـان گرتبـوو. دوو لـە سـوارەکان، لـە ئەسـپەکانیان دابەزیبـوون و بابیـان گرتبـوو سـێیەکەی دیکـەش هـەر لەسـەر پشـتی ئەسـپەکانیان مابوونـەوە. دەنگەکـە بەباشـی دەهـات. جنێویـان دەداو دەیـان پرسـی:

«کوانێ کۆهزاد؟»

کۆهـزاد نەیدەزانـی بابـی دەڵـێ چـی، بابـی پشـتی لـەو بـوو، دەنگەکـەی پچـڕ پچڕبـوو. یەکێـک لـە سـوارەکان دابـەزی و هاتـەلای بابـی کۆهـزاد. شـتێکی گـوت کـە کۆهـزاد نەیتوانـی لێـی حاڵـی بـێ. کۆهـزاد دەیدیـت بابیشـی شـتێک دەڵـێ. سـەر و شـان و دەسـتەکانی دەجـوڵان، بـەڵام نەدەزانـرا دەڵـێ چـی. ویسـتی هەسـتێ لەنـاکاو وەبیـری هاتـەوە زەویەکـە خیزەڵانـەو بـەردەکان بەردەبنـەوە. بـە ڕقـەوە ددانـی چیرکـردن. سـەیرێکی ئەمـلاولای خـۆی کـرد. هـەر دوولا، تـاک بـە تاکـی دارچەقالـەکان تەواودەبـوون و سـەرەولێژی کێوەکـەش دەچـووە نـاو دۆڵەکـە لەولایـەوە گەلییەکـە دەگەیشـتە دەشـتی لەپشـتی تاشـەبەردێک خـۆی مـەڵاس دابـوو، دوای ئـەوە، دەشـتەکە ئێسـتا لەژێر هەناسـەی گەرمـی خـۆردا هەڵدەکشـا، بەرەبـەرە شـاڵاوی دێنـا. باریکـەڕێ بەنـاو دڕوو ڕەشـەکاندا دەهـات و لەولایـەوە لـە گەلـی دەهـاڵاو لـەولای تیشـە شـاخەکانەوە تێرەپـەڕی. دەنگـی جنێـودان لـە خـوارێ بەرزبـۆوە. کۆهـزاد دیتـی یەکێـک لـە سـوارەکان بـە تفەنـگ هەڕەشـە لـە بابـی دەکات، بابیشـی وردەوردە دەڕوات. سـوارە دەیگـوت:

«بڵـێ! یاڵـڵا بڵـێ! ئەگـەر وەدەسـتمان نەکـەوێ کەوڵـت دەکەیـن. دەقسـەبکە! دەقسـەبکە ئیـدی! سـەگباب، قسـەبکە!»

بابـی پاشـەوپاش کـەوت. سـوارە بـە تفەنگـەوە لەسـەر سـەری ڕاوەسـتابوو دەیویسـت وەبـەر قۆنداخـە تفەنگانـی دا. کۆهـزاد دەلـەرزی. نەیدەزانـی دەبـێ چـی بـکا. هیچـی لـەدەم نەدەهاتـەدەر. تەنیـا سـێبەرێک بەسـەر شـعوریدا هاتبـوو جێگیرببـوو. سـوارەی بـە گوللەیـەک لـە خۆڵـێ وەردا. دەلـەرزی. دەویسـت لـەو وەسوەسـەیە ڕاکا. سـوارێک بەسـەر سـەری بابیـەوە ڕاوەسـتابوو دەیویسـت تفەنگەکـەی بـە سـنگی بکێشـێ، هاواریکـرد:

«سەگباب! دەبڵێ لە چ گۆڕێکدایە!»

بابی دەینالآند. بابی شتێکی دەگوت. سێبەری وەسوەسەیەک لەسەر ڕووی کۆهزاد نیشتبوو. کۆهزار هەوڵیدەدا ناڵە ناڵی بابی باشتر ببیستێ. بابی دەیگوت:

«عەلی قولی، بەسەری خان نەمدیوە. عەلی قولی، بەسەری خان نازانم لەکوێیە. عەلی قولی، عەلی قولی لێم مەدە. عەلی قولی، بەسەری خان نازانم. منیش هاتووم وەیبینم. بەسەری خان نازانم لەکوێیە. هاتووم نانی بۆبێنم. هاتووم بیهێنمەوە...»

کۆهزاد دەلەرزی. هەرگیز پێی وانەبوو بابی هێندە زەلیل و بێدەستەلآتە. ڕقی خۆی دەبۆوە کە بابی هێندە بێ هێزو داماو دەپاڕێتەوە. دووبارە سێبەر دەهاتن... عەلی قولی قۆنداخە تفەنگی لەسنگ و ورگی بابی دەکوتا. بابی دەینالآند. کۆهزاد تەکانێکی دا. بەلآم دوو گوللە. دوو گوللە. کۆهزاد دووبارە خۆی بەزەویەوە نووساند. عەلی قولی ئیدی لە بابی نەدەدا. بابی هەوڵیدەدا لە جێی خۆی هەستێ. ئێستا هەموو سوارەکان دابەزیبوون. هەموو لە دەوری بابی خڕببوونەوە. یەکێک لەوان گوتی:

«درۆیان مەکە، ئەڵڵایار. تۆ دوێنێ وەڕێکەوتووی، چۆن تا ئێستا نەتدیتۆتەوە؟»

ئەڵڵایار دەستی لەژێر پشتێنەکەی بەسەر زگی دادێناو بە ئازار دەتلایەوە:

«ئاخر ئەگەر دیتبامەوە لەگەڵم دەبوو، بێویژدان!»

سوارەکان تێکەوەڕامان. ئەڵڵایار دووبارە گوتی:

«هاتووم بیگێڕمەوە. هاتووم پێی بڵێم بڕۆ بەسەر دەست و پێی خاندا بکەوێ. من چووزانم لەکوێیە، لە چ کاولگەیەکدایە؟»

عەلی قولی دووبارە هاتەوەپێش و بە هەڕەشەوە گوتی:

«خان دەڵێ لە هەر جێگایەک دیتمانەوە هەرلەوێ دەردی دەرمان کەین، هەرلەوێ لە قوڕێی گرین.! ئەگەر نەڵێی لەکوێیە، خۆت دەگرین. هەر لێرە سەنگەوبەردت دەنێین. دەست و دەمت دەبەستین و سەنگەوبەردت دەنێین.»

ئەڵڵایار دەستی خۆی دەکرۆشت و لەخۆی دەدا. نەیدەزانی سوارەکان دەڵێن چی، چی بەسەردێ. ئەگەر بیانەوێ بیبەنەوە، دەبێ بە پێیان ئەو هەموو

ڕێگایەی ببڕێ. ماندوویەتییەکی زۆرو بێ خەوی دوێشەو ناوچەوان و مێشکی ڕێکدەگوشی. کۆهزاد چی لێدێ؟ دەکرێ چەند فیشەکان لەبن بەردانـدا بشارێتەوە تا کاتێک کۆهزاد بەدوایدا هات... نا، ئەگەر هات ئاوێ بێنێ.... نا، ئەگەر شەوێ لەو ڕێگایەوە بچێتە دەشتێ... لە تووڕەییان ئاخێکی هەڵکێشا. سوارەکان ئەسپەکانیان بەرەو سەرچاوێ لینگداو لەوێ ڕاوەستان و پێکەوە قسەیان دەکرد. ئەڵڵایار گوێی لێنەبوو دەڵێن چی. ئەڵڵایار لە فکری فیشەکەکان نەدەچۆدەر. دەکرێ فیشەکان لەبن ئەو بەردانەدا بشاریەوە. ڕەنگە کۆهزاد بێ. ڕەنگە! دەتوانێ لەژێر ئەو بەردانەدا بیانشارێتەوە تا کۆهزاد بیان بینێتەوە. کۆهزاد فیشەکی پێ نین. ناکا کۆهزاد بێت! بەدوای ئاوێدا... یان بەدوای ویدا... یان بەدوای فیشەکاندا... دووبارە سەیری بەردەڵانەکەی کرد. هەتاو لە بەردەڵانەکەی دابوو. تیشە شاخێک لەلایەکی بەردەڵانەکە هاتبووە دەر. درەختەکان لە سەرووی بەردەڵانەکەوە ڕوابوون و لە داوێنی کێوەکەو بەدرێژایی کێوەکەدا بڵاو ببوونەوە. ئاسمان ڕەنگی شینی جارانی نەمابوو. ئەڵڵایار لەناکاو لەرزی و لەشوێنی خۆی وشکبوو، تێکڕابوو. کۆهزاد! کۆهزادە؟ بریقەی لوولەی تفەنگی ئەوە؟ ئەدی کوا؟ ئاخ! ئەوجاریش! کۆهزاد...

کۆهزاد زانی بابی دیتوویوتی. بابیشی هەرواکە سەیری دەکرد، جوڵابوو پاشان بێ ئەوەی تەکانبدا، تێیەوەڕامابوو هەوڵیدەدا، بەزەحمەت هەوڵیدەدا بەسەر ئیشارەیەکی بۆ بکا. کۆهزاد تێگەیشت کە جوڵانەکەی بابی دیتوویەتی. دووبارە لەسەر زگ ڕاکشا. ڕیزە بەردێک لە بەردەڵانەکە خزین. ئیدی نەیدەتوانی هەڵێ. کە وایە بابی نەیگوتووە. ئەگەر گوتبای ئێستا ئیشارەی نەدەکرد. ڕەنگە ئیشارەشی بۆ بکا کە هەڵێ. ڕەنگە واشی گوتبێ و ئێستاش کارێکی وابکا کوڕەکەی نەکەوێتە دەستی ئەوان. بەڵام چۆن بڕوا؟ بابی ئەوی دیتووە، دەکرێ هەموو دیتبیان. ئەگەر بابی گوتبی و سوارەکانیش وەدوای کەون! ناتوانێ لە شوێنی خۆی بجوڵێ. هەموان دەیبینن. فیشەک... جنێوی دان. لە مێشکی خۆیدا بەدوای پیسترین جنێودا گەڕا.

ئەڵڵایار نەیدەزانی چی بکا. هەموو شتێکی لەبیری خۆی وەدەردەنا تا هیچ هەستی پێ نەکەن. بە خەیاڵیدا هات ڕابکات. نا هەڵێ نا هەڵ نایە.

ڕابکا بۆئەوەی بیکوژن. چ باشتر! بەیەک گوللە نەجاتی دەبێ. لەوەی باشترە بنیادەم ئاوای لێ بێ، ئاوارەلیل بێ و نەزانێ چی بەسەردێ، نەزانێ چۆن دەبێ بمرێ. ئاخ، ئەگەر سەنگەو بەردی دەن! کوڕەکەی چۆن دەکوژن؟ کچەکانیشی؟

یەکێک لەسوارەکان هاتەلای. ئەڵڵایار لەشوێنی خۆی هەستا. نەیدەزانی چی ڕوودەدا.

«بۆ لەجێی خۆت هەستای؟»

ئەڵڵایار وەڵامی نەدایەوەو لەسەر بەردێک دانیشت. کابرای سوارە هاتەپێش و بەهەمان ڕاوێژی هێمن و ئارام لێی پرسی:

«پێمبڵێ، بۆچی وەدوای کەوتی؟»

ئەڵڵایار خەریکبوو سەری بەرەولای بەردەڵانەکە وەردەسووڕاند کە پێشی بەخۆی گرت و گوتی:

«توڕاب، بەسەری تۆ هاتووم بیگێڕمەوە .بەگیانی خۆیشی. بەسەری خان.»

توڕاب لەسەرخۆ پرسی:

«کەوایە بۆ نەتگێڕایەوە؟»

ئەڵڵایار بەدژواری بەسەرخۆیدا زاڵبوو تا نەڵێ لەبەرئەوەی بەگوێی نەکردووم. گوتی:

«توڕاب، بەسەری خان، بەسەری خان نەمدیوە.»

لەناکاو ئازارێک لەسەری گەڕا. توڕاب زللەیەکی توندی تێسرەواندبوو- ناکا سوارەکان کۆهزادیان دیبێ؟ دیتوویانە؟ دیتت چی ڕوویدا؟ بۆ سوێندی بەسەری خان خواردبوو؟ -سەری لەگێژەوە دەهات و گوێی دەزرنگایەوە. توڕاب پرسی: «بۆ نانت بۆ هێناوە؟ بۆچی نەتزانیوە بۆتە یاغی؟»

ئەڵڵایار لەسەرخۆ گوتی: «دەمویست بیگێڕمەوە.»

«بۆچی نانت بۆ هێناوە؟»

«ئاخر دەمویست بیگێڕمەوە.»

«دەڵێم مەگەر بۆت نەهێنابوو؟» بەبێ تاقەتیەوە پرسی: «ئا یان نا؟»

«ئا.»

تووڕاب زللەیەکی دیکەی لە بناگوێی سرەواند: «کەوایە لەکوێیە؟»

«چی؟» سەری لەگێژەوە دەهات.

«سەگباب، کەوایە لەکوێیە؟» مستێکی توندی لە شانی ئەڵڵایار کوتا: «لەکوێیە؟»

ئەڵڵایار بەرەبەرە تێدەگەیشت لێی دەپرسن کەوایە کوا نووردووەنانەکەی بۆت هێناوە. لەئێش و ئازاری خۆی هەستیدەکرد لەگەڵ شتێک ڕووبەڕوو بۆتەوە کە چاوەڕوانی نەدەکرد. هەستیکرد پێلەقەیەکی توندیان بە ورگی کێشا. کۆهزاد دەیدیت لە بابی دەدەن. خاک و بەردەڵانەکە بۆنی گەرمایان لێدەهات. گەرما لە دەشتێ هەڵدەکشاو لەخۆرە بێجوڵەکە دەڕژایە خوارێ. گەرمایەکی سپی بەسەر هەمووشتێکەوە وەستابوو. کۆهزاد دەیدیت لە بابی دەدەن. لەخوارێ، ئەسپەکان لەلای بەردەڵانەکە ڕاوەستابوون و ئاوەکەش لە کانییەکە هەڵدەقوڵی و بە دۆڵەکەدا دەچۆخوارێ و تیشکی خۆر لێیدەدا. کۆهزاد دووبارە بەملاولای خۆیدا ڕوانی. دارچەقالەکان تاک و تەرا دەبینران. لەبەردەڵانەکەوە هاڵاو دەهات. دووبارە سەیرێکی خوارێی کرد. لە بابیان دەدا. دووگوللە، دووگوللە. دەڵێی؟ دەڵێی دەڵێی؟ ئەگەر بجوڵێ دەیبینن. دەیبینن. بڕوا؟ سەیری ئەو تیشە بەردەی کرد کە لەکلکەی بەردەڵانەکە هاتبووەدەر- نا! نا! بۆ بڕوات؟ بڕوات بۆ ئەوەی بیگرن- دووگوللە. ئیدی لە بابیان نەدەدا. بابی بەسەر تاتەبەردەکاندا کەوتبوو.

ئەڵڵایار بێ حاڵ کەوتبوو. تووراب پێلەقەی لێ نەدەدا. عەلی قولی و سێ کەسەکەی دیکەش لێیان نەدەدا. ئەڵڵایار دەیناڵاند. ئارەق بەناوچەوانیدا دەهاتەخوار. یەکێک لە سوارەکان گوتبووی: «بۆ دەقیقەیەک لێیگەڕێن، ئێستا دەیڵێ.» تووراب چووەسەر جۆگاکەو دانیشت، دەستی لە ئاوەکە ڕۆکرد. پاشان دەم و چاوی شووشت. چوارکەسەکەی دیکەش هاتن و لەسەرجۆگاکە، ئاویان بە دەست و دەم و چاویان داکرد. عەلی قولی پرسی:

«چی لێبکەین؟»

تووراب گوتی:

«لێدان کەڵکی نییە. دەزانم نایڵێ .ئەگەر سەنگەوبەردمان نا ڕەنگە بیڵێ.»

یەکێک لەسوارەکان گوتی:

«نەیگوت بە جەهەننەم! سەگبابە دوای تەمەنێک ئێستا بۆمان بۆتە بەڵا. با نەیڵێ.»

ئەڵڵایاریش خۆی گەیاندبووە سەرجۆگاکە. لەسەر زگ ڕاکشابوو دەمی بەئاوەکەوە نابوو. پاشان سەری هەڵێناو دانیشت. سوارەکان تەماشایان دەکرد. ئەڵڵایار لەو ئاوە ڕامابوو کە بەجۆگاکەدا دەڕۆیشت. بیڵێ؟ دووبارە لەخۆی دەپرسی بیڵێ؟ زانی یەکێک لەپشت سەری ڕاوەستاوە.

توراب گوتی:

«تۆ سوێندت بەسەری خان خوارد. ها؟ هەلاهەلات دەکەین. ئێستا پێت دەڵێم.»

پێلەقەیەکی توندی دەکەلەکەی ئەڵڵایار سرەواند. ئەڵڵایار لە ئاوی جۆگاکەوە ڕامابوو. نیگاکانی تێکەڵ بە ئاوەکەببوون. ئاوەکە دەڕۆیشت، نیگاکەشی لە جێگایەک ڕاوەستابوو هیچ شتێکی نەدەدیت، بەڵام دەیبیست کە لەدەورووبەری بەردان کۆدەکەنەوە. خان گوتوویەتی کە کوڕەکەی سەنگەوبەردنێن و کوڕەکەشی هەڵاتووەو ئەویش کە جێگای کوڕەکەی پێ نەگوتوون ئێستا لە جێگای کوڕەکەی سەنگەوبەردی دەنێن. ئێستاش ئەوا بەردان کۆدەکەنەوە. دەزانێ کوڕەکەی لەکوێیە. کوڕەکەی لەوسەرەوەیە لە پشت دارێک کەوتووەو ناتوانێ لە جێگای خۆی بجوڵێ و دەبینێ کە بابی لەجیاتی وی سەنگەوبەردی دەنێن. ئەوە بەردان کۆدەکەنەوە بۆئەوەی سەنگەوبەردی بنێن. تورابیش لەپشت سەری ڕاوەستاوەو سێبەرەکەی لەولاوە دەچێتە ئەولای جۆگاکەو ئاوەکەش بە وێدا تێدەپەڕێ ڕاوەستاوەو ناهێڵێ ڕابکات. ڕابکات؟ بۆکوێ ڕابکات؟ کوڕەکەی دەچێتەکوێ؟ کوڕەکەی هەڵاتووە، لەوسەرەی گیری خواردووەو ئەگەر بجوڵێ گوللە دابێژدابێژی دەکات. بۆخۆشی لەپەنا جۆگا ڕاوەستاوەو خەریکن بەردان خڕدەکەنەوەو تورابیش لەسەر سەری ڕاوەستاوەو ناتوانێ هەڵێ. هەڵێ بۆ ئەوەی وەبەرگوللانی دەن؟ ئەگەر خان با لەبەرپێیانی دەکەوت.-جنێوێکی بە کۆهزاد دا کە بە قسەی نەکردووەو نەچووە لەبەرپێی خاندا بکەوێ و ئێستاش دەبێ لە جێگای کوڕەکەی بمرێ.-هەر لەسەرەتاوە دەیزانی ئەوکارە سوودی

نابێ. خۆزگە نەهاتبا...

خەریکن بەردان کۆدەکەنەوە. بریا هەر دوێنێ کە کوڕەکەی جوابەجەنگی لەگەڵ کردبوو گەڕابایەوە. خۆزگە هەر دوێنێ کوڕەکەی جوابەجەنگی دەکرد، گەڕابایەوە. کوڕەکەشی ئێستا لەوسەرەوە لەناودارەکان ناتوانێ بجووڵێ، نە فیشەکی پێن و نە دەشتوانێ ئاوێ ببات... خەریکن بەردان کۆدەکەنەوە. ئەگەر کرابا سەنگەوبەردیان نەناباو بردبایانەوە لای خان، دەیگوت کوڕەکەی لەوبستوەیە، هەردووکیان دەگرتن و دەیانبردنە لای خان. ئەگەر کراباو سەنگەوبەردی نەنێن! تەماشایەکی بەردەڵانەکەی کرد. بەردەڵانەکە لەژێر گەرمای خۆرەتاودا، خۆی هەڵخستبوو. ئەودیوی درەختەکە لەگەڵ کۆتەرەدارە تۆزاویەکە هیچ شتێکی لێ نەدەجولا.

کۆهزاد بێجوڵە لەپشت دارەکە بوو. دەیبینی باوکی تەماشای سەرێ دەکا، چاوی لە توراب بوو کە لەپەنا باوکی راوەستاوەو لە سێ لاوە بەردان کۆدەکەنەوە. سوارێکیش لەولاتر بەپێوە میزی دەکرد. لەرزی هاتێ لە حەژمەتان ئارەقەی دەرکردو هەناسەی تەنگ بوو. هەستی بە گەرما نەدەکرد، بەڵام گەرما دایهێزاندبوو چنگی لە قورگی نابوو. بەڵام هەستی بە گەرما نەدەکردو تورەییی ناخی دەسووتاند. بێخەوی دوێشەو تاقەتی لێبڕیبوو. ئاگای لەوەنەبوو جەستەی وەکو بزمار بە عەردەکەوە داکوتراوە، بەڵام ئەندێشەی راکردن لە مێشکیدا چووبوەدەر خۆی لەپەنا باوکی دەبینیەوە. دوو گوللە. دوو گوللە.

چاوی لێبوو سوارێک میزی دەکرد و تورابیش لەپەنا باوکی راوەستاوە، سێ سواری دیکەش خەریکن بەردان کۆدەکەنەوە. لەخوارێ بە کپی گوێی لەدەنگی بەردەکانبوو. ئێستا ئەو سوارەی کە لەپەنای راوەستابوو لە توراب نزیک کەوتەوەو پێکەوە قسەیان دەکرد. گوێی لە قسەکانیان نەبوو. دەیانگوت چۆن باوکی بکوژن؟

لەرزی هاتێ. زیاتر لە جاران لەرزی. دڵی توند لێیدەدا. هەناسەی تەپوتۆزی سەر کۆتەرەدارەکەی خاوێن کردبۆوە. لەناکاو سەرتاپای لەشی وەلەزین کەوت. شتێک لەناو مێشکیدا دەهاتودەچوو. دەتگوت لەناخەوە

هەواڵنامەی کتێب

(هەستی)یان قەڵاشتبێ و ژیانی بەرەو نەمان بچێ. بڕوات؟ بڕوات و هاواربکا و بڵێ من لێرەم؟ باوکی دەکوژن. هەر ئێستا سەنگەوبەردی دەنێن. بڕوات و بڵێ ئەوەمنم. تا واز لە باوکی بێنن؟ وازی لێدێنن؟

خۆی بەسەرشۆڕ دەهاتەبەرچاو، لەلای خۆیەوە هەستیدەکرد کەسێکی بێنرخە. لە ناخی خۆیدا تفی لە خۆی دەکرد. توراب و عەلی قولی بیگرن؟ توراب و عەلی قولی لێیدەن؟ بەڵام باوکی دەکوژن. ئەو هەموو بەردەی کۆیان کردوونەوە، وا دیسانیش هەر بەردان کۆدەکەنەوەو لەسەریەکیان هەڵدەچنن، لە دەورەی باوکی کۆیان دەکەنەوە لەوناوەدا تەنیا باوکی دەمێنێتەوە، باوکی دەزانێ کە ئەو تەماشای دەکات لەناو بەردەکانەوە دەزانێ لە جێگای ئەو دەمرێ، خوشک و دایکیشی لە تاوڵێ دانیشتوون نازانن باوکیان ئەوی دۆزیوەتەوە یان نا، چییان بەسەرهاتووە، خان بزن و مەڕەکانیان لێ دەستێنێتەوەو دایک و خوشکیشی دەکەونە سواڵێ توراب و عەلی قولیش... ئای! باوکی لەناو کەڵەکە بەردەکە دەڵێ کۆهزاد لەوسەرەیە؟ بیگرن؟ واز لە من بێنن؟ وا دەڵێ؟ پێتوایە وا دەڵێ؟

کۆهزاد دیسان بەلای راست و چەپدا ئاوڕی دایەوە. گەرمایی لە خوار بەردەڵانەکەوە هەڵدەکشا، ئەوەی لەپشت بەردەڵانەکە بوو دەلەرزی. کۆهزاد لە شوێنی خۆی نەجوڵا. تەماشایەکی خوارێی کرد. گەرماییەکی تاقەت پڕووکێن کەوتبوەسەر دۆڵەکە، هیچ زیندەوەرێک نەدەبینرا. کۆهزاد تەماشایەکی دواوەی خۆی کرد: درەختەکان لە دامێنی کێوەکە پەراکەندە ببوون کەمێک لە کێوەکە هەڵدەکشان و بە هەردووک لای سەرەولێژەکە شۆڕ دەبوونەوە. —دوو گوللە، دوو گوللە، دوو گوللە- تەماشای خوارێی کردەوە. سوارەکان خەریکی بەرد کۆکردنەوە بوون. هیچیان تەماشای بەردەڵانەکەیان نەدەکرد. کەس نەیدەتوانی ببینێ. بڕوات؟ فیشەک. نا! گوشاری بۆ پێڵوەکانی دێناو بە زمانی لێوی تەڕدەکرد: بڕوات. فیشەکی ناوێن. خۆکەس تەماشای ناکات. بڕوات! یەکێک لە ناخەوە پێیدەگوت: بڕۆ! دیسان دەیگوتەوە بڕۆ! دیسان دەیگوت بڕۆ! بڕۆ! زۆر خێرا دڵەکوتەی بوو ددانی لە چیڕەوەبردن هەناسەی سوارببوو یەکێک هاواریدەکرد: بڕۆ! بڕۆ!

نەدەڕۆیشت. نەیدەتوانی بڕوات. قوڕگی وشکببوو. هەر لەخۆڕا، لە پشت درەختەکە دەست و پێی جوڵاندبوو، خۆی کووڕ کردبۆوەو تەماشای خوارێی دەکرد، زۆر بەتوندی دڵی لێیدەداو هەناسەی سواربببوو گوێی لە هاوارێکی کز ببوو کە دەیگوت: بڕۆ! بڕۆ! دیسان بەلای چەپ و راستدا روانیبووی: هەمان درەخت و سێبەرەکانیان، هەمان گەرماو بەردەڵانەکە، هەمان شتەکان. هەمان زنجیری کونجکۆڵی کە وەک گوڵمیخی سۆز بە عەردەکەیان چەسپاندبوو.

هەستی بەوە نەدەکرد ئارەقە تەواوی جەستەی شەڵاڵ کردووە. دەتگوت تەواوی جەستەی لە ئاو هەڵدەکێشن. سەرگەردان و پەرێشان، دیسان لەسەر عەردەکەو لە پشت درەختەکە دانیشت. هەمیسان تەماشای خوارێی دەکرد.

لەو سێ سوارانەی کە خەریکی بەرد کۆکردنەوەبوون، یەکێکیان پشتی راستکردەوەو، وەرسووڕا. ئێستا بەرامبەر بەردەڵانەکە راوەستابوو. سوارێکی دیکەش بەولایدا دەهات و بەرەولای توراب و باوکی کۆهزاد دەڕۆیشت. توراب قسەی لەگەڵ باوکی دەکرد، بەڵام دەتگوت باوکی وەڵامی ناداتەوە. ئێستا لەسەر جۆگاکە ئەژنۆی دادابوون و دەمی بە ئاوەکەوە نابوو. توراب پێلەقەیەکی توندی پێکێشا. سوارێکی دیکە داهاتەوە راستی کردەوەو لە جۆگاکەی دوور خستەوە. باوکی دەیویست خۆی لە دەستیان راپسکێنێ. توراب هاواریکرد: «زووکەن!» سوارەکە باوکی بە عەردی کێشا خۆی بەسەر پشتی داداو پشتێنەکەی ئەڵڵایاری راکێشا. توراب جنێوی دا. باوکی لەسەر دەموچاوان کەوتبوو رووی لە رێگاکە بوو.

کۆهزاد نەڕۆیشت. ئەگەر رۆیشتبا! ئێستا نەدەکرا. ئەگەر رۆیشتبا، دەبوو ئەوکاتەی ئەو خەریکی میزکردن بوو، رۆیشتبا. ئێستا لە سەرووتر دادەنیشت (یان دانەدەنیشت) و وەبەرگوللانی دەدان. هەرنەبا دووی لێ دەکوشتن.

ئێستا خەریکن باوکی لەسەر عەردی رادەکێشن، گوێی لە ناڵەی باوکیەتی. باوکی دەیەوێ چنگ لە عەردەکە گیربکا. خەریکن رایدەکێشن، توراب وەبەر پێلاقانیدا. کۆهزاد جنێوی دا. جنێوی بە خوشکی توراب دا. خەریکن باوکی

بۆلای کەڵەکە بەردەکە رادەکێشن. چیبکا؟ ئەگەر هەڵاتبا! دیسان جنێوی دا. دوو گوللە. لەناکاو وەئاگاهاتەوە تا تفەنگەکەی لەسەرپێ رابگرێ. دوو گوللە. لەپڕ هەستیکرد دڵەکوتەیەتی. ئەگەر تەقەیان لێبکا دەزانن لەکوێیە. بە گوللە دایدەبێژن. بە دوو گوللە. چەند کەسان بپێکێ؟ جنێوی دا. دیسان سست بۆوە. چاوی لێبوو کە باوکیان بەرەولای کەڵەکە بەردەکە راکێشاوە.

ئەڵڵایار لەهۆشخۆی چووبوو. پێلاقەیەکیان بە کەللەی سەری کێشابوو، بەرد وە چەناگەی کەوتبوو خوێنی پێدادەهات. سوارەکان هەروا رایاندەکێشا، تا گەیشتنە کەڵەکە بەردەکە. توراب گرتبووی عەلی قولی و سێ چەکداریش دەستییان کرد بە بەرد کۆکردنەوە.

دەنگی بەردەکان دەگەیشتە لای دار چەقالەکە. دەنگی بەردەکان دەنگێکی ناخۆشیان هەبوو. دەنگی بەردەکان پشتی دەشکاند. دەنگی بەردەکان دەهاتە ناو چاوی بنیادەم و بە ناو گوێچکەو مێشکی مرۆڤدا دەگەڕاو هەمووشتێکی تێکوپێک دابوو. کۆهزاد نەیدەزانی چی بەسەرهاتووە. رەنگی بە روانەوە نەمابوو؟ ناوچەوانی سارد بووە؟ خاک بۆنێکی غەریبی لێدەهات. خاکی خۆرەتاو لێدراو و گەرم لەلای دار چەقالەکە بۆنێکی غەریبی لێدەهات. لە خوارێ گوێی لە دەنگ و هەرایەکی سەیر بوو. هەمووی هەر دەنگ بوو. دەنگی بنیادەمێک کە دەینالاندو دەنگی جنێوی چەند کەسێک و دەنگی بەرد و دەنگی بەرد... کۆهزاد تەکانێکی دا تا تفەنگەکە ئامادەبکاو بە دەستییەوە بگرێ. چاوی گێڕا. باوکی نەدیت. سوارەکان لە پێشی دەهاتن و دەچوون. بۆ ساتێک سەری بینی. گوێی لەناڵەی بوو. هاوارێکی کپ و وشک بە کێوەکەدا گەڕا. سوارەکان کووڕبوونەوە بەردیان تاودەدایەو راست دەبوونەوە. باوکی هەر هاواری دەکرد، هاوارێکی کەم و دژوار کە لە کێوەکەدا کپ دەبوو. دیسان چاوی پێ کەوتەوە...

کۆهزاد ئانیشکی دادا. کەمێک خۆی هەڵێنا تا قایشی تفەنگەکەی لەسەرشانی بخزێ. بەدەستەکەی دیکەی قۆنداغی تفەنگەکەی گرتبوو. قایشەکە خزی و تفەنگەکە کەوتەخوارێ. چاوی لێبوو چۆن باوکی

سەنگەوبەرد دەنێن. لە دامێن و لای قاچی بەردیان هەڵچنی بوون و گەیشتبووە نزیک شانی، تەنیا مل و سەری بە دەرەوە بوون. کۆهزاد ددانی لە چیرەوە بردبوون. ئەگەر چووبا، ئەگەر گوتبای ئەوەتام، لێی مەدەن، ئەوە هاتم، ئێستا بابیان سەنگەوبەرد نە نابوو. بۆ ئێستا نەڕوات؟ با بڕۆن ئەوجار دەچێتە خوارێ و بەردەکان...

ئەڵڵایار گێژ ببوو، بەڵام هێشتا گوێی لە دەنگە دەنگەکە دەبوو.

عەلی قولی لە پەنا ئەڵڵایار راوەستا بوو، سوارەکانیش چووبوونە سەر جۆگە ئاوەکە. هەوا گەرم بوو. توراب لە پەنا جۆگە ئاوەکە بە دەنگێکی بەرز گوتی: «لێیدە! عەلی قولی، لێیدە! لێیدە تا هاوار بکات.»

ئەڵڵایار گوێی لە دەنگی سوارێکە کە بە رقەوە دەڵێ: «سەگبابە چەند گەرمە، ناخمان دەهەژێنێ.»

کۆهزار دەنگەکانی خوارێی دەبیست. گەرووی وشک ببوو. ئیدی قۆنداخی تفەنگەکەی رێک نەدەگوشی. لەناکاو گوێی لە ناڵەناڵی باوکی بوو. عەلی قولی قۆنداخە تفەنگی بە ملی باوکی کێشا. ناڵەناڵی باوکی جەرگی داغان دەکرد. دەتگوت تەواوی جەستەیان فووداوە و دەیانەوێ لەبەریەکی هەڵوەشێنن. دەتگوت سەری دەلەرزێ.

«لێیدەن لەو سەگبابەی! لێیدەن تا بانگی هەتیوە بیژوەکەی بکات.» لەناو ئەو دەنگە دەنگەدا گوێی لێبوو یەکێک دەیگوت: «ئەگەر مرد بە جەهەننەم! ئێستا ئەگەر دەستیشمان نەکەوت، با لەبەرامبەر خاندا شەرمەزار نەبین.»

ئەڵڵایار دەیدیت هەموو قورسایی دنیا بەسەر جەستەیدا رووخاوە. سەری گەرم داهاتبوو. ناخی گەرم داهاتبوو خەریکبوو لەبەریەک هەڵدەوەشا. خوێن، سەر چەناگەی داغان کردبوو. ملی زۆر دێشا؛ دەتگوت هەڵمساوە و شتێک لەناویدا، وەکو بزمار، دادەکوترێ. سەری ئاوسابوو چاوەکانی هەڵنەدەسووڕان و دڵی دەیویست هاوار بکات. هەم نەیدەتوانی و هەم نەشیدەویست. لەناو تاریکی، کە تەواوی سەری دەتەنی و لەلای دەمارە سوورەکانی ئەم تاریکییە، کۆهزار لە بەردەڵانەکە هاتبووە خوار. دیسان

نەیدەویست ناڵەناڵ بکات. دیسان سەری دەئاوساو ملیشی قورستر دەبوو، ئێستا هیچی نەدەدیت.

«لێیدە! سەگباب، هاوار بکە بیژوو! لێیدە تا بێتە فریات، تا وازت لێبێنین...»

کۆهزار دەیبینی کە باوکی لەناو بەردەکان دێنێتەدەر. دەیدیت سوارەکانی لە عەردی داوەو بە بەرد لە سەریان رادەکێشێ. دەیدیت بە قۆنداخە تفەنگ ددان و ناوچەوانیان وردوخاش دەکات. دەیدیت کە هەموویانی لەسەر گردەکە خستۆتە خوارەوە... دیسان کاتێک تەماشای دەکرد دەیدیت باوکی هەمیسان لەناو بەردەکاندا بێدەنگ و خوست لە شوێنی خۆیەتی و سوارەکانیش نە رۆیشتوون، ئیدی لە باوکی نادەن. —دوو گوللە! تفەنگەکە لەسەر عەردی کەوتبوون.

بۆ ساتێک لە بیرکردنەوە وەستا، تەماشای دواوەی بکات. بەڵام وای نەکرد. هەروا دەیبینی باوکی لەناو بەردەکانەوە تەماشای دەکات. پشتەسەری باوکی لەوی بوو... ئەگەر باوکی ویستبای بڵێ ئەو لەکوێیە؟ ئەگەر گوتبێتی؟ ئەگەر بیڵێ؟ ئەگەر بە دوو گوللە دوو کەسی لێ ئەنگاوتبان؟ لە دووانی دەدا. ئەگەر... نا. نا. حەتمەن لە هۆشخۆی چووە، حەتمەن هەر سەری شکاوە...

کۆهزاد حاڵی تێکدەچوو. نا. نابێ هیچ کارێک بکات. با هەموویان بڕۆن. ئێستا باشتر کە هیچ کارێکی نەکرد. باشتر کە خۆی ئاشکرا نەکرد. دوایی دەتوانێ زۆر کاران بکات. دەنا ئێستا کوژرابوو. باشتر کە هیچی نەکرد. دەتوانێ زۆر کاران بکات. ئێستا نابێ هیچ شتێک بکات. —دوو گوللە. جنێوی دا- ئەگەر زیاتری پێ دەبوون! نەیدەویست بزانێ کە هیچی نەکردووە و سوارەکانیش باوکیان سەنگەوبەرد ناوە. هەر هەموویان، هەمان ئەو عەلی قولییە، توراب، هەمان عەلی سواڵکەر و هەمان شێرە پیاو، هەر هەموویان کوت کوت دەکات، چاوانیان دەکۆڵێ. دەمیان دەدوورێ. زمانیا دەبڕێ. هەر ئێستا... دیسان تفەنگەکەی دەستدایە. گەرووی وەکو بنەدار چەقالەکە وشک ببوو.

ئیدی دەنگی حیلەی ئەسپەکان لە دۆڵەکە نەدەهات. مەودای دەشت و کێوەکە خامۆش بوو. خۆر ئاوا ببوو. کۆهزاد پێیوابوو سوارەکان ڕۆیشتوون. هێشتا هەر لەکن دار چەقالەکە بوو. نەیدەزانێ هەستێ یان نا، بچێتەخوارێ یان نا. زەردە لە سەران نەمابوو.

زۆری پێچوو تا کۆهزاد لە بەردەڵانەکەو لەلای بەرد ئەستێ یەکە هاتە خوار. گردۆلکەکان بۆنی ئێوارەیان لێدەهات، بۆنی دڕکی هەتاو گرتوویان لێدەهات، بۆنی خاک و بۆخنک و بۆنی ئەو بەردەڵانەیان لێدەهات کە خەریکبوو سارد دەبنەوە.

کۆهزاد گەیشتە داوێنی بەردەڵانەکە. کانییەکە هەڵدەقوڵی، ئێستا گوێی لەوە دەبوو کاتێک ئاوەکە بەسەر بەردەڵانەکاندا هەڵدەڕژێ، چ ئاوازێکیان لێ سازدەبێ. باوکیشی، بێدەنگ، لەناو کەڵەکە بەردەکەدا بوو.

سێبەر بەسەر هەموو جێگایەکدا کشابوو. لە دەشتێ، تیشکێکی کاڵ بەپێش سێبەری دڕوەکاندا دەڕۆیشت.

کۆهزاد وەرسووڕایەوە. بەپێش باوکیدا نەڕۆیشت. لەپشت کەڵەکە بەردەکە ڕاوەستاو لەسەرەخۆ دەستی بۆ رووخساری برد. خوێن، بە چەناگەیدا هاتبووە خوارێ و وشک ببوو. کۆهزاد زۆر بە خێرایی دڵی لێیدەدا. نەیدەزانی چی بکات. هیچ نەیدەزانی. دەربارەی هیچ شتێک هیچی نەدەزانی. کاتێک تاریک دادەهات دەتگوت کێوەکان لێک نزیک دەبنەوە، دەتگوت گەورەتر دەبوون، دەتگوت سەریان لێک دەدا. کۆهزاد لە پشت کەڵەکە بەردەکە ڕاوەستابوو. گوێی لە دەنگێک بوو مارمێلکەیەک لەبن قاچی دەرپەڕی. ڕاچڵەکی. لەناکاو ترسی ڕێنیشت. نەیدەزانی لەناو ئەو بەردانەی کە بە دەوری باوکیدا هەڵچنرابوون، لەوێدا چیدەکەن، یان لانە دروست دەکەن. هەستیکرد دڵی خێرا لێدەدات. نەیدەزانی چی بکات. لەو کەڵەکە بەردەی بە دەوری باوکیدا هەڵچنرابوو دوور کەوتەوە. پاشەوپاش دەکشایەوە. ڕاوەستا. بە دەورەیدا لێهاڵایەوە. دەتگوت بەناو قوڕێکی لچقدا دەڕوات. لەسەر جۆگاکە ڕاوەستا. ئاوەکە شوڕەی دەهات. تەماشای سەرەوەی کرد: تاریک داهاتبوو. دەتگوت سەرمایەتی. بەڵام دیسان هەستی بە گەرماییەکی توندکرد لەسەر

ناوچەوانی. هات بەرامبەر بە باوکی راوەستا. زۆر خراپ بوو، هەموو شتێک خراپ بوو. چاوێکی باوکی خوێنی پێدا هاتبووە خوار، چاوی لێک نابوو، چاوەکەی دیکەشی لێک نابوو. بەڵام نیگای باوکی هەر لەسەر رووخساری مابۆوە. دەتگوت دەنگێک سەدانجار دەنگ دەداتەوە: بۆ هەرجێگایەک بڕۆی بەجێت ناهێڵم. وەدوات دەکەوم.

کۆهزاد لەرزی و دانیشت.

ئێستا هەوا تاریکتر دادەهات. تاریکتر ببوو.

بۆچی هات؟ پێیگوتبوو بێت؟ ئاخر بۆچی، بۆچی، بۆچی. بۆ نەگەڕایەوە؟ شنەبایەک هەڵی کردبوو. کۆهزاد هەستا. نەیدەزانی ئەگەر بەردەکان لاببات باوکی دەکەوێت؟ دەست لە پێڵوەکانی بدات؟ چی بکات؟ ئاخر چی بکات؟ بۆ وایلێهات؟ لە تورەییان نەیدەزانی چی بکات. چووەپێش. دەتگوت دەنگێک لە هەموو دنیا، لە هەموو جێگایەک، هەموو جێگایەک و لە هەموو جێگایەک زیاتریش لەو دۆڵەو لەو کێوە سەد جار دەنگ دەداتەوە: بۆ هەرجێگایەک بڕۆی بەجێت ناهێڵم. وەدوات دەکەوم.

بەڵام ئەو بەجێی هێشتبوو. هەر چەند گوتبووی چارەسەردەبێ. هەر گوتبووی و چاوەڕوان ببوو. ئاوێک بە دەم و چاویدا بکات؟ لەرزی لێبوو. نا. دەتگوت گوێی لە دەنگێکە. نەیویست گوێی لێ بگرێ. ئەوجار گوێی هەڵخست، بەڵام هیچ نەبوو. یان دەتگوت شتێک باڵی لێک دەدا. تەماشای ئاسمانی کرد. هیچ شتێک نەبوو تاریکی باڵی بەسەر ئاسماندا کێشا بوو. کۆهزاد دیسان دانیشتەوە.

چارەسەر دەبێ. کاتێک پێکەوە دەهاتن، هێندەی باوکی قسەی بۆ دەکرد، ئەو وەڵامی نەدەدایەوە. بۆچی هات؟ دواییش کە دەیویست رابکات. دەیویست پێبکەنێ. رقی لە خۆی دەبۆوە. نەیدەزانی کە باوکی هەر بە راستی چوو بوو ئاو بێنێ یان ویستبووی رابکات. دیسان گوێی دەزرنگانەوە: بۆ هەر جێگایەک بڕۆی بەجێت ناهێڵم، وەدوات دەکەوم.

لە رووخساری خوێناوی باوکییەوە راما: لە تاریکیدا، کەڵەکە بەردەکە مەودای نێوانی لەگەڵ سەرو کەللەی ئەڵلایار نەمابوو. گەورەتر ببوو.

دەتگوت تێکچووە. کۆهزاد دەتگوت گوێی لە دەنگێکە. دەنگی سیسرکەیەک دەهات. —باشتر ئەگەر هیچ کارێکی نەکرد. ئێستا هەموو شتێک چارەسەر دەبێ. ئەگەر چارەسەر نەبوو، دەیبینی. هەناسەی سوار ببوو، دەتگوت هەناسەی لێ دەبڕێ، دەتگوت دەمرێ. بەچی دەچێ؟ دەیانکوشت. تەواو دەبوو. بەچی دەچێ. بەڵام ئیستا ماوە، زیندووە. بڕوانە دەتوانێ چ کارێک بکات! تەماشایەکی تاریکییەکەی کرد.

گوتبووم ئێوارەیەکی درەنگ وەڕێدەکەوین. ئەمڕۆ بەیانیش گوتبووی بەدواتدا دێت. بەڵام کۆهزاد گوێی لێ نەگرتبوو.

تاریکە شەوی دۆڵەکە لەخۆی لوول دابوو. کاتێک لەناو بەردەکاندا بەدوای فیشەکاندا دەگەڕا و هەڵیدەگرتنەوە، دڵەکوتەی بوو هیچ جێگایەکی نەدەدیت، بەڵام ئاسمان بە هەزاران چاوەوە ئەوی دەبینی.

**سەرچاوە:**

لە کتێبی (یادگاری خشکسالی های باغ) تورج رهنما. انتشارات نیلوفر- ١٣٧٦.

هەواڵنامەی کتێب

تەوەر

# بۆچی ڕۆمان دەخوێنینەوە؟

**خوێندنەوە، تێکەڵبوونە لەگەڵ ناخی خۆت و دەوروبەر، واتە هەنگاونان بەرەو جیهانێکی ون و شاراوەوئاشکراکردنی نەهێنییەکان، لەنێو پانتایی جیهانی ناخ و هزرو ئاوەزی مرۆڤەکاندا، خوێندنەوە فاکتەرێکی گرنگە بەرەو حەزوخولیای زانین، خوێندنەوە گەڕانە بەدوای شتە شاراوەو ونبووەکانی ناخ و هزر، خوێندنەوە هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبی نهێنییەکانی ناخ و هزرو ئاوەزی مرۆڤە. خوێندنەوە پێویستییەکی رۆحییە و دەبێت هەموومان بخوێنینەوە، جا خوێندنەوەی هەر بابەتێک بێت، چ زانستی یان ئەدەبی یان مێژوویی یان ئایینی بێت سوودی خۆی هەیە، لێرەوە، دەتوانین بڵێین: لەوەتەی جیهان هەیە خوێندنەوەش هەرهەیە و هەبووە. (نووسەری کورد) لە ڕێگای ئەم تەوەرەوە،بەپێویستی دەزانێت، کۆمەڵێک نووسەرو رۆماننووس و خوێنەرانی کتێب، بدوێنێ، سەبارەت بە وەڵامی ئەوپرسیارەی کە دەڵێت: (بۆچی ڕۆمان دەخوێنینەوە؟).**

**سازدانی تەوەر: حەمە ئەحمەد جاف**

* لەدەسپێکی تەوەرەکەماندا بەڕێزمامۆستا (**عەبدولقادر عەزیز سەعید**) نووسەرو مۆرانەی کتێب و خوێنەرێکی سەرسەختی ڕۆمان سەبارەت بە (خوێندنەوەی ڕۆمان) گوتی :



– ڕۆمان ژانرێکی گرنگ وهەستیارو پڕ ڕەهەندی سیاسی و ئابووری ومێژوویی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە، کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنیتەوە ئەزموونێک دەخوێنیتەوە، لە ڕێگەیەوە ئاشنای سەلیقە و ڕۆشنبیرییەکی فرەلایەنی خودنووسەر دەبیت.

لەهەمانکاتدا لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا لەڕێگای کارەکتەرەکانی بەرکەوتەت لەگەڵ کێشە ئاڵۆزییەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەبێت.

ڕۆمان هاواری مرۆڤەکانە لەدەست ئەو نادادیەی کەمرۆڤ خۆی بەرهەمهێنەریەتی نەک بوونەوەری تر. ڕۆمان خوێندنەوەبۆمن دەلاقەیەکە بۆڕۆچونە نێورووداوەکانی ژیانی ڕابردوو وئێستا ی سەردەمی عەولەمە. خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی دیستۆفیسکی و تۆلستۆی و مەکسیم گۆرکی و نیکۆسکازانکی و مارکیزو عەزیزنەسین ویەشار کەمال وئیبراهیم یونسی وغولام موحسین ساعیدی و مستەفا مەستورە و حسێن عارف و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و حەمە فەریق حەسەن و شێرزادحەسەن و جەبارجەمال غەریب و بەختیار عەلی و عەتانەهایی تابلۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگی ژیانی مرۆڤایەتییان لەنێو پێشانگای هزری من هەڵواسیوە کەدەربڕی ئەو هەموو گورزە ماڵوێرانکەرە یە کەمرۆڤ لەژێر ناوی بەدەستهێنانی دادپەروەریی و ئازادی و ژیانێکی باشتر گورزی خۆی لەژیان سرەواندووە،ئەو سەرزەمینە پڕخێروبێرەی بەرەو وێرانە دەبات.لەکۆتاییدا ئەمن لەوتەمەنەدا ڕۆمانان بۆیە دەخوێنمەوە بەمەبەستی خۆدەربازکردن لەنێوئەو وێرانەی ناخ، کەتەمەن وهەلومەرجی نابەجێ بۆیان سازکردووین.

***

– **ئازاد ئەرگووشی: چیرۆکنووس : دهۆک :**

– خوەندنا ڕۆمانێ ، ژ بۆ هێلان

هەواڵنامەی کتێب



و دوورکەڤتن ژ ڤێ سەردەما ئالۆز، کارێ هەرە باش پەنابرنە بەر خوەندنا ڕۆمانانە. ب خوەندنا ڕۆمانێ، مرۆڤ ژیانا خوە یا ڕاستەقینە و واقعی ل پشت خوە دهێلە و پێنگاڤان بەرەڤ دنیایەکە نوو دهاڤێژە؛ دنیایەکە کو ژ وێ واقعیەتا ئەم تێدا دژین جودایە.

خوەندنا ڕۆمانێ ناسبوونا ب دنیایەکە نویە. د ناڤ ڕۆمانان دە، مرۆڤ ب دۆخەکە نوو ئاشنا دبە، چ ژ ئالیێ جڤاکی ڤە بیت، یان سیاسی، دیروکی و حەتا جوغرافی ژی. مرۆڤ ب خوەندنا ڕۆمانێ دشێت سەفەرێ بۆ هەر جهەکی بکەت کو حەز بکە، بێ کو کەس ناسنامە و پاسپۆرتێ ژێ بخوازە و دگەل کۆمەکا داب و نەریت و کولتوورێن نوو ئاشنا دبە.

دەما کو خوەنەر تێکەلی بوویەرێن ناڤا ڕۆمانێ دبە، تشتا ئێکێ خوە ژ بیر دکە و تێکەلی ژیانا کارەکتەرێن ناڤ وێ دبە؛ ژ قارەمان بگرە حەتا دژەقارەمان، هەر ئێک ژ وان کاریگەریا خوە لسەر خوەنەری هەیە. جاران هەیە خوەنەر هەڤدەرێ قارەمانی یە و ژ دل کینا وی ژ دژەقارەمانی ڤە دبە. هندەک جاران روندک ژ چاڤێن خوەنەری دهێنە خوار و هندەک جاران ژی دکەنە کەنی، چونکی ڕۆمان ژ ژیانا مرۆڤان نەدوورە؛ ژیان ب هەردوو ئالیێن خوە یێن تراژیدی و کۆمیدی ڤە. ڕۆمان دەرگەهەکە بۆ چوونە د ناڤ دنیایەکە نوو دە کو مە د خەونان دە ژی نەدیتیە؛ ژیانەکە کو ژ هزر و خەیالا نڤیسەری هاتیە چێکرن. گەلەک جاران ئاگەها مە ژ خوە نامینە و پێلێن بوویەرێن ڕۆمانێ ب ئەوا ئاوایی مە دگەل خوە دکێشن کو بۆ دەمەکی ئەم ژ ژیانا خوە یا ڕاستەقینە دوور دکەڤین. جاران هەیە ئەم هندی دکەڤینە بن باندۆرا بوویەران، کەسایەتیا خوە ژ دەست ددەین؛ هەڤدەردی دگەل قارەمانێ ڕۆمانێ و هلگرتنا کین و نەفرەتێ ژ دژەقارەمانی. بێ گومان، خوەنەر وی دەمی تووشی ڤێ دۆخێ دبە کو نڤیسەری ب شارەزایی ڕۆمانا خوە نڤیسیبیت و وەکی دەروونناسەکی

چووبیتە د ناخێ مرۆڤان دە و شرۆڤە کربیت. ب ڤی شێوەی نڤیسەر دشێت ب بوویەرێن ناڤا رۆمانێ بەرۆکا خوەنەری بگرە و بەرنەدە حەتا کو رۆمان ب داوی بێت.کێشانا خوەنەری بۆ ناڤا بوویەرێن رۆمانێ، ڤەدگەرە بۆ شارەزاییا رۆماننڤیسی د کارێ وی دە.خوەندنا رۆمانێ پێدڤیەکا سەرەکی یە بۆ هەر کەسەکی کو بڤێت پێنگاڤێ بەرەڤ رۆشەنبیریێ بهاڤێژە، و باشترین دەرگەهە بۆ چوونە د ناڤ دنیایا رۆشەنبیریێ دە.

***

- **لەیلا نوورانی: چیرۆکنووس: مەهاباد:**




- ڕۆمان لە دنیای مۆدێرندا بایەخ و پێگەی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە کە ئەو قالبە ئەدەبییە دەگەڵ پێچەڵاوپێچی و گۆڕانکارییەکانی ژیانی هاوچەرخ هاوتەرییە.

ڕۆمان ئەو هێزە بە خوێنەری زیت دەدا کە لە ڕێی ناسینی کەسایەتییەکانی خوڵقاوی زەینی نووسەر، توێتوێ ڕەوانی مرۆڤ بپشکنێ و بە سەرووخواری ڕووداوەکان، گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی هەڵسەنگێنێ و لە کۆتادا دەگەڵ خۆی ساغ بێتەوە و ڕوانگەی جۆراوجۆر بۆ دۆخی ژیانی خۆی ئاڕاستە بکا.

ڕۆماننووسی بەنێوبانگی ئەفریقا «Deborah Levy» پێیوایە «بایەخی ڕۆمان لەوە دایە کە حەوجێ بە ئاشکرایی یا ناڕوونی و بەتوێکڵەوە بوون لە خۆیدا ناکا، کەچی لەسەر ئەو سنوورە دووفاقە دە هاتوچۆشدا. بۆیە ڕۆمان دەتوانێ دەست تێوەردانی فام بکا و لە نوێوە لە مانای پێشهاتەکان بڕوانێ.»

ڕەنگبێ یەک لە باشترین هۆکارەکانی خوێندنەوەی ڕۆمان ئەوە بێ کە کاریگەریی لەسەر فام و هەستوسۆزێ ئێمە هەیە، ئەو ڕۆمانانەی تیمی مێژووییان هەیە دەرەقەتی ئەوە هاتوون کە دوای خۆیان خۆێنەر لە دۆخی ئەو کات و زەمەنە ئاگادار کەنەوە و لە بەڵگەمێژووییەکان کە زۆربەی کات بێ لایەنیش نین کاریگەرتر بوون

هەواڵنامەی کتێب

و بەرچاوڕوونیـان زیاتـر بـە دنیـا داوە و ورووژێنـەری هەسـتی ئینسـانی لـە بەرامبـەر کارەسـاتەکان بـوون، بـۆ ئـەوەی پێـش بـە پاتەبوونەوەیـان بگیـرێ. خوێندنـەوەی ئـەو ڕۆمانانـەی زایەڵـەی گرفتەکانـی کۆمەڵـگای خۆیانـن بەجۆرێـک ئاسـتی پسـپۆڕی و لێزانـی ڕوحـی خوێنـەر زیـاد دەکـەن کـە توانایـی ڕاڤـە و شـیکردنەوەی دۆخـە داسـەپاوەکان بـە تاکـی کۆمەڵـگا دەدا و وشـیاریان دەکاتـەوە.

کـەم نیـن ئـەو ڕۆمانانـەی بـە گشـتی کاریگەرییـان لەسـەر ئـاوەز و ئـاگاداری کۆمەڵگایـەک وەهـا بـووە کـە شـۆڕش و گۆڕانـکاری لـێ کەوتۆتـەوە و بـە هۆیانـەوە نووسـەرەکانیان لـە زێـدی خۆیـان دەر کـراون و تاراوگەنشـین بـوون، یـا حەولـی نەمانیـان دراوە. جـاری وایـە هێـزی ڕۆمانـی بـاش لـە هێـزی چەکـداری زیاتـرە لەبـەر ئـەوەی ڕادەی تێگەیشـتنی کۆمەڵـگا ئەوەنـدە بـەرز دەکاتـەوە کـە وشـیاری بەکۆمەڵـی لێدەکەوێتـەوە و دەوری ڕاهێنـەری هەیـە و ئاسـەواری لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بەرچـاوە. خوێندنـەوەی ئـەو ڕۆمانانـەی بـاس لـە فەلسـەفە یـا بارگرژییەکانـی دەروونـی مـرۆڤ دەکەن،کـە ئەوڕۆکـە بۆتـە کێشـەیەکی جیهانـی، شـوێنەواریان لەسـەر ڕوحـی خوێنـەر قـەرە لـە قـەرەی ئامۆژگارییەکانـی دەروونناسـان و زانایانـی خـاوەن بیـر دەدا و خوێنـەر بێدەرەتـان دەکا،کـە پرسـیاری بنەڕەتـی لـە خـۆی بـکا و لـە مانـای بـوون، ئەخـلاق و بایەخەکانـی بـاو ورد بێتـەوە.

هەمیشـە پێموابـووە کـە خوێندنـەوەی ڕۆمـان دەگـەڵ ئـەوە کـە لـە گێـژاوی گیروگرفتەکانـی تاکەکەسـی بـۆ ئـانو سـاتێک ڕزگارمـان دەکا و سـووکنایی بـە نـاخ دەبەخشـێ ، بەجۆرێـک ئەزموونـی ژیانێکـی نوێیـە لـە چوارچێوەیەکـی جیـاوازدا، ئێمـەی خوێنـەر خەریکیـن خۆمـان لـە ڕۆمانەکانـدا دەبینینـەوە و وەهـا ڕادێیـن کـە مێشـک وهەناومـان ئەکتیـو و زیندووتـر بـێ. وەک دواییـن وتـە دەبـێ بگوتـرێ کـە خوێندنـەوەی هـەر ڕۆمانێکـی باش وەهـا پەروەردەمان دەکا کـە هەمووجـارێ کەسـێکی زاناتـر و ژیرتـر لـە ناخمـادا لەدایـک بێتـەوە و هـەردەم نوێبوونـەوە ئەزمـوون بکەیـن.

***

**- سابیر رەشید: رۆماننووس: هەولێر:**



- من لای خۆمەوە لەبەر،ئەو هۆکارانەوە رۆمان دەخوێنمەوە :

یەکەم: چێژ وەرگرتن لە چیرۆکەکانی ناو رۆمانەکە، کەوامان لێدەکەن لەواقیعی تاڵی ژیان بچینەدەر وخۆمان بخزێنینە ناو دنیایەکی نوێوە.

دووەم: رۆمان وامان لێدەکات زیاتر لە دەروونیی مرۆڤ بگەین وتاقیکردنەوەی سۆزداری و سایکۆلۆژیای مرۆڤ هەست پێ بکەین.

سێیەم:رۆمان رۆشنبیریی فراوانمان فێر دەکات ئەمەش ئاسۆمان و تێگەیشتنمان زیاتر دەکات.

چوارەم :رۆمان خەیاڵمان فراوانتر دەکات و هانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەمان دەدات.

پێنجەم:خوێندنەوەی رۆمان توانایی زمانەوانی و نووسینمان پەرەپێدەدات.

شەشەم: رۆمان تاقیکردنەوەی رۆماننووسانی ترمان بۆدەخاتە روو و ئێمەش سوودی لێوەردەگرین.

حەوتەم :رۆمان سەرچاوەیەکی باشە بۆ حەساندنەوەی مێشکی ماندوومان ولەهەمانکاتیش بەفیرۆنەدانی کاتی دەستبەتاڵیمانە.

ئەمانەو زۆر هۆکاری تریش،بەڵام نامەوێ لەبەر کورتی ماوەپێدانی وەڵام لەوە زیاتر لەسەری برۆم.هۆکارەکانییش بەگوێرەی زەوق و بایەخدانی جیاوازی ئەدەبیی و رۆشنبیری کەسێک لەکەسێکی تر دەگۆڕێ.رۆمانی کوردییش بۆیە دەخوێنمەوە تا هەم وەک بەدواداچوونم بۆی لەتوێژنەوەکانمدا دانەبڕێم و بشزانم رۆماننووسانی ئێمە چۆن بەردەوام دەبن و چۆن پەرە بەتوانای خۆیان دەدەن و رۆمانی کوردی لەکوێی. رۆمانی پێشکەوتووی دنیایە.

***

**- فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج : چیرۆکنووس: سلێمانی:**

- رۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی ، هەندێ خەسڵەت و بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە کە وا دەکات خوێنەری تایبەت بەخۆی هەبێت و لەبەردڵانتر بێت لای هەندێ خوێنەر لە ژانرەکانی

هەواڵنامەی کتێب



دی.. بۆ نموونە؛

١ – چێژی هونەریی تایبەت: ڕۆمان، بەو پێیەی پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت ، جیاییەکی تایبەتی هەیە لە خوێندنەوەو بەدواداچوونی ڕووداوەکان و بەئاگابوون لە سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکان و چۆنێتی چنینی ڕووداوەکان و داڕشتنی گفتوگۆکان (حیوار) .. کە ئەم تەکنیکی نووسینە لە ژانرەکانی تری ئەدەبدا ، وەک ڕۆمان نین و هەر ژانرێکیان بنەماو تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە .

٢ – ڕۆڵی مێژوو لە ڕۆماندا ، تەواو بەرجەستەیەو دەکرێت خوێنەر لەڕێی گێڕانەوەیەکی مێژووییدا ، زانیاریی نوێ و سەرنجڕاکێش وەربگرێت ، بە شێوازە هونەری و مرۆییەکەی ، نەک بەفۆرمێکی وتاریی و سیاسیی وشک .

هەر ڕۆمانیشە قەبارەیەکی بەرچاو داگیردەکات لە دۆکیومێنتار کردنی ڕووداوەکان و هۆکارو ئەنجامەکانیان .

بێگومان، بەشێکی گرنگی هۆکارەکانی مانەوەو گەشەی زمانی هەر میللەتێک ، بریتییە لە مێژووەکەی کە نەوە بەنەوە دەگواسترێتەوە بۆیان و چوارچێوەی نەتەوەیەک بە زیندوێتی ڕادەگرێت .

٣ – بواری جێکردنەوەی زۆرترین فۆرم و ناوەڕۆکی زانیاری لەڕۆماندا ، بەرجەستەتر دەبێت بەهۆی تایبەتمەندێتیی تەکنیکی نووسینەوەی ئەم ژانرە ئەدەبییە ، لەوانەش بوارەکانی (دەروونناسی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، فەلسەفی) ئەم گشتگیرییە مەعریفییە ، بەڕای من ڕۆمان لەپێشتر دەکات بۆ وەرگرتنی زیاتری زانیاری و چێژو ئایدیا جیاوازەکان و جیهانێکی فراوانترو چڕو پڕ تر دەخوڵقێنێت بۆ خوێنەری تامەزرۆ ..

٤- گرنگییەکی تری ڕۆمان، (بەتایبەتی ڕۆمانی میللەتانی تر) ، هۆکارێکی ترە لە تێگەیشتن و وەرگرتنی زیاتری زانیاری لەسەر کلتورو مێژووی گەلانی دنیاو لەسەر گەشتکردنێکی بێ سنوور بەجوگرافیا جیاوازەکانی تری ئەم جیهانەدا،کەلە ڕێگەیەو مرۆڤ ئاشنا دەبێت بەژیانی گەلانی تر.

***

**- زرار سەرتاش : ڕۆماننووس : شەقڵاوە**



- خوێندنەوەی ڕۆمانە ئاشنام دەکات بە کلتورو فەرهەنگ و ناسنامە جیاوازەکان. لە چاوی ڕۆمانەوە بە زۆر کەسایەتی بەرز و هەروەها بە زۆر سەرکردەو سیاسەتمەداری بودەڵە ئاشنا بووم. ڕۆمانی دایکی مەکسیم گۆرکی بوو دەستی گرتم بە ناو شەقام و کۆڵانەکانی مۆسکۆیدا گێرام و بە بەفر بارینەکەی شارو دێهاتەکانی پەنجەکانی دەستی تەزاندم. ئەو کاتانەی ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوز دەخوێنیتەوە وا هەستدەکەیت کە خۆت یەکێکیت لە گەڕەکە میللیەکانی قاهیرە. من هەرگیز نەچوومەتە تورکیا، بەڵام بە هۆی ڕۆمانەکانی یەشار کەمال بست بە بستی چقوڕ ئاوا شارەزام و بامۆکیش لە بەفر دا بە بەشێکی ئەو وڵاتەی بە لامەوە لە نامۆیی ڕزگار کرد. سەلیم بەرەکات فانۆسێکی بە دەستەوەیە بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ڕۆژئاوای کوردستانمدا دەگێرێ، هەر بەوەندە ناوەستێ تا دەمگەیێنێ بە مەهاباد، سەرجەم ڕێگاکانم بۆ ڕۆشەن دەکاتەوە. ڕەحیمی قازی بە هۆی ڕۆمانەوە وشەی پێشمەرگەی پێ ناساندم. گەر خوێندنەوەی ڕۆمان نەبوایە ئەم هەموو فەرهەنگ و زمان و کلتووره جیاوازەم نەدەناسی، هیچ شتێکم دەربارەی کانە خەڵووزیەکان و ژیانکردن لە ئەمریکای لاتین نەدەزانی، بە کورتی و بە کوردی ئەم هۆکارەیە وایکردووە بە بەردەوامی ڕۆمانان بخوێنمەوە.

***

**- ماریا ئەحمەد : نووسەر: هەولێر:**



- لە هەموو ئان و سەردەمێکدا ، ڕۆمان پێو یستیە کی ئەدەبییە ، ئێمەی خوێنەر ن پێو یستما ن پێیەتی،چونکە لە میانی خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکدا ، شارەزای ڕووداوە مێژوویی و چیرۆک و بەسەرهات

و فەرهەنگی خۆمان و هەروەها گەلانی جیهان دەبین.هەر ژانرێکی ئەدەبی ، بە تایبەتی رۆمان کە دەیخوێنینەوە ، چەندین پرسیاری مەعریفی و هزری ، لە ناخ و دەروونی ئێمەی خوێنەر جێدەهێڵێت ، واتا تا چەند هەست بکەی کەوا ئەو رۆمانە،جیاوازییەک دێنێتە ئاراوە ، ئیدی منی خوێنەر پەلکێشدەکات بۆ زیاتر خوێندنەوەی،بۆ نموونە کە رۆمانی چل رێساکەی عیشقی ژنە نووسەری تورک ئەلیف شەفەق ، یان رۆمانی خاتوونی خەمی سارا باپیری و رۆمانی چاوەکانی بزورگی عەلەوی و پیرەمێرد و زەریای ئێرنست هەمەنگوای ...هتد دەخوێنینەوە ، ئەو پرسیار و جیاوازییانە ، بە ڕوونی هەستی پێدەکەین.ئەو رۆمانەی کە لە رووداو و گێڕانەوە،فرە ڕەهەندە و گرێچنی چیرۆک و بەسەرهاتەکان لە خۆیدەگرێت هەروەها بە زمانێکی تۆکمە و چڕ و خەیاڵ ئامێز واتا زمانێکی باڵا نەک سادە و ئاسایی نووسرابێت، لە گەڵ خستنە ڕووی فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەیی ، لە ڕێگەی ڕووداوگەل و هەروەها کۆمەڵە چیرۆکێکی هەمە چەشن،کە هەموویان لە خزمەت و بەرجەستە کردنی چیرۆکە سەرەکیەکە دابن، واتا ئامانجیان گەیاندنی پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە بێت ، هەڵبەتە لە ڕێگەی گێڕانەوە و دانە دەمیەکی چیرۆکەکان، وا لە خوێنەر دەکات زیاتر بیخوێنیتەوە . لە کاتی خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی سەرکەوتوو ،شارەزای فەرهەنگ و کلتوورە جیاوازەکان و تایبەتمەندی گەلانی جیهان دەبین ، ئیدی پەی بە زمان و شێوازی بیرکردنەوە و داب و نەریت و دیدگای ئەو نەتەوەیە دەبین ، زانیاری سەبارەت بە ڕووداوە مێژوویی و واقیعیەکانی ئەو نەتەوەیە وەردەگرین، کە نووسەر ، چیرۆک و ڕووداو و گێڕانەوەی ناو ڕۆمانەکەی لەسەر پایەکانی بنیاد ناوە ...

***

**- مەحموود هۆمەر باوزی: وەرگێڕ و ڕۆماننووس: قەڵادزێ:**

- کاتێک هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کتێب باشترین و سەنگینترین هاوڕێ و خوێندنەوەی کتێبیش خۆراکی ڕۆح و گیانە؛ گومانی تێدا نییە لە نێو هەموو ژانرەکانی خوێندنەوەدا رۆمان



بەلای منەوە پێویستترینە و پێموایە مرۆڤی خوێندەوار و پسپۆری بوارێک دەبێتە کەسێکی هەڵکەوتوو، دانا و زانا، بەڵام بەبێ خوێندنەوەی رۆمان و چیرۆک نابێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی، رەوانبێژی بیر فراوانی دووربین و متمانە بەخۆ بوو؛ متمانە بەخۆ بوویەک کە بتوانێ سنووری خۆی و کەسانی دیکەش دەرک بکات. خوێندنەوەی رۆمان، خەیام گوتەنی مرۆڤ تێکهەڵدەشێلێ و دەیکاتەوە قوڕ و جارێکی دیکە مرۆڤێکی نوێی لێدروست دەکاتەوە. خوێنەری پیشەیی کاتێک رۆمانێک دەخوێنێتەوە کەسایەتی خۆی لەناو کەسایەتی یەکێک لە کاراکتەرەکانی نێو رۆمانەکەدا دەدۆزێتەوە، بەشێوەیەک تێکەڵی دەبێ وەک ئەو دڵخۆش دەبێ، پێدەکەنێ، ورە دەداتە بەرخۆی و بە گڕ هێزی شەڕخوازدا دەچێتەوە و کاتێکیش رووبەڕووی ترس و بەزین، گریان و خەم و کەسەر دەبێتەوە هەمان کاریگەری لەسەر خودی خوێنەریش دادەنێ و لەو حاڵەتەدا خوێنەر ئەو ڕستەو دەربڕینە جوان و بەسوودانەش لە کاراکتەری هەڵبژاردەی خۆیەوە دەبیستێ، دووبارە دەکاتەوە و شوێنپێی ئەو هەڵدەگرێ و کەسایەتییەکە دەکات بەسەرمەشقی خۆی.

کەواتە دەتوانین سوودەکانی رۆمان خوێندنەوە لەو خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١- خۆدزینەوە و دەربازکردن لە کێشە فیکری و دەروونییەکان و وردبوونی تێڕوانین.

٢- فێربوونی شێوازی دوان و قسەکردن بە شێوەیەکی ڕێزمانی.

٣- فێربوونی ئەتەکێتی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە.

٤- باشبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی دروست لەگەڵ کەسانی دەوروبەر.

٥- فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان.


٦- دوور کەوتنەوە لە سترێس، باشبوون و ڕێکبوونی خەو.

٧- هەستیار بوون و دەرککردنی باشتری کەسان و جیهانی دەوروبەر.

٨- زانینی بەها و نرخی کات و بەرنامەڕێژیی بۆ کاروباری ڕۆژانە.

***

**- دڵزار حەسەن : ڕۆماننووس: هەولێر:**




- سەبارەت بە تێگەیشتنمان بۆ ئەو پرسیارە دەمەوێ سەرنجتان بۆ وتەیەکی نووسەری ئەمریکایی «چۆن دۆس ١٨٩٦- ١٩٧٠» ڕابکێشم، ئەو پێیوایە نووسەر لەناو تێکستدا بە هۆی کۆمەڵێک گرێوە، کە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە بەدەوری ڕۆماندا دروستی دەکات، لەناو دەقدا ڕەسمی خۆی وێنا دەکا و لەتەک ئەوەشدا وێنەی خوێنەر لەنزیک گێڕانەوەکەی دادەتاشێ. شێوەی خوێنەرێک، ڕێک لەتەنیشت خودی دووەمی خۆیدا، بەفۆرمێکی جیاواز بونیاد دەنێتەوە. بە دیوێکی دیکەوە دەنووسێت: مەزنترین خوێندنەوەی دەق ئەوەیە، هەردوو خودەکە خوێنەر و نووسەر- کارەکتەرە ڕاستەقینە و دروستکراوەکە، پێکەوە هەڵبکەن و بگونجێن. ئەگەر ڕوونتر بڵێین: ڕۆمان بە لایەکدا ئیشکردن بێ لە ناو ژینگە جیاوازەکان، بە دیوێکی دیکەدا دروستکردنی فەزایەکی لا شعوریشە بۆ قسەکردن لەسەر واقیع. کۆمەڵگەی کوردیش پڕیەتی لە حیکایەت و میتافۆر، بۆیە دووشت بۆ ڕۆماننووس گرنگن، کە یارمەتی ئێمەی خوێنەر دەدات تا ڕۆمانەکانیان بخوێنینەوە ( ئایدیا و ماتریالەکەی) واتا (بیرۆکە و کەرەستەکانی) بونیادی ژیاری ئێمەش هەردووکی تێدایە، پڕیەتی لە کەرەستە و لە بیرۆکە، بەڵام کێشەکە لە تەوزیفکردنییەتی لە ناو هونەری گێڕانەوەدا. ڕۆمانیش بەراورد بە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە، هەڵگری کۆمەڵێک میتافۆری جودا جودایە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دونیای خوێنەر، سوود و بایەخێکی زۆری هەیە، کە گوزارشت لە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هزری مرۆڤەکان دەکات. بۆ نموونە کاتێک ڕۆمانی «حەمەدۆک»ی یەشار کەمال دەخوێنینەوە دەبینین باس لە ژیانی لادێ دەکات، کە لەو سەردەمە دەرەبەگەکان چۆن هەڵسوکەوتیان

لەگەڵ خەڵکی سڤیل و گوندەکان کردووە و چۆن دەستیان بەسەر زەوی جوتیاراندا گرتوە و کردویانە بە موڵکی خۆیان. هەروەها کاتێک ڕۆمانەکانی «مینا حەننا ١٩٢٤»ی بە ڕەگەز سووری دەخوێنیتەوە بێگومان سەرنجت لەسەر شۆڕش و هەل و مەرجی سیاسی ناوچەکە دەگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی ژیانی خەڵکەوە، بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە زۆر حیکایەتی دەوڵەمەندی نەتەوەی دیکە دەبیستی، کە بەهۆیەوە تێکەڵ بە کەڵچەری میللەتانی دیکە دەبیت. بەتایبەتی لەو سەردەمەی، کە ڕۆمانەکەی تێدا نووسراوە. دیارە بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆمان، دواجار ئاشنا دەبین بە کلتوور و دابونەریتی ئەو شوێنەی، کە نووسەر باسی لێوە دەکات. وەختی خۆی لە ڕیگەی ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن لە هەندێک دیاردەی باوکسالاریی و توندوتیژی ناوخێزان تێگەیشتین. بەڕاستی جگە لەوانە بۆ خۆم ڕۆمان بۆ ئەوە دەخوێنمەوە تا باشتر لە زمانی نووسین و گێڕانەوە بگەم و چاکتر شارەزابم لە وشە و دەستەواژە و بنزارە کوردییەکان، چونکە خوێندنەوەی ڕۆمان ئاشنامان دەکا بە وشەی تازە و ڕستەی جیاواز و شێوازی دەربڕین و گێڕانەوەی نووسەرەکان. کاتێک لە خوێندنەوەی ڕۆمانێک دەبمەوە ئیدی هەستدەکەم باشتر لە دۆخی کۆمەڵایەتیی و دەروونی کەسەکان تێگەیشتووم. نزیک بوومەتەوە لە زمان و شێوەی دەربڕین و هونەری ئەدەبی، کارەکتەر و تەنانەت نووسەرەکەشی. زۆر جار کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکان وەک نموونەی باڵای ژیانمان بووینە، هەر لە ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرگیشەوە بگرە تا ڕۆمانی هاوچەرخ و تەنانەت ئەوانەی خۆشمان، ئێستاش شێوە و ڕەفتاری بەشی زۆری ئەو کارەکتەرانە لە خەیاڵم هەر ماون. لەلایەکی دیکەوە ڕۆمان دەخوێنمەوە تا لە بابەتی زانسی تێبگەم، یاخود هەندێک ڕوداوی مێژوویی، کە مێژوونووس بە هۆی هەلومەرجی سیاسییەوە خۆی لێی بەدوورگرتووە، ڕۆماننووس دەتوانێ ئەو لایەنە شاراوەی مێژوو، بەزمانی ئەدەبیی

و خەیاڵ و گێڕانەوە دیمەنەکانی وەکخۆی نیشانمان بداتەوە. نموونەی ڕۆمانی»شار«ی حوسێن عارف و کارەکانی جان دۆست و میران ئەبرەهام و کاروان کاکەسوور هتد..،کە پڕن لە دۆخی ڕاستکردنەوەی مێژوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا خوێنەر لە ڕێگەی ڕۆمانەوە تێکەڵ بە چەمک و بابەتە زانستییەکان دەبێت وەک ڕۆمانی (جیهانی سۆفیا)کەی «یوستاین گاردەر» کە بە شێوەی ڕۆمان باسی زانستخۆزایی و سەرەتای دەرکەوتنی فەلسەفە و کەسایەتییە دیارەکانی دونیای فەلسەفە و چۆنییەتی مامەڵکردن لەگەڵ دۆخی فیکر و عەقڵدا دەکات. کاتێکیش کارەکانی دۆستۆیڤسکی دەخوێنمەوە، کە لە ڕۆمانەکانی باسی دەروونی مرۆڤ دەکات، دەبینم ئەو نووسەرە بە شێوەیەک تێکەڵ بە ژینگەی مرۆڤ و دەروونی دەبێت، وادەردەکەوێت کە گەورەترین زانای دەروونشیکاریە. هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی کاتی خۆم، بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان تەرخان بکەم.

***

**- د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن: هەولێر**



- ڕۆمان دەخوێنمەوە، لە بەر ئەوەی دەخوێنمەوە،بەڵام چۆنم دەست بە خوێندنەوەکرد، سەرەتا لەڕێگەی بیستن و گوێمەوە هەستم بە لەززەتی خوێندنەوەکرد ، ماڵمان لە گوند بوو، باوکم کتێبخانەیەکی گوندیانەی هەبوو ، کتێبەکانی زۆر نەبوون، بەڵام زۆرتر ئەدەب و مێژوو بوون ، بۆ نموونە کتێبی (تاریخی ئاوڕەحمان بەبە) کە چاپی بەردین بوو، لەگەڵ کتێبەکانی ئەمیر ئەرسەلان و شیرین و فەرهادو لەیلاو مەجنوون میعراجنامەو زۆری تر ماڵەکەمانیان ئاوەدانکردبووەوە! ڕۆژێک باوکم بەدەنگ لەیلاو مەجنوونی دەخوێندەوە ، گەیشتە ئەو جێگایەی باوکی مەجنون دەچێتە دەشت و دەبینێ مەجنوون لە گەڵ ئاسک و کەروێشک خەوی لێکەوتووە ، دڵی نەهات لەپڕ بانگی بکات، لەتەکیا دانیشت و دەستی بە شێلانی کرد

، شـیعرەکە هێنـدەی لـە بیـرم مـاوە دەڵـێ : مەجنـوون ..

سەری هەڵبڕی زۆر بەکەساسی

سەیری کرد باوکی خۆی نەناسی

مـن لـە تـەک باوکـم دانیشـتبووم، دەسـتم بـە گریانکـرد، سـەیرمکرد باوکیشـم فرمێسـک بـە چاویدا دێتەخـوارەوە، ئـەم لەززەتـی گریانـە سـەرەتای لـەززەت بینینـم بـوو بـۆ خوێندنـەوە ، لـە لەززەتـی بیستنەوە بـەردەوام بـووم تـا لەززەتـی خوێندنەوە . کەماڵـمان هاتـە شـار زۆر بـە نارێکی و بەهـەژاری دەسـتم بەخوێندنەوەکـرد، خوێندنەوەکـەم بـێ بەرنامەبـوو، وەک برسـییەک هەرچیـم دەسـتکەوتبا دەمخوێنـدەوە ،کتێبـی کـۆن و دڕاوم لـە نێـو بەرمیلـی زبـڵ هەڵگرتووتـەوە، سـەرەتا زۆرتـر شـیعرم دەخوێنـدەوە دوایـی چیـرۆک و دواتـر ڕۆمـان. کـە گەیشـتمە خوێندنـەوەی ڕۆمـان ، گەیشـتبوومە قۆناخێکـی بـەرزی خوێندنـەوە ، زۆرتـر بـە عەرەبـی و فارسـی دەمخوێنـدەوە ، یەکەمیـن ڕۆمانـی کوردی ڕۆمانـی ( پێشـمەرگەی ) ئیبراهیـم ئەحمەدبـوو، یەکەمیـن ڕۆمانـی جیهانیـش ڕۆمانـی جیمـس جۆیـس ڕۆمانـی (دبلـن) بـوو .

ناتوانـم بڵێـم مـن بـەردەوام ڕۆمـان دەخوێنمـەوە، بـەڵام ، بـۆ مـن ڕۆمـان پەنجەرەیەکـی گەشـە، ڕۆماننـووس بەسـەر زمـان و فەرهەنـگ و مێـژوو جوگرافیـاو هونـەرو ئیسـتاتیکای وڵات و نەتـەوەی خۆیـدا دەکاتـەوە ، بـە زمانێکـی تایبـەت و بـە تەکنیکێکـی تایبـەت، ڕۆمـان دەریاچەیەکـی فراوانـە کەنووسـەر بەتێـری تێیـدا گەمـەی داهێنـان و لـەززەت بینیـن دەکات و خوێنـەری ئـەو ڕۆمانـەش ئـەم گەمـەی لەززەتـی خوێندنەوەیـە دووبـارە دەکاتـەوە، خوێندنـەوەی ڕۆمـان مانـەوەی خوێنـەرە بـۆ ماوەیەکـی زۆر تـر لـە بینینـی لەززەتـی خوێندنـەوەدا .

***

**- ڕەفتـار شـەهاب سـوارە: نووسـەر و توێـژەر:**

- خوێندنـەوە هەمیشـە خوێندنـەوە... تـا لـە ژیانیـن هەمیشـە دەخوێنینـەوە مرۆڤـەکان بـە منـداڵان و گەنـج و پیـر.. سروشـت بـە هـەر چـوار وەرزە جوانەکـەی... پەرتووکـەکان لـە هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـدا ئـەوەی حەزمـان لێیەتـی و ئـەوەی حەزمـان لێـی نییـە..



کـەل و پەلـەکان ئەوانـەی بـە ناچـاری دەبێـت لـە گەڵیـان بژیـن و ئەوانـەش کـە خۆشـماندەوێن..

کەواتـە مـن هەمـوو چرکەکانـی ژیانـم دەخوێنمـەوە کەواتـە زووتـر و زیاتـر دەتوانـم و دەزانـم فێـر بم.بڵێـی ئـەم هەمـوو خوێندنەوەیـە لـە ژیانـم حـەزی دروسـتکردنی خوێندنـەوەی ڕۆمانـی بـۆ دروسـت نەکردبێتـم؟

خەڵـک بـە هـۆکاری جۆراوجـۆر ڕۆمـان دەخوێننـەوە، کات بەسـەر بـردن و فێربـوون و گەشـەکردنی کەسـی.

خوێندنـەوە دەتوانێـت وشـە سـازی و توانـای بیرکردنـەوەی ڕەخنەگرانـە باشـتر بـکات، هەڵهاتنێـک (Escape) لـە جیهانـی ڕۆژانـە پێشـکەش بـکات ڕێگـە بـە خوێنـەران دەدات خۆیـان لـە چیـرۆک و شـوێنی جیاواز نوقـم بکـەن.

توێژینـەوەکان بـە گشـتی سوودەکانی خوێندنـەوەی ڕۆمـان لـەم خاڵانـە دەخەنـە ڕوو:

- ئیسراحەت و کەم کردنەوەی فشار.
- پەرەپێدانی خەیاڵ و داهێنان.
- تێڕوانینی کلتوری.
- پەیوەندی سۆزداری.

خوێنـەران دەتوانـن لـە کارەکتەرەکانی نێـو ڕۆمانەکـەوە فێربـن کـە پـڕن لـە چێـژ چونکـە چیرۆکـەکان لێکۆڵینـەوە لـە دەرئەنجامـی ئـەو بڕیارانـە دەکـەن کـە دراون یـان نـەدراون، بەبـێ ئـەوەی پێویسـت بـکات خۆیـان ململانێـی ئـەو ئەزموونـە بکەن.خوێندنـەوەی ڕۆمـان بـە بەردەوامـی دابەزینـی دەروونیـی خـاو دەکاتـەوەو ئەگـەری تـووش بـوون بـە نەخۆشـی (ئەلزەهایمـەر) کـەم دەکاتـەوە.

لێکۆڵینـەوەکان دەریانخسـتووە کـە نەخۆشـە پیـرەکان کـە کتێـب دەخوێننـەوە دوو جـارو نیـو کەمتـر لەوانـەی کـە ئـەم کارانـە ناکـەن تووشـی (ئەلزەهایمـەر) دەبـن. لێکۆڵینەوەیەکـی زانکـۆی ساسـێکس (University of Sussex) دەریخسـت کـە شـەش خولـەک خوێندنـەوەی بێدەنـگ دەتوانێـت ئاسـتی فشـاری دەروونیـی بـە ڕێـژەی (٦٨٪) کـەم بکاتـەوە.

خوێندنـەوە لـە ڕێگاکانـی دیکـەی وەک گوێگرتـن لـە موزیـک یـان پیاسـەکردن خێراتـرو باشـترە.ڕۆمانەکان دەتوانـن

فێری خوێنەران بکەن دەربارەی کلتورە جیاوازەکان، قۆناغە مێژووییەکان و تەنانەت چەمکە زانستییەکانیش هەروەها پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کارەکتەرە خەیاڵییەکان پەرە پێبدەن و ئیلهام لە گەشتەکانیاندا بدۆزنەوە. خوێندنەوە بە زیادکردنی هەستکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە پەیوەندییەکانمان باشتر دەکات. مێشک جیاوازی لەنێوان خوێندنەوەی ئەزموون و ژیانی ئەو ئەزموونە ناکات هەمان ناوچەکان چالاک دەبن زانای بەناوبانگ ڕەیمۆند مار (Raymond Mar) زانکۆی یۆرک – کەنەدا، لێکۆڵینەوەیەکی شۆڕشگێڕی کردووە دەریدەخات کە (خوێنەرانی دەقە چیرۆکییەکان ئاراستەیەکی باشتریان هەیە بۆ هاسۆزی لە چاو ئەوانەی کە ئەم جۆرە دەقانە ناخوێننەوە).

کیس ئۆتلی (Keith Oatley) – زانکۆی تۆرۆنتۆ لەگەڵ زانا ڕەیمۆند مار پێکەوە تیۆرییان دروستکردووە،کە (بەشداریکردن لە ئەزموونە شەبیهسازییەکانی ئەدەبیاتی چیرۆکی دەتوانێت تێگەیشتن لە کەسانی تر،کە جیاوازن لە خۆمان ئاسان بکات وتوانامان بۆ هاوسۆزی و دەرخستنی کۆمەڵایەتی بەرزبکاتەوە). وە هەروەها دەبێتە هۆی باشترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی فێردنی چۆنیەتی گفتوگردن و گوێگرتن لە خەڵکی جیاواز، تێگەیشتن لە ئەوەی کە هەر کەسێک کێشەو چالاکی تایبەت بە خۆی هەیە هەروەها فێربوونی ڕێگاکانی مامەڵە کردن لەگەڵ دۆخە ناخۆشەکان، هەروەک زانا لیزا زونشاین (Lisa Zunshine) سەرنجەداتە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی مێشکی و تیۆری مێشک – توانامان بۆ تێگەیشتن لەوەی،کە کەسانی تر بیرکردنەوەو هەستیان هەیە جیاواز لە ئێمە، چیرۆک ڕاهێنانمان دەکات لە تیۆری مێشکدا، یارمەتیمان دەدات لە گەشتکردن بە پەیوەندییە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکاندا.

لە هەمانکاتدا خوێندنەوە یارمەتی خەو دەدات پێش نوستن بە تایبەت ئەگەر بیکەیتە ڕێو ڕەسمێکی شەوانە، هەروەها ئیلهام بۆ سەرکەوتن دەدات و تەنیایی و دابڕان کەمدەکاتەوە...

لە ڕوانگەی نووسەرە کوردەکانەوە ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)

وەک یەکێک لە کاریگەرترین زاناو شاعیرەکانی کوردستان گرنگی کتێب و زانیاری بۆ پەرەپێدانی نەتەوایەتی و شارستانیەت دەردەخات.لە ڕوانگەی نووسەرە جیهانیەکانەوە:

(George R.R. Martin) دەڵێت:

(خوێنەرێک هەزار ژیان بەر لەوەی بمرێت دەژیت).ئەم قسەیە گرنگی ڕۆمان لە زیاد کردنی ئەزموون و تێگەیشتنمان لە ژیان دەردەخات.

لە کۆتاییدا لە ڕووی دەروونناسییەوە:

(ڕۆمان وەک ئاوێنەیەکە کە خۆمان و کۆمەڵگامان تێیدا دەبینین).

لە ڕووی فێرکاریەوە:

- ڕۆمان مێژوو، جوگرافیا، کلتوورو زمانی نەتەوەکانی دیکەمان فێر دەکات.

- شێوازی نوێی فێرکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشە پێشکەش دەکات.

لە ڕووی ناسنامەی نەتەوایەتییەوە:

***

**– سەلاح جەلال : ڕۆماننووس: سلێمانی :**

– ڕۆمان دایەلۆژی شارستانیەتەکانە. زەریای ئەو وشانەیە هیچ کۆتاییەک



هەڵناگرن. دەبنە گەردەلول و جیهانی واقیعی بۆ جیهانی ئەندێشە ئامێز دەگوێزنەوە.

مرۆڤ بەهۆی شالاَوی کارەسات و ڕووداوو تراژیدیای ژیانەوە توشی ڕاڕایی و گومان و بیرکردنەوە دەبێت. پێویستە ڕۆمان بخوێنێتەوە

بەباڵی ئەندێشەییەوە لەو واقیعە باوە یاخی ببێت و بەخەیاڵ وێنایان بکاتەوەو هەتا چێژ لە چیرۆک و ڕووداوی ڕۆشنبیری و شارستانیەت و جیاوازی میللەتان وەربگرێت.

ئەم پەیوەندییە پاشخانێکی مێژویی هەیە، چیرۆک کۆنترین هونەرە لەدەروونی مرۆڤەوە نزیکە. ئۆدیبی پاشا بەشانۆ نیشاندرا، ئەنجامەکەی گێڕانەوەی چیرۆکی ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو لەڕێی کەسایەتییەکانیەوە. هەر سێ کتێبە ئاسمانییەکەش (تەورات و ئینجیل و قورئان) بەزۆری چیرۆکی پەیامنێرو ستەمکاران و خەڵکی باش و شەڕخواز دەگێڕنەوە.

ئەندێشە و کەڵەکە بوونی مەعریفەو

پرسیارە فەلسەفی و مەعریفیەکان خوێنەر بۆ خوێندنەوەی رۆمان دەبەن. لەرێی رۆمانەوە هێلی سۆزداری و توانا بوون بەسەر نووسین و دەربرین و گەشەکردن لەبواری کۆمەڵایەتییدا لەرێی کەسە جۆراو جۆرەکان و بیرو بۆچونی ئەوانی ترەوە بەدەستدەهێنێت.

ژیان لەناو رۆماندا واتایەکی تایبەتی هەیە. کرانەوە بەرووی بیروبۆچونی ئەوانیتردا. وێنەی فەیلەسوف و خاوەن موڵک و کۆیلەو زۆردار دەکێشیت.

لەروانینی جیاوازەوە جیهان نیشاندەدات و وێنەی ژیان گەورە و دەوڵەمەند دەکات و تێگەیشتنی تایبەت بەمرۆڤ دەبەخشێت.

خوێنەر لەخوێندنەوەی رۆمانەوە ئەزمونی زمانەوانی فراوان دەبێتەوەو موفرەدەی زمانەوانی ئامار دەکات. بەو کردارانەی لەنەستەوە دەردەچن،لایەنی گرنگتریش جیاوازی لەنێوان خوێندنەوەی رۆمان و کتێبەکانی تردا ئەوەیە کتێبەکانی تر بۆ فێرکاری و زانیارین. چۆن سەربکەوێت و دەربچیت و رۆشنبیر ببیت. رۆمان ئەندێشەو جیهان بینی دەبەخشێت، چۆن هەست بەئازاری ئەوانیتر بکەین، لەجەستەو رۆحی خۆمانەوە بگۆردرێین بۆ کەسایەتییەکی تروزیاتر فراوان دەبێتەوە بۆ چێژی ئەو هونەرە ئەدەبیانەی لەگوتاری رۆماندا رێکدەخرێن، شیعر بەچرپی لەهەستدا ئامادە نییەو چیرۆکی کورت و حیکایەت و ئەفسانەو تارو ژیاننامەی رۆژنامە نووسیش لەفەزایەکی نوێدا نیشاندەدرێنەوەو دایەلۆژی شانۆیی و درامی لەناو رۆماندا ئەو دەنگە نییە لەسەر شانۆ بوونی هەیە.

تابلۆ لەوێنەدا دروستدەبێت و مۆسیقا وەک تابلۆ بەسەریاندا دابەش دەبێت. زۆر لەگەشت و ئاماژەی پەخشانیش لەوتارەکەیدا بەرجەستە دەبنەوەو خوێنەر دەبەنە ناو رووداوی مێژوویی، (رابردوو ئێستاو ئایندە). خوێنەر لەناو حیکایەتەکەیدا دەبێت بەیەکێک لەکاراکتەرەکان.

وتاری رۆمان زانستەکانیشی گرتۆتە خۆی.(مێژوو، ئەفسانەکان، دەروونزانی، کۆمەڵایەتی،ئیستاتیکا، رەوانبێژی، زمان، فەلسەفە، جوگرافیا، هتد..

چارەسەری کێشە دەروونی و

ئەنتۆلـۆژی و مەعریفیەکانـی خوێنـەر دەکات.دەیگۆڕێـت بەکەسـێکی تـر. ئـەم کاریگەرییـە فـراوان دەبێتـەوە، ڕۆمـان بەژیانـی دووەم ناسـراوە. زیاتـر واقیعـی تـرە لەواقیعـە روتەکـە، بەزمـان و شـێوازێکی نـوێ و قـوڵ بوونـەوەو تێگەیشـتنی تـەواوەوە کار دەکات بـۆ پەرەسـەندنی روانینـی وێنـەی جـۆراو جـۆر و جیـاواز بـۆ دەوڵەمەنـد بـوون لەژیـان و تێگەیشـتن و نوێبوونـەوە لـەم واقیعـە بـاوەوە، جیهـان و ژیـان و روانینێکـی گەردونـی نـوێ نیشـاندەدات لـەوەو بـەر نەبینرابێـت.

پرسـیارە سەرسـوڕهێنەرەکانی بـوون دەمانخەنـە نـاو شـەپۆلی کتێبێکـی کۆکـراوەوە گوتارەکـەی پێکهاتـەی بـواری هونـەری و ئەدەبـی و زانستییە، ئەویـش ڕۆمانـە ناچاریـن بیخوێنینـەوە هەتـا رابـردوو وئێسـتا و ژیانمـان بـەرەو ئایندەیەکـی نـوێ بچیـن.

***

– **بەکر ئاڵەیی: ڕۆماننووس: رانیە:**

– وەختێـک ڕۆمـان دەخوێنمـەوە، دەچمـە نـاو دونیایەکـی تایبـەت، ئاوێزانـی نـاو ڕووداوەکان دەبـم، دەچمـە نـاو خەیاڵـی نووسـەر، سـایکۆلۆژی



کا ر کتـە ر ە کا ن د ە خو ێنمـە و ە ، هونـەری گێڕانـەوە، تەکنیـک، زمـان، هێنانەوەی ڕووداوی مێژوویـی و توانـاو سـەلیقەی نووسـەرەکە بـەراوورد دەکـەم بـە نووسـەرانی دیکـە، بـە دیوێکـی دیکـەدا، بۆیـە ڕۆمـان دەخوێنمـەوە تـا بازدانێـک لـە نووسـینەکانی خۆمـدا ببینـم، تـا بتوانـم باشـتر بنووسـم، تـا زەمـەن و خەیـاڵ و ژینگـەی ڕۆماننووسـەکە دەردەشـە بکـەم، تـا تەمەنـی خـۆم درێژبکەمـەوە، تـا ژیـان جوانتـر ببینـم، ئـەو هەسـتە بخوێنمـەوە، ئەوانـەی سـەرمایەیەکی زەبەلاحیـان لەبەردەسـتە خۆیـان وانیشـان نـەدەن دەوڵەمەنـدن، چونکـە لـەو کاتـەدا هاوسـێیەکەی هـەژار و برسـییە، ئـەو هەسـتە بخوێنمـەوە ساغ و خـاوەن جەسـتەیەکی تەندروسـتی لـە بەرامبـەر نەخۆشـێکی شـێرپەنجە سـاغ و سـەلامەتی خـۆت نمایـش مەکـە، هـەوڵ بـدە ئـازاری نەخۆشـەکە بخـە نـاو جەسـتەی خـۆت هاوبەشـی نەخۆشـییەکەی بـە، بۆیـە دەخوێنمـەوە

تا زیاتر لەوە حاڵی بم ژیان و ژینگەو ژوانی خەونەکانم خۆشبوێ، بۆیە ڕۆمان دەخوێنمەوە تا دونیایەکی دی بێ ڕق و کینە بهێنمە ناو ژیان و دەورووبەرم.

خوێندەوەی ڕۆمان، حەسانەوەی ڕۆح و پەیامی خۆشەویستییە بۆ کۆمەڵگە.

***

- سەلام عومەر: ڕۆماننووس: هەولێر:




- تەواوی ژانرە ئەدەبیەکان گرنگە بخوێنرێنەوە، چونکە هەموویان سوودبەخشن و لە بوارەکانی خۆیاندا چێژت دەدەنێ، خوێندنەوە بەگشتیی پرتدەکا لە زانیاری و ڕۆشنبیری گشتییت فراوان دەکا، ئەگەر جاران شیعر پانتاییەکی بەرفراوانی لەنێو خوێنەران داگیر کردبوو، ئەوە هۆکارەکەی نەبوونی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بووە، ئێستا،کە نووسەری ئەم ژانرەمان زۆرە و هەروا وەرگێڕەکانیش شاکارەکانی نووسەرە جیهانیەکانیان بۆ کردووینە کوردی، خوێنەری خوێندنەوەی ڕۆمان زۆر بووەو بەتاسەوە بەدوایدا دەگەڕێن، ڕۆمان چ دیرۆکی بێت یان خەیاڵ خوێنەر دەباتە جیهانێکی دی و لەگەڵ کارەکتەرەکاندا دەژی دەچێتە نێو ڕووداوەکان و چێژ لە سەرکەوتنی پاڵەوانەکە وەردەگرێت و بەگلانیشی دڵتەنگ دەبێت، خۆ ئەگەر ڕۆمانەکە دیرۆکی بێت و پشت بەخەیاڵ ببەستێ ئەوە رابردوو وەبیر خوێنەر دێنێتەوە و پێیدەڵێ تۆ لەوێوە هاتووی، ئەویش دەچێتەوە دواوەو لەگەڵ کەوتن و هەستانەوەکاندا لەگەڵ سادەیی ژیانی رابردوودا دەچێتە نێو خەیاڵ و چێژ لەم گەڕانەوە دەبینێت و زۆر جاران ئەگەر ڕۆمانەکە کاریگەر بێت و بەزمانێکی جوان داڕێژرابێت ئەوە خوێنەر حەزدەکات ڕۆمانەکە درێژ ببێتەوە .دوای خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێک خوێنەر لە زۆر بواردا سوود دەبینێت جگە لە چێژ، زانیاری لەسەر رابردوو یان خەیاڵ و رستەی جوان و وشە، فراوانتر دەبێت، دەتوانێ لە پەند و ئیدیۆمەکانی نێو ڕۆمانەکەدا سوود وەرگرێ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگدانەوەی هەبێ، بەجۆرێک لە

نێو کۆبوونەوەو گفتوگۆکاندا خۆی بناسێنێ و فێری وشەسازی و دەوڵەمەند بوون لە قسەکردندا بێت، لێرەوەیە رۆمان خوێندنەوە ئەو دەرفەتەت بۆ دەڕەخسێنێ کە بتوانی لەنێو کۆمەڵگادا جیاواز دەرکەوی یان جیاواز بیر بکەیەوەو نووسەرانی باش و خراپیش لێکجیا بکەیەوە.

***

**- جەمال نووری: نووسەر و توێژەر/ سلێمانی :**



- نیچە لە کتێبی «ئەودیو شەڕ و خێر»دا دەڵێت: «هەموو فەلسەفەیەک، فەلسەفەیەکی تر دەشارێتەوە، نووسین وەک خۆی کردەیەکی ترسناکە، نەک بە هۆی ئەوەی نەریت، ئەخلاق، بیروباوەڕ و شێوەی بیرکردنەوە دەگۆڕێت، بەڵکە زیاتر بە هۆی ئەو سیفەتە پارادۆکسەیەوە کە هەیەتی؛ نووسین هەم دیواری واقیع کون دەکات، هەم ئەستوونەکانی واقیع بەهێزتر دەکات؛ نووسین چەندە دەرخستن و کەشفکردنە، هێندەش کەپت و چەپاندنە؛ نووسین تەنیا پەیوەندیگرتن نییە لەگەڵ «ئەویتر»، بەڵکە سڕینەوەی «ئەویتر»یشە؛ لە هەندێ قۆناغی مێژووی فیکردا نووسین بە تەواوەتی وەک نیچە دەڵێت، دەبێتە حەشارگە و دەمامک: دەمامکێکی دەستەجەمعی، دەمامکی شاراوەتر و ترسناکتر. هەندێ نووسین دەرپەڕاندنی دەمامکێکە بۆ ئەوەی دەمامکێکی تر جێی بگرێتەوە، سڕینەوەی درۆیەکە، لەپێناو درۆیەکی سرگتر و ڕامنەکراوتر، لە کاتێکدا نووسین بە زەرووڕەت تێکدان و ڕووخاندن و دادگایی کردنە؛ مەعریفەت توندوتیژییە، تەنانەت شێوەیەکە لە ستەم و زەفەربردن. هیچ تیۆری و نووسینێکی ڕەسەن نییە لە مێژووی فیکردا، کە زەفەری بە واقیع نەبردبێت؛ فیکری ڕەسەن هەمیشە ترسناکە. یەکێک لە گرنگترین وەزیفەکانی نووسین، دروستکردنی درز و کەلێنە لە واقیعییەتدا؛ نووسین بریتی نییە لە کردەی پڕکردنەوەی «بۆشایی واقیع»، بەڵکە هەم دروستکردنی

بۆشایی و هەم هەستکردنە بە بەتاڵیی واقیع. نووسین بۆ ئەوەی بەردەوام زیندوو بێت، پێویستە کەلێنەکان زەق بکاتەوە،سنوورەکانی واقیع گەورەتر..! کەوابوو هەر نووسینێک هاتە بەرچاوم و بەو مەبەستەی بیخوێنمەوە. ئەگەر ئەوانەی بۆ شوناسی (نووسین ) ئاماژەم پێکرد لەڕۆماندا بینیمەوە ئەوا گرنگی پێدەدەم و دەیخوێنمەوە لەبەرئەوەی گەر بمەوێ خاوەنی بونیادێکی ئینسانی و سروشتی خۆم بم و رووئیای تایبەت بەخۆم هەبێ و مەودای بیرکردنەوەو دنیابینیم لا جوانتر بکات.تەنها ڕۆمان ئەوەم بۆ کەشفدەکات کە تێبگەم لەوەی زەمەن بۆ خۆی نەفی دۆگماو وەستان دەکاتەوە ،لەهەمانکاتیشدا بێکۆتا بوونی زەمەنیش، وامان لێدەکات لێکچوون و هاوشێوەبوونێکی زەمەنیی ،لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێدا ببینینەوە، هەروەک لە ڕۆمانی (مەدارەکانی ساتوورنێ سیبباڵدا) دەبینرێتەوە. لەمیانی گەشتێک بەنێو زەمەندا، بەئامانجی گەیشتنە حەجی مەسیحییان، تاقیبی ڕێگەی قەرەجان و گەڕیدەکان دەکات و لە ڕێگەی سەردو مەنەلۆگەوە، ڕووداوو و کارەسات و ساتە سەیر و سەمەرەکانی مێژوو زیندوو دەکاتەوە، بەچەشنێک سیبباڵد لەو جۆرە نووسەرانەیە کاتێک گەشت بەنێو مێژوودا دەکات و بەسەرهاتە مێژووییەکانمان بۆ وێنا دەکات، خۆی لەقەرەی خستنەڕووی گوتارە سیاسی و تێڕوانینەکانی خۆی نادات و تەنها بەوەی دەیخاتەڕوو پرسیارمان لا دروستدەکات.

***

– ژیلاکەریمی: نووسەر: هەولێر:



– خوێندەوە خۆی هەڵگری چێژێکی تایبەتە و ئەوەی کە بزانێ چی دەخوێنیتەوە چەند هێندە چێژی تایبەتترت پێدەبەخشێت. ڕۆمان یەکێک لەو نووسینانەیە،کە بەلای منەوە لە سەرنجڕاکێشترین نووسینەکانە، چونکە هەمان ژیانە، ژیانی من، تۆ و یەکێک لە ئێمە، بە واتایەکیتر ئەگەر سەربوردەی کەسێک لە

ڕابـردوو نەبێـت، دڵنیـای لـەوەی کـە لـە داهاتـوو بـۆ کەسـێک ڕوودەدات. مـن خـۆم لـە ڕۆمانـدا دەبینمـەوە، یـان وەک کاراکتەرێـک کـە بەشـێکم لـەو ڕووداوە، یـان دۆزینـەوەی خـۆم لـە هەمـوو هەسـت و ڕق و تووڕەیـی و هیـوا و دڵخۆشـییەکان. تـەواو هەسـت بـە کاراکتـەرەکان دەکەم.هەندێکجار هەست بـە تـەواوی شـوێن و کاتەکـە دەکـەم بـە تامەزرۆییـەوە چاوەڕێـی کۆتاییەکـەی دەکـەم هـەر ئـەوەش وادەکات بـە چەنـد کاتژمێرێـک نەتوانـم دەسـت لـە خوێندنـەوە بـەردەم. بـە بـڕوای مـن هەر خوێنەرێـک دەتوانـێ جۆرێـک لـە پەیـام لـە ڕۆمانـدا بدۆزێتـەوە، هەندێکجـار ئەوەنـدە خـۆم نزیـک لـە کارکتـەرەکان دەبینم،کە پێشـبینی کۆتایـی ڕۆمانەکـە دەکـەم و چەنـد هێنـدە چێـژ وەردەگـرم کـە کۆتاییەکـە جیـاواز دەبێـت لـەو شـتەی پێشـبینی مـن بوو،بـەڕای مـن ڕۆمـان یـەک لـەو پێشـنیارە باشـانەیە بـۆ کەسـێک کـە پرسـیارت لێـدەکا کـە دەیهەوێـت بـواری خوێندنـەوە و بـە چـی دەسـپێبکات؟ بێشـک ڕۆمـان باشـترین بژاردەیـە. لـە لایەکیتـر لـە ڕێگـەی ڕۆمانـەوە دەتوانـی زۆر با ئاسـانی بچیتە نێـو ژیـان و کلتـور و دابـی وڵاتانیتـر و ئاشـنای کلتـوور و فەرهەنگیـان بیـت. خاڵێکـی سەرنجڕاکێشـتر لـە ڕۆمانـدا ئەوەیـە بـۆ چەنـد نـەوە هەمـان چێـژی دەبێـت، ڕۆمانێکـی بەهێـز چەنـد بـۆ باوکـم سـەرنجڕاکێش بـووە، بـۆ مـن گـەر زیاتـر نەبێـت کەمتـر نییـە و بـۆ منداڵـی منیـش بـە هەمانشـێوە، واتـا بـە پێـی کات نامرێـت و لـە چوارچێوەی کاتـدا زیندانـی نەبـووە.

***

# دەستەڕنەیەک لە هزری (مودریک ژاڵی)دا

هەواڵنامەی کتێب



د. هاوژین صلیوە


شیعر هەناسەی ژیانە و ئاوێتەی هەموو هونەرەکان بووە، ئاخر لەدووتوێی تابلۆیەکی شێوەکاری شیعر هەیە، لە نۆتەی مۆسیقایەک هەست بە ترپەکانی شیعر دەکەین، لە شانۆ و چیرۆک و ڕۆمان نەرمە هەناسەیەکی شیعریی هەیە، لەنێو خودی شیعری جوان شیعریەت هەیە و هەر ئەو زمانە خەیاڵییەشە نەمریی و جوانی و چێژی بە هونەر بەخشیوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٥ دیوانی (سۆناتینە)ی مودریک ژاڵی لە دووتوێی کتێبێکی ٣٠٤ لاپەڕەیی چاپ بوو، کە زیاتر کورتە شیعرەکانی لە خۆگرتووە، لە ژێرناوی: تێڕامانەشیعرییەکان، سۆناتینە شیعرییەکانی ماچ، چاوت

...چەنـدان ناونیشـانی تـر.

ژاڵـی لەنێوژانـرە ئەدەبییـەکان تەنها خـوو و خـدەی داوەتە دەسـت نووسـینی شـیعر، واتـا بـەلای نووسـینی چیـرۆک و ڕۆمـان و شـانۆنامە و توێژینـەوەی ئەدەبـی و وەرگێـڕان و ئـەو بوارانـە نەڕۆیـوە، وەکـو لـە زانسـتی پزیشـکی کـە پسـپۆڕی ورد لـە بوارێـک وەربگری و شـارەزایی تێداپەیدابکـەی ئەویـش بەوشـێوەیە کاری کـردووە، لـە تەمەنێکـی زۆر زووەوە ئـەو خەریکـی شـیعر نووسـینە، لـە جیهانـی تێڕامـان و تێفکریـن دانەبـڕاوە، هەمـوو ئـەو کتێبانـەی کە خوێندووتییـەوە لە ئاییـن و مێـژوو و لـە فەلسـەفە و لـە فکـر... لـە پێنـاوی دروسـتکردنی خەزنەیەکـی باشـترە بـووە هـەر بۆ نووسـینی شـیعر، نـەک بابەتێکـی تـری ئەدەبـی.

مودریـک درەنـگ شـیعرەکانی چاپکـردووە، ئـەوەش دوو لایەنـی هەیـە: یەکـەم: ڕەنگـە ئـەم قازانجەکـەی ئەوەبـێ کـە ئەزموونـی نووسـینەکەی کامڵتردەبێـت، ئـەو شـیعرانەی لەبەردەسـتییەتی دەتوانـێ باشـتر ڕێکیبخـات و پێیدابچێتـەوە، تەنانـەت بـازە شـیعرێکی بـەدڵ نەبـێ



مودریك ژاڵی


وەلاینـێ. تەنانـەت ئـەوەی لـە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیـش بـڵاوی کردۆتـەوە، دەتوانـێ دەسـکاری بـکات، یـان خـۆی لـێ نەبـان بـکات و نەیناسـێتەوە و نەیخاتـە نێـو دیوانـەکان.

ئـەوەی زیاتـر دەبێتـە مـاڵ کـە وەک کتێـب چـاپ دەکرێـت، ئەمـە زۆر گرنگـە بـۆ کامڵبوونـی ئەزموونەکـەی، گەنجێک لـە تەمەنی ١٦ساڵی دەستی داوەتـە شـیعر نووسـین و لـە سـەرووی ٦٠ سـاڵی چاپـی دەکات، حەتمـەن ئەزموونێکـی زۆری تێدایـە. ئەزموونیـش بـە دوو شـێوە: هـەم ئەزموونـی تەمـەن، هـەم ئەزموونـی خوێندنـەوە،

هەم ئەزموونی زرووف و سەردەم. شاعیرانی کلاسیک پرۆسەی نووسینی شیعریان پرۆسەی تەمەن بوو، نالی و مەولەوی و سالم و...چەندان ساڵ دوای مردنی خۆیان دیوانیان چاپ بوو. ئەوەی لەبەردەستمانە بەچەندان بیرکردنەوە و جیهانبینی جیاوازی شاعیر تێپەڕیوە، ئەوەش یەک لە سوودەکانیەتی.

لایەنی زەرەرەکەشی ئەوەیە: دادەبڕێ بەتایبەتی لەوەی کە شتێکی بەرجەستەو کۆکراوە لەبەردەستی توێژەر نابێ بۆئەوەی توێژینەوەی لەسەربکات. هەرچەندە شاعیر ئاماژە بەوەدەکات لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەشێک لە شیعرەکانی خۆی کۆکردۆتەوە بە مەبەستی بەچاپگەیاندن، بەڵام بەشی زۆری مۆری سووری لێدراوە و ڕێگە نەدراوە وەک ئەوەی خۆی دەیەوێ وا چاپبکرێت.

دوای ڕاپەڕین هەلێکی زۆری هەبووە لەماوەی ئەو سی و پێنج ساڵە، بەتایبەتی بۆخۆی بەرپرسی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ بووە لە کۆیە، بەڵام هەوڵی چاپکردنی نەداوە، ئەگەر چاپی بکردایە و لە دوای ڕاپەڕین بەچەند دیوانە شیعرێک



دەهاتە پێش و باشتر بە خوێنەرانی ئاشنا دەبوو. هەرچەندە، چەند شتێکی لەسەر نووسراوە، بەڵام ئاست و پێگەی شیعرەکانی شایەنی ئەوەن ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای لەسەر بنووسرێ.

لەم دیوانەدا شتێکی زیرەکانەی کردووە، بەشی زۆری ئەو کورتە شیعر و کورتیلە شیعرانەی جوداکردۆتەوە، بۆئەوەی جۆرە ستایلێکی شیعری تایبەت بێت، بۆیە دەتوانێ ئەو شیعرانەی تر لە دوو کاتی جیاواز و بە دوو دیوانی تر بڵاویان بکاتەوە.

سەبارەت بە نووسینەکەشی کە بەناوی (بەرچێژ)نووسیویەتی مانافێستی شاعیرە، جیهانبینی و ڕوئیای شاعیرە بۆ بواری نووسین، پێی وایە کە مرۆڤ بە پێنج هەست یان شەش هەست ناتوانێ تەعبیرەکان دەربڕێ... کۆمەڵێ هزر و بیری تایبەتی خۆی هەیە، کە ڕاستەوخۆ لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، واتا لە و بەرچێژە جیهانبینی شاعیر و ڕووگەی شیعرەکانیمان بۆبەدەردەکەوێ.

ئەوەی مەجید هەڕشەمی وەک پێشەکی بۆ ئەو کتێبە نووسیویەتی زیاتر تیۆرییە، لە ڕووی پراکتیکییەوە هێشتا نەچۆتە ناوبوارەکان، هەرچەندە چەند سەرە قەڵەمێکی خستۆتەڕوو پێشنیازی هەیە بۆ توێژەران، ئەوەش وەک ستایلێکی تری پێشەکی نووسینە.

مودریک ژاڵی ناوناوە دوورە پەرێز، نامۆ، نەخۆش، خەمبار و بێتاقەت و گۆشەگیرە، ئەوانەش بۆخۆیان موعانات و کەرەستەی شیعرین، چونکە بەشێک لە شیعر گوزارشتە لە چۆنیەتی ژیان و تێهزرین و دەربڕینی بێزاری و بێتاقەتی.

حەزم لێیە چەند تەوەرێک هەڵبژێرم و تێڕوانینی شاعیر بخەمە ڕوو لەوانە: (سروشت و بونەوەرەکان)، سروشت و بونەوەرەکان کەرەستەی شیعری زۆربەی شاعیرانن، بەڵام بەکەرەستە و دید و تێڕوانینی شاعیری جیاواز، لای گۆرانی شاعیر سروشت کەرەستەی وەسفکردنە، لە جوانی و شێوەو شکڵی بوونەوەران و وەک فۆتۆگرافێک ئیشی تێداکردووە، لای مودریک ژاڵی ئاژەڵ و بوونەوەرەکان بە دیدی

هەیکەل و شکڵ وەرنەگیراون، بەڵکو لای ئەو وەسفکردنی سیفاتی ئەو ئاژەڵانەیەو بەراووردی لەگەڵ مرۆڤەکان پێکردووە، دید و هزری نوێی تێدابینیوەتەوە، شاعیر لە تێڕامانێکی شیعریدا دەڵێ:

**لە چاوە کریستاڵییەکانی گورگدا**
**خۆشەویستی دەبینم!**
**بەڵام لە چاوی ڕۆژهەڵاتییەک:**
**تیرۆر و دەمارگیری!** (١٦٨)

شاعیر سیفاتە جوانەکەی گورگ پیشاندەدات، کە لە نێو خۆیان زۆر یەکگرتوون و بە کۆمەڵ دەژین، گورگێک گورگێکی تر ناخوات، تەنانەت نێر و مێیەکانیان خۆشەویستییەکی هەمیشەیان هەیە بۆیەکتر، کەچی ئێمەی مرۆڤ خۆخۆر و یەکتر کوژ و کاولکارین، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو یاساشکێنن، بۆیە چاوی گورگ کە بەلای خەڵکی ئاساییەوە، چاوێکی ترسناک و کەتنکەرە، بەڵام بەلای شاعیرەوە ئەو چاوانە میهرەبانن، واتا پێچەوانەی ڕای گشتی بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، وا لە خوێنەر دەکات بۆخۆی بیربکاتەوە، وەڵام بدۆزێتەوە، چونکە لۆژیکی بۆ بۆچوونەکانی دۆزیوەتەوە.

بۆقەکان:

**لە وڵاتی قەوزەی هەمیشە بەهاری خۆیان**
**وەریان نەگرتین**
**تا پڕ بەدەنگم**
**گۆرانی نەمری بوونەوەر بچڕم!** (٤٠)

نالی شیعرێکی جوانی لە بارەی (کەر)هەیە، دوای وەسفکردنی دەڵێ: (تۆگوێ درێژ و من گوێ کورت)، واتا بەهای بەکەر داوە کە لە نێوعامی خەڵک کەر جێگای مەسخەرەو گاڵتەپێکردنە، شاعیر پەنا بۆ بۆق دەبات لە جیهانی خۆیان وەریبگرن، بۆچی شاعیر دەیەوێ لە مرۆڤەکان دووربکەوێتەوە و بچێتە جیهانی بۆقان؟ دەبێ ئێمە بەدوای ئەو هۆکارانە بگەڕێین، دواتر بۆچی بۆق شاعیریان وەرنەگرتووە؟ بەلای بۆقەکان شاعیر وەرگرتن، وتا مرۆڤ وەرگرتن. مرۆڤ جێگای گومان و پرسیارە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بۆق بە ئێمە ڕازی نییە؟!

**سەدان ساڵە:**
**ژیانی سەگمەساری**

**لەگەڵ سەگان دەژین**
**ئاخر بۆچی؟**
**شتێک لە سەگەوە فێرنەبووین**
**تەنیا وەڕین نەبێ؟!** (١٦٨)

وەک دیارە سەگ لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری دوو شتە، سەگ وەک جەستە و شێوە بەپیس و گڵاو خراوەتە ڕوو. وەک لایەنی تر بۆتە ڕەمزی وەفا.

جا ئێمەی مرۆڤ نەمانتوانیوە وەک سەگ بەوەفابین. تەنها هاتوو هاوار و دەنگەدەنگەکان یەکتر بێزارکردن سوودمان لە سەگ وەرگرتووە.

**کیسەڵ:**
**وڵاتی خۆی لەکۆڵناوە**
**پێویستی بە هەنگاوی خێرا نییە** ( ٢٤١)

هایکۆی تەقلیدی کۆمەڵێ بنەمای هەیە گرنگترینیان ئەوەیە کە بابەتەکان لەسەر سروشت بن و سێ ڕستەی شیعریی بێ و بە پێوەری (٥+٧+٥)برگە، واتا بە هەمووی شیعرێکی حەڤدە برگەیی، لە سێ دەربڕ و ڕستەی شیعری، بەڵام هایکۆی مۆدێرن یاساکان تێکدەشکێنێ تەنها مەرجی سێ ڕستەی دەربڕین دەهێڵێتەوە، لەو شیعرەدا، بەبێ ئەوەی شاعیر بەناوی هایکۆ بڵاوی بکاتەوە، خۆی هایکۆیەکی مۆدێرنە لە سێ دەربڕین و سێ هێڵی جیاواز. وەسفێکی جوانی کیسەڵی کردووە و بەهانەی بۆ هێواشی ڕۆیشتن و نەترسانی هێناوەتەوە، ئەوشاخە ڕەقەی داپۆشیوە کە لە هەرشوێنێک خۆی لەقاوغنا ئەوە قەپاغەکەی پشتی دەبێتە ژوورێکی داخراوی ئارام.

**چاوت:**
**تەنیا دوو بۆڵەتێری ڕەشن**
**کەچی بەشی هەموو تەمەنمی**
**شەڕاب تێدایە.** (٢٥٨)

چواندنی چاو بە قلەترێ و مەستی چاو وێنەیەکی زۆرکۆنن هەر لە شیعری فۆلکلۆر و شاعیرانی کلاسیک و تا بەئێستاش دەگات، بەڵام شاعیر بازسازی لەم وێنە کۆنە کردووە، لەنێوان بچووکی و گەورەیی پاڕۆدۆکسی بچوکی چاو و کەچی فراوانی لە گرتنی شەرابێکی زۆر، ئەمەش ماناو مەدلولێکی جوانی لە پشت خۆی حەشارداوە، واتای متوو و شەیدایی شاعیرە بۆچاوێک کە

لـە جوانـی ئـەو تێرنابێـت و هەوێنـی چێـژ و جوانی و مەستبوون و شیعرە. تەوزیفکردنـی میوەیـەک و بەخشـینی سـتاتیکایەکی نـوێ سـوودبینینە لـە سروشـت بەشـێوازێکی زیرەکانـە.

**ماچ**

**سەرەپەڵە پاییزێکە**

**کە گێوژ و دارەبەن گەڵاکانی تێدا**

**بە بۆن دەکەون!** (١٠٥)

کنەوپشـکنینی لـە بـارەی مـاچ وا زوو تـەواو نەبـووە، بەڵکـو لـە ٢٠١ پۆسـتەرە شـیعر دەربڕیـوە ئـەوش تێهزریـن و بیرکردنـەوەی قـوڵ و دۆزینـەوەی وێنـەی نوێی دەوێ. شاعیر سـوودی لـە سروشـت وەرگرتـووە، بـەڵام وەک خـۆی نـا، بەڵکـو بـە تێهزرینێکـی قوڵـەوە وێنەیەکـی نـوێ و داهێنەرانـەی دۆزیوەتـەوە، وێنەیەکـی سـوریالیزمی چواندنـی مـاچ بـە سـەرەپەڵەی پاییـز کـە گێـوژ و دارەبـەن و گەڵاکانـی تێـدا بەبـۆن دەکـەون. مـاچ بـووە بەبـاران وەک گەیشـتنی دوو لێـوی عاشـق بەیەکتـری هەسـتکردن بـە نەرمـی و تەڕی و بۆنی هەناسە و خۆشـی، شاعیر نەیویسـتووە مـاچ تەنهـا لـە هەسـتی بەرکەوتنـدا بەدەربکـەوێ، کـە خـۆی لـە ڕاسـتیدا هەسـتی بەرکەوتنـە، ئـەو هاتـووە، هەسـتی بۆنکـردن بەشـداری پێـدەکا، بۆنـی یەکـەم بارانـی پاییـز بـە مـاچ دەچوێنـێ، کـە بـاران لێـوی زەوی مـاچ دەکات و دەکەونـە عەیـش و نـۆش لەگـەڵ یەکتـری، بەمـەش وێنەیەکـی شـیعری دروسـت بـووە لەسـەر بنەمـای هەسـت گۆڕکـێ. بەبۆنکەوتنیـش ڕەمـزی ڕەبـاس بـوون و تێربوونـی ڕۆحـە لـە مـاچ.

(تۆبۆگرافیـای شـیعر) شـاعیر بەشـێوازێکی نـوێ تۆبۆگرافیـای شـیعرەکانی دەخاتـە ڕوو، بۆئـەوەی چاوی خوێنـەر بەشـداربێ لـە تێهزریـن و وەرگرتنـی جوانـی، زۆر جـار شـاعیر وشـەیەک یـان فرێزێک...دەکاتـە ڕسـتەیەکی شـیعری، شـاعیر لـە شـیعری (کۆیلایەتی)دەڵـێ:

**نەدین**

**نەبیر**

**نە نیشتمان**

**نەستەم**

**نە ئایدۆلۆژیا**

**نە بە مرۆڤبوونیش!**

**ک ۆ ی ا ن نەکردینەوە**

**ئێستا ئێمە**

**هەموومان**

**ئاغاین**

هەولامەی کتێب

**یان نۆکەر و کۆیلە**
**چ پەرتەوازەیەکی مێژووین**
**وای لە خۆمان غەریبێ!** (١٦٦)

شاعیر گرنگی بە مۆسیقای شیعری کورتە هەناسەی دەربڕین داوە لە هەر دەربڕینێکی سەرەتا بە (نە) دەستی پێکردووە، بۆسەرنجڕاکێشان و شۆڕبوونەوەی نێو بابەتەکە، واتا هەست بە نەرمە مۆسیقایەک دەکرێ، بێ پابەندبوونێکی مەکینە ئاسا و بێئەوەی چێژی خوێنەر بکوژێ. جوانی شیعرەکە لە دوو دەربڕین بەدەردەکەوێ، کۆیاننەکردنەوە، پێچەوانەکەی پەرتبوونە بۆیە بەم شێوەیە نووسیویەتی (ک ۆ ی ا ن) واتا پەرتەوازی خستۆتە نێو پیتەکانەوە. گوتەی (پەرتەوازە)ی بەسەر یەکەوە نووسیوەتەوە. بۆتای یەکگرتوویی لە پەرتەوازەیدا، ئەوەش پێچەوانە کردنەوەی خودی شتەکانە، بەڵام هەردوو دەربڕینەکە دەبنە پنتی تێڕامان. شاعیر لە مانافێستەکەیی و لە شیعرەکانیشی ئاماژە بەوەدەکات و دەڵێ:

**گەر لە سفرێ کەوانەیەکی بەتاڵدا**
**لەدایک نەبوویم**
**ئەی بۆ چەژی هەستەکانم هەروەک خۆیانن؟!** (٤١)

درکی بەوە کردووە، ئەو دەیەوێ زیاتر بڵێ لەوەی کە هەیە، پێشی وایە هەریەک لەو هەستانەی مرۆڤ کە بۆیەک ئەرک دروستکراون، ئەو حەزدەکات ئەرکی تریان هەبێ، واتا بەواقیعێکی سەپێندارو ڕازی نییە.

شاعیر دەڵێ:

**غوربەت و تەنیایم لەوە مەزنترن**
**کە هەر تەنها، بە پێنج هەستم**
**لێتبێمەپێش!** (٤٠)

شاعیر نەک تەنها بەوە ڕازی نییە هەر پێنج هەستی خۆی بەکاربهێنێ و ناوەناوە جێگۆڕکێشیان پێبکات، بەڵکو پێی وایە هێشتا ئەو پێنج هەستە کەمن، لە مانافێستەکەی ئاماژەی بەوەی کردووە، هەندێک کەس ئاماژە بە هەستی شەشەم دەکەن، پێی وایە ئەوەش هەرکەمە بۆ دەربڕین.

خودا:
لە پێکی پیاڵەی
عەشقێکی شەڕابی
خەست و خۆڵەوە
پڕشک دەدا! (٢٢٧)

جیهانبینی شاعیر تەنها پەیوەست نییە بە شتە تەقلیدییەکان، بەڵکو

ئـەو دەیـەوێ لەنێـو شـتەدژەکانیش تەبایـی و گونجـان بدۆزێتـەوە، ئەگـەر شـەڕاب حەرام و یاساغ و شتێکی خراپ بێـت بـە پێـی ڕوانینێکـی تەقلیـدی، ئـەوا لای شـاعیر تەنانـەت خـودا لەنێـو پێکێکـی شـەڕابیش دەدرەوشـێتەوە، چونکـە خـودا بوونێکـە لـە هەمـوو شـوێنێک هەیـە، عەشـقی شـەڕابی واتـا عەشـقێکی متـوڕ و مەسـت، واتـا مانـا بارکرنـە لـە خـودی شـەڕاب بـۆ مەدلوولـی تـر.

لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

**کەمژ دەنێم بەلێوی سیگارەکەمەوە**
**ئەمە تەنیا، دووکەڵی ئەو نییە**
**کزەی جەرگە**
**جوانی هەموو کەونە**
**لە ناخما، جەمبوش دەدا!** (٢٧٧)

لـەو شـیعرەدا، جیهانبینـی خـۆی بەرامبـەر جگـەرە دەخاتـە ڕوو، کـە ئـەو نیوسـەدە زیاتـرە هاوڕێـی جگەرەیـە، بۆیـە وەک کەرەسـتەیەکی فیزیکـی ڕۆژانـە جگـەرە یـاری لەگـەڵ قامکەکانـی دەکات و زۆرجـار وەک پەنجەیەکـی زیـادە بەجگـەرەی دەسـتییەوە دەبێـت بـە شـەش پەنجـە، شـاعیر لـە زۆر شـیعر و دەربڕیـن و وێنـەی تـر باسـی جگـەرەی کـردووە، لێـوی جگـەرەی لـە لێـوی مرۆڤـەوە خواسـتووە، خەیاڵفراوانـی شـاعیر سـەربۆئەوە دەکێشـێ مـادام جگـەرە دەچێتـە نێـو سـییەکان و دەروونـی مرۆڤـەوە، بۆیـە دەشـێ کۆمەڵـێ شـت لەگـەڵ خـۆی هەڵبگرێ لەوانـە: کـزەی جـەرگ+ جوانی کـەون= جەمبووشـدان. بـەڵام جگە لـە چاوی شـاعیر کـێ ئـەم شـتانە دەبینـێ؟ پارادۆکسـێک هەیـە کـزەی جـەرگ، ناخۆشـی و مەینەتـی و نەهامەتـی دەگرێتـەوە. جوانـی کـەون، پێچەوانـەی کـزەی جـەرگ، خۆشـی و شـادی و دڵنەواییـە. ئاخـر لـە نێـو ئـازار و ناخۆشـیش چێـژی خۆشـی هەیـە.

هیـچ ئەدەبیاتێـک بـاڵا نییـە، ئەگـەر تێهەڵکێشـی خەیـاڵ نەبـێ. بوونـی خەیاڵێکـی شـیعری و سـۆزێکی ڕاسـتەقینە کـە لـە واقیعەوە سـەرچاوەی گرتبـێ دەقـی جوانـی لێبەرهـەم دێ. بەهیـوای بەردەوامـی و چاپکردنـی بەرهەمەکانـی تـری.

# خوێندنەوەیەک
# بۆ (دیوانی منداڵان)ی لەتیف هەڵمەت



خدر ئیبراهیم خدر

ئەدەبی منداڵان وەک بەشێک لە کۆی ئەدەب بەسەر پانتایی جوگرافیای نووسینەوە، جگە لەوەی بە پێویستییەک دادەنرێت لەڕووی کردەی فێرکاری و پەروەردەکردنی منداڵەوە بە ڕەهەندە جیاوازییەکانییەوە، لەهەمانکاتدا دەکرێت وەک دیاردەیەکی داهێنەرانە لێی بڕوانرێت کە کە کاراکتەری نووسەر لەو بوارەدا کاری لەسەر دەکات و مەبەستییەتی لەڕێگەی گواستنەوەی ئایدیا و تێڕوانین و خواستەکانییەوە بۆ سەر کاغەز یاخود تۆڕەکانی زانیاری، لە بۆتەی ژانرەکانی ئەو چەشنە ئەدەبەوە لە نموونەی هۆنراوە و چیرۆک و شانۆگەری و ئۆپەرێتەوە، بیگەیەنێتە منداڵان. ئەمەش لەلایەک، ڕۆڵ دەبینێت لە

دەوڵەمەندکردنی داتای زانیارییەکانی منداڵدا، لەلایەکی تریشەوە وادەکات دوورایی خەیاڵ و جیهانبینییەکەی ئاراستەیەکی ئەرێنیتر وەربگرێت.

ڕاستە کردەی پەروەردەکردن و پێدانی ئەلف و بێی زانینەکان بە منداڵ لە ژیانی واقیعیدا ڕایەڵەیەکی گەورە و نەپچڕاوی بە ژینگەی خێزانی و خوێندنگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئیمانی و کەلتووری و فەرهەنگییەکانی ترەوە هەیە، بەڵام ئەوەی کە پێدراوەکانی نووسین لەبۆتەی ئەدەبی منداڵاندا دەیگەیەنێت، ئیزافەیەکی پێویست و هەنووکەییە و جگە لەوەی ناکرێت نادیدە بگیرێت، لەهەمانکاتدا ناشکرێت ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی کەم بکرێتەوە. شتێکی بەڵگەنەویستە کە نیازی منداڵ بۆ وەرگرتنی داتای زانینە هەمەجۆرەکان، زۆر لەوە بەرینتر و گشتگیرترە کە بتوانرێت تەنها لە جوغزی پێدراوەکانی ناو دامەزراوەی خێزان و خوێندنگە و دامەزراوەکانی تری ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیمانی و فەرهەنگی و کەلتووریدا قەتیس بکرێت. دەرککردن بەو ڕاستییەش وادەکات شێلگیرانەتر کار لەسەر ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان بکەین و هەژموون و کاریگەرییەکانی باشتر لەبەرچاو بگرین.

*

تۆژەرەوانی بواری ئەدەبی منداڵان لەلای خۆیان سێ قۆناغیان بۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەو چەشنە ئەدەبە دەستنیشانکردووە، کە یەکەمیان لەساڵی ١٦٩٧ دا دەستپێدەکات و دەکەوێتە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و لەو ساڵەدا یەکەمین کتێبی تایبەت بە منداڵان لەژێر ناوی ( بەسەرهاتی دایکە قاز ) دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەو چیرۆکەش لەلایەن شاعیری فەڕەنسی ( چارلز بیرو ) نووسراوە. بەدوای ئەویشدا ژمارەیەک کتێبی تر، بەڵام لەقاڵبێکی سنووردا دەرچوون و بڵاوکراونەتەوە کە لەلایەن کەسانێکی وەک ( برایانی گریم ) و (لویس کاروان ) ەوە نووسراون.

قۆناغی دووەمیش دەکەوێتە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، کە تیایدا لەلایەک ئەدەبی منداڵان لەڕووی چلۆنیەتی و چەندایەتییەوە

گورِوتینێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، لەلایەکی تریشەوە هەوڵدرا ئەو چەشنە ئەدەبە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بخرێتە ژێر ڕۆشنایی و لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانەوە توێژینەوە و بەدواداچوونی بۆ بکرێت و دیوە ئاشکرا و پەنهانەکانی شەنوکەو بکرێت. هەروەها تیایدا جەختیش لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە هەر هەنگاوێک لەو بوارەدا دەگیرێتەبەر، بەوردی خواست و نیازەکانی منداڵیی تیادا لەبەرچاو بگیرێت.

قۆناغی سێیەم دەکەوێتە ناوەڕاستی سەدەی بیست، یاخود با بڵێین ساڵانی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و لەو چوارچێوەیەدا نەک تەنها پەرە بە چلۆنایەتی چاپی کتێب و بڵاوکراوەکانی تر درا بۆ منداڵان، بەڵکو ژانرە جۆراوجۆرەکانییشی گەشەیان پێدرا لە نموونەی شانۆ و هۆنراوە و ئۆپەرێت و کتێبە زانستی و فەرهەنگی و کەلتووری و مێژوویی و جوگرافییەکان، هەروەها لەپەنا چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبیشدا، ژمارەیەک گۆڤاری تایبەتمەند بە دونیای منداڵان بڵاوکرانەوە کە دابەشدەبوون بەسەر گۆڤاری هەفتانە و مانگانە و وەرزیدا. سەرباری ئەوانەش، لەبواری هونەری سینەما و نواندنیشدا ژمارەیەک فیلمی تایبەت بە منداڵان بڵاوکرانەوە کە لەڕووی ئەدگار و ناوەڕۆکیکەوە تێکەڵەیەک بوو لە بابەتی زانستی و فەرهەنگی و کەلتووری و وەرزشی و کۆمەڵایەتی.

*

ئەو ئەفسانە و چیرۆک و داستان و بەسەرهاتانەی لە ڕابردوویەکی دوورەوە تاکو ئەمڕۆ دەماودەم هاتوون و لەلایەن گەل و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دونیاوە پارێزراون، پشکێکی گەورەیان بەر منداڵانیش دەکەوێت، چونکە ئەگەرچی ناوەڕۆکەکانیان باس لە شتگەلێک دەکەن پەیوەستن بە تەواوی ئۆردوی مرۆڤەوە، بەڵام هێشتا لە پەناو پەسیوی ئەو گێڕانانەوانەدا ئاماژەگەلێکیش هەن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەست دەبن بە منداڵانەوە و بۆ ئەوان بەگرنگ دادەنرێن تاکو لە تەمەنی بەراییەوە پێیان ئاشنا ببن و ئەزموونیان لێوەربگرن. جگە لەوە، ژمارەیەک لەو

ئەفسانە و داستان و بەسەرهاتانە، لەلایەن پێشینانەوە بەتایبەت بۆ ئەوان داڕێژراون و لە بۆتەی گێڕانەوەی زارەکیدا بە گوێچکەی منداڵ گەیەنراون.

ئەگەرچی ئەو ئەفسانە و چیرۆک و داستان و بەسەرهاتانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە زۆرتر ئاڕاستەیەکی ئایینی – مۆراڵیان هەبووە، بەڵام لەپەناشیانەوە داتای چەندین پێدراوی دی هەبوون کە زانین و ئاگاداربوون لێیان، وایکردووە منداڵ بتوانێت بە هۆیانەوە چلۆنایەتییەکی باشتر بداتە ئەزموونی ژیانی خۆی لە داهاتووی دوور و نزیکدا و بەجۆرێکی وا تەوزیفی ساتەکانی ژیانی خۆیانی بکات، بتوانێت بە دیوێکی ئەرێنی و خوازراودا بەرهەمەکەی بچنێتەوە.

*

لەهەندێک وێستگەی مێژووییدا، بەشێک لە ڕژێمە سیاسییەکان کاریان بۆ ئەوە کردووە ئامانجە زیندووەکانی ئەو ئەدەبە لەڕاستەڕێی خۆی لابدەن و لەڕێی تەوزیفکردنی ئایدیا و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی و مەبەستدارەوە، هەژموون بەسەر بیر و زەینی منداڵاندا بکەن و بەو پێدراوانە بارگاویان بکەن کە سیسستەمی سیاسی پەیوەست بە ئادۆلۆژیایەکی تایبەتی مەبەستی بووە بیگەیەنێت. بەڵام ئەوە نەتوانیوە بەهاو گرنگی ئەو چەشنە ئەدەبە بهێنێتەخوارەوە. لەهەمانکاتیشدا نەیتوانیوە هیچ لەو ڕاستییە کەمبکاتەوە کە ئەدەبی منداڵان لە دونیای ئەمڕۆدا گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە و پشتگوێخستنی لەلایەن هەر دەسەڵات و حکومەتێکەوە، بە هەڵە و کێماسییەکی گەورە دادەنرێت.

ئەو بەهرەیەی کە منداڵ لەڕێی ژانرەکانی ئەو ئەدەبەوە وەدەستی دەخات، تەنها لەوەدا قەتیس نابێت کە زەخیرەی زانینەکانی دەوڵەمەندتر بکات، بەڵکو دنەشی دەدات تاکو کردەی وێناکردن و خەیاڵکاری و ئەندێشەکاریشی بەدیوێکی جیاواز لە فۆرمی باودا ئەزموون بکات و ئاسۆی بیرکردنەوەکانیشی گەشاوەتر بکات. ئەمەش کاتێک لەڕووی چلۆنایەتییەوە باشتر بەرجەستە دەبێت کە لە گەیاندنی ژانرەکانی ئەو ئەدەبەدا،

تەمەنــی فیزیکــی منــداڵان و توانســتە ئەقڵــی و زەینییەکانیــان لەبەرچــاو گیرابێــت. هاوکاتیــش لــەڕووی چلۆنایەتــی زمــان وشەســازی و فۆرمــی دارشــتنەوە بــێ کەموکــوڕی بێــت. جگــە لــەوەش، کــردەی ڕوونکردنــەوە و باســکردن و گەیاندنــی داتــای هــەر زانینێــک کــە لەنــاو ژانــرە جیاوازەکانــی ئــەو ئەدەبــەدا جێگەیــان دەکرێتــەوە، باشــترین و سەرنجڕاکێشــترین وێنــە و نیــگاری لەگەڵــدا هاوپێــچ کرابێــت.

*

( لەتیــف هەڵمــەت ) وەک شــاعیر و قەڵەمبەدەســتێکی دیــاری کــورد لــە باشــووری کوردســتاندا، عەیامێکــی زۆرە لەپەنــا بەرهەمــە ئەدەبییەکانــی تریــدا، لای لــە ئەدەبــی منــدالان کردۆتــەوە و لــە بــواری هــەر ســێ ژانــری ( شــیعر و چیــرۆک و ئۆپەرێــت ) دا دەنووســێت. هاوشــانی ئــەوەش هەوڵیــداوە لــە زمانــی عەرەبییــەوە ئــەو چیــرۆک و شــیعرانە وەربگێڕێتــە ســەر زمانــی کــوردی و پێشکەشــی منداڵانــی نیشــتمانەکەی بــکات، کــە لــەڕووی ناوەڕۆکــەوە دەتوانــن داتــای ئەرێنــی ببەخشــنە بیــر


لەتیف هەڵمەت

و زەینیــان و لەپێنــاو پەیوەســتبوونی زیاتــر بــە بەهــا بــاڵا مەعنــەوی و ئیمانــی و مرۆڤــی و نیشتمانییەکانیشــدا زۆرتــر دنەیــان بــدەن.

یەکــەم بابەتــی خــۆی کــە تایبــەت بووبێــت بــە جیهانــی منــداڵان، شــیعرێک بــووە کــە لەســاڵی ١٩٧٥ دا بڵاویکردۆتــەوە. یەکــەم بەرهەمــی نووسراویشــی وەک کتێــب بریتیبــووە لــە کتێبی ( جوانترین دێ ) کە تێکەڵەیەک بــووە لــە شــیعر و چیــرۆک و لەســاڵی ١٩٧٩ دا چــاپ و بڵاویکردۆتــەوە.

ئیتــر لەوەبــەدواوە بەشــێوەیەکی بــەردەوام لەهــەردوو بــواری نووســین

و وەرگێڕانـدا بابەتـی جۆراوجـۆری خسـتۆتە بەردیـدەی منـداڵان و لـەو جوارچێوەیەشدا زۆرترین بابەتی خـۆی لـە هەفتەنامـەی ( هـاوکاری ) دا بڵاوکردۆتـەوە.

لەگـەڵ ئـەوەی هاوشـانی وی، ژمارەیـەک قەڵەمبەدەسـت و هـەواداری دی کاریـان لەسـەر ئەوەکـردووە بابـەت بـۆ منـداڵان بنووسـن، بـەڵام کەمیـان توانیویانـە بـەو ئەندازەیـە ئەسـپی خـۆی تیـادا تاوبـدەن کـە شایسـتەی ئەوەبێـت بەسـەر پانتایـی مێـژووی ئەدەبیاتی منداڵانی کوردەوە ئاماژەیان پێبکرێـت و ناویـان بهێنرێـت. ئـەوەش پەیوەسـتبووە بـە چەنـد هۆکارێکـەوە، وەک ئەمانـەی خـوارەوە:

- نەیاتوانیـوە بەردەوامـی بـە هـەوڵ و کارەکەیـان بـدەن لـەو بـوارەدا و ئـەوەی نووسیویشـیانە تەنهـا هەڵچوونێکـی کاتـی بـووە و هیچـی دی.

- لاسـاییکردنەوەی ئەوانـی دی پێوەدیاربـووە، یاخـود کاریگـەری نووسـەرانی خۆماڵـی و بێگانـەی بەسـەرەوە بـووە، بەتایبەتی نووسـەرانی عـەرەب، بەوپێیـەی نووسـراو و کتێبەکانیـان ئاسـانتر لەبەردەسـتدا بـووە لەکتێبفرۆشـییەکاندا.

- بابەتەکانیـان لـەڕووی هونـەری نووسـین و وشەسـازی و تەنانـەت خاڵبەنـدی و ڕێزمانیـەوە، جێگـەی سـەرنج و تێبینـی بـووە و لـەو بـوارەدا، هەڵـەی گەورەیـان بەسـەردا تێپەڕیـوە.

- لـەوەدا بێتوانابـوون بتوانـن بەباسـی جیـاوازی بکـەن لەنێـوان ئـەو وشـە و دەربڕینانـەدا کـە لـەڕووی تەمەنـی فیزیکـی و پاشـخانی فەرهەنگـی و کلتـووری و کۆمەڵایەتییـەوە، بـۆ منـداڵ دەشـێن و بـۆ منـداڵ ناشـێن.

- ئـەو سـووژە و بابەتانـەی هەڵیانبـژاردووە، شـیعری لەبـارەوە بنووسـن، یاخـود چیرۆکـی لەبـارەوە دابرێـژن، سـواو و چەنـد بـارە بـووە و پێشـتر چەندین کەسـی تـر لـەو بـوارەدا قسـەیان لەبـارەوە کـردووە و شـیعر و چیرۆکیـان نووسـیوە.

- فۆرمیکـی حیکایەتئامێزیـان داوەتـە چیرۆکەکانیـان، ئەمـەش وایکـردووە لەجێـی ئـەوەی خەیاڵـی خوێنـەران و ڕەخنەگـران بـۆ ئەوەبچێـت داهێنانیـان کـردووە، گومانیـان بـۆ ئـەوە بچێـت حیکایەتێکـی فۆلکلۆریـان وەرگرتـووە و بـە کەمێـک دەسـتکارییەوە، بەنـاوی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیانــەوە بڵاویانکردۆتــەوە.

بەداخــەوە، لــە ئەمڕۆشــدا دەبینیــن کــە ژمارەیەکــی زۆر لەوانــەی لــەو بــوارەدا دەنووســن، بــەڕادەی پێوســت لەچلۆنایەتــی ئــەو ئەدەبــە و دیــوی نــاوەوەی حاڵــی نەبــوون و شــیعری منداڵانیــان تەنهــا لــەوەدا کورتکردۆتــەوە کــە بــاس لــە قەڵــەم و دەفتــەر و شــاخ و بووکەشووشــە بــکات، هەروەهــا کۆتایــی نیــوە دێــڕە شــیعرەکانیش ســەروایان هەبێــت و هیچــی دی! بێگومــان بــۆ چیرۆکیــش هــەروا، کــە بەئاشــکرا دەرک بەدەستەوەســتانی و بێتواناییــان دەکرێــت لــەوەدا کــە نەیانتوانیــوە چلۆنایەتــی نووســین و یەکێتــی بابــەت لەبەرچــاو بگــرن، لــەوەش زیاتــر نەیانتوانیــوە چیرۆکەکــە بەســەر ســەرەتا و گــرێ و ئەنجامــدا دابەشــبکەن.

ئــەوەش دەمباتــەوە بــۆ ســاڵانی هەشــتاکان کــە بەهــۆی ئــەوەی بەشــێک لــەو گەنجانــەی لــە ســەربازی ڕا یا نکرد بو و ، د ە ســتبە تا ڵبو و ن ، ڕوویانکردبــووە کۆکردنــەوەی بابەتــە فۆلکلۆرییــەکان (لەگــەڵ ڕێــزدا بــۆ ئــەو گەنجینــە گرنــگ و بەنرخــە نەتەوەییــە)، چونکــە کارێکــی ئاســان و لەبەردەســتدا بــوو، جگــە لــە تۆمارکەرێکی ( تەســجیل ) بچــووک و دەفتەرێــک و قەڵەمێــک، هیچــی تــری نەدەویســت!

*

یەکێــک لــە تایبەتمەندییەکانــی بەڕێــز ( لەتیــف هەڵمــەت ) لــە بــواری نووســینی تایبــەت بــە منداڵانــدا ئەوەیــە زۆر جەخــت لەســەر هەســتی نیشــتماپەروەری و خۆشەویســتی وڵات دەکاتــەو. لەوەشــدا دەکرێــت بڵێــم وەپێــش زۆرینەی ئەوانــی دی کەوتۆتەوە کــە لــەو بــوارەدا دەنووســن. وەختێــک لــە کتێبــە چاپکراوەکانــی دەڕوانیــت کــە تێکەڵەیەکــن لــە شــیعر و چیــرۆک و ئۆپەرێــت لــە نموونــەی (جوانتریــن دێ) و (دەنگخۆشــترین مــەل) و (کاتژمێــر)٠ و (منداڵ و بووکەشووشە) و ئەوانی دی کەدواتــر هەموویانــی لەبۆتــەی کتێبێکــی ســەربەخۆی یــەک بەرگیــدا لەژێــر نــاوی (دیوانــی منــداڵان) دا کۆکردۆتــەوە، بەئاشــکرا ئــەوەت بــۆ دەردەکەوێــت. هەروەهــا تــا ئاســتێکی زۆریــش وشــەی ( کوردســتان ) ی تەوزیفــی ئــەو نووســراوانە کــردووە کــە بــۆ منداڵانــی نووســیوە. ئەمــەش لەکایەکــەوە

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوەندە نەتەوەییەکەی هەیەتی. لەلایەکی تریشەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی تایبەتی خۆی کە مەبەستی بووە وەک قەڵەمبەدەستێک بیسەلمێنێت بەردەوام لەسەنگەری خەڵک و خاکدایە. بێگومان هەڵوێستێکی لەو شێوەیەش، شایستەی ڕێز و بەهەندگرتنە. چونکە لە کاتێکدا ئەو هەڵوێستەی لەکایەی نووسیندا بەرجەستەکردووە، کە حەشیمەتێک قەڵەمبەدەستی دی بەجیاوازی ڕەنگ و تەمەن و پاشخانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانەوە، بەهەر هۆکارێک بێت، سەنگەری دەسەڵاتی سیاسی نانەتەوەییان هەڵبژاردبوو و بە گفتار و نووسین دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵک و خاک وەستابوونەوە.

*

(دیوانی منداڵان)، وەک ئاماژەم بۆکرد بریتییە لە کۆی ئەو نووسین و بابەتانەی بەڕێز (لەتیف هەڵمەت) لەچەند موودەتێکی زەمەنی جیاوازدا بۆ منداڵانی نووسیوە و لەساڵی ٢٠١٣ چاپی یەکەمی بڵاوکردۆتەوە. ئەو نووسین و بابەتانەش پێشتر هەم لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و هەم لەڕێگەی کتێب و نامیلکەوە خراونەتە بەرچاوی منداڵانی کوردستان و لە ناواخنیاندا تێکەڵەیەکن لە شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت بە هەردوو دیوی نووسین و وەرگێڕاندا.




هەواڵنامەی کتێب

ئـەم کتێبـە قەبـارە گەورەیـە بەشـێوەیەکی زنجیرەیـی ئـەو کتێـب و نامیلکانـەی تیـادا کۆکراوەتـەوە: (جوانتریـن دێ، دەنگخۆشـترین مـەل، هێلانەیەکـی تـر، منـداڵ و بـاران، منـداڵ و چۆلەکـە، کاتژمێـر، گوڵـی نـاو ئینجانەکـە، پرسـیار لـە منـداڵ، چۆلەکـەی سـەر دارەکـە، منـداڵ و بووکەشووشـە، گوێدرێـژ و پشـیلەیەک پاسکیل لێدەخـوڕێ، مانگ لـە نێوانی هـەزار و یـەک ئەسـتێرەدا دەنـوێ ).

*

لەگـەڵ ئـەوەی کـۆی ئـەو بابـەت و نووسـینانە کـە لـەو کتێبـەدا جێیانکراوەتـەوە، چ وەک نـاوەڕۆک و چ وەک داڕشـتن و چ وەک زمـان و ڕێنـووس شایسـتەی قسـە لەسـەر کردنن و دەکرێـت بـە درێـژی قسـەیان لەبـارەوە بکرێـت، بـەڵام مـن لـەو وتـارەدا تەنهـا مەبەسـتمە لەچوارچێـوەی فۆڕمـە گشـتییەکەیدا لەسـەر ئـەو کۆ بەرهەمـە بووەسـتم و سـەرنج و تێبینـی خۆمـی لەسـەر دەربـبـڕم. لەهەمانکاتـدا خوازیـاری ئـەوەم لـە چاپەکانـی داهاتـووی ئـەو کۆبەرهەمـەدا، چەنـدی لەتوانادابێـت ئـەو سـەرنج و تێبینیانـەی مـن و هـەر سـەرنج و تێبینییەکـەی دی کـە بەدیوێکـی ئەرێنـی و بنیاتنەرانـەدا لەلایـەن خوێنـەران و ڕەخنەگرانـەوە لەبارەیەوە دەردەبڕدرێت و دەنووسرێت، بەهەندبگیرێـت. هەڵبـەت سـەبارەت بـە خـۆم، ئـەوەی لـەو بارەیەوە دەینووسـم، جگـە لـەوەی ، ئاڕاسـتەیەکی ئەرێنـی و بنیاتنەرانـەی هەیـە، لەهەمانکاتیشـدا ئامانجێکـی دووانەیـی هەیـە.

ئامانجـی یەکـەم ئەوەیـە مەبەسـتمە هـەر بەرهـەم و نووسـراوێک کـە لەلایـەن بەڕێـز ( لەتیـف هەڵمـەت ) ەوە چـاپ و بڵاودەکرێتـەوە، هاوتابێـت لەگـەڵ پاشـخانە مەعنـەوی و ڕۆشـنبیری و فەرهەنگییەکەیـدا. ئەمـەش وادەکات ڕێ بەخۆمـان بدەیـن هـەر خـەوش و کەموکـوڕی و کێماسـییەک لـە بەرهەمەکانیـدا درک پێبکەیـن، لەسـەری بووەسـتین و ئامـاژەی پێبکەیـن و لەخەمـی ئەوەدابیـن ڕاسـتبکرێنەوە و بـە جۆرێکـی شایسـتە بخرێنـە بـەر دیـدەی خوێنـەران بەگشـتی.

ئامانجـی دووەمیـش ئەوەیە مەبەسـتمە ئـەو بەرهەمـە بـە باشـترین شـێوە بکەوێتـە بـەر دیـدەی منداڵانـی کـورد

و شایستەی ئەوەبێت لە کتێبخانەی تایبەت بە خۆیاندا بیپارێزن. هاوکاتیش لەگەڵ دێڕ بە دێڕی شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێتەکاندا ئاوێتە ببن و پەیام و داتاکانیان لە ژیانیاندا ڕەنگبداتەوە. ئەمەش نیازی بەوەیە هاوتای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی سەردەم، کتێب و نووسراوەکان دیزایین بکرێن و چاپبکرێن و بڵاوبکرێنەوە، نەک ئەوەی بەشێوەیەکی کلاسیکی و دوور لەهەر فۆرمێکی هونەری، بخرێنە سەر ڕەفەی کتێبفرۆشییەکان.

ئەوەی کە بەلای منەوە جێگەی پرسیارە ئەوەیە سەرباری ئەوەی ئەو چاپەی لەبەردەستی مندایە، چاپی سێیەمی کۆ بەرهەمەکەیە، کەچی هێشتا ئەو شوێنانەی جێگەی تێبینی و سەرنجن، وەک خۆی ماونەتەوە و ڕاستنەکراونەتەوە. هەڵبەت ئاگاشم لەوەیە کە چاپێکی تری ئەو کۆ بەرهەمە لە شاری مهاباد لە لایەن چاپەمەنی ( مانگ ) وەوە لەساڵی ٢٠١٦ ز ( ١٣٩٥ هەتاوی ) بڵاوکراوەتەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی نوسخەی ئەو چاپەم لەبەردەستدا نییە، نازانم لەرووی ناوەڕۆک و فۆرمەوە چۆن ئامادەکراوە و بڵاوکراوەتەوە. تەنها ئەوەندە دەزانم وەک بەرگ، بەدیزایینێکی جوانتر لەچاپی سێیەم بڵاوکراوەتەوە کە لە باشووری کوردستان چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

*

سەرنج و تێبینییەکانی من کە لەچوارچێوەی فۆرمە گشتییەکەیدا کۆمکردوونەتەوە، ئەمانەن:

- ناونیشانی کۆ بەرهەمەکە بریتییە لە ( دیوانی منداڵان )، لەکاتێکدا تەنها تایبەت نییە بە ژانری شیعر، بەڵکو تەژییە لە شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت. بەوپێیەش ناونیشانەکە تەریب نایەتەوە لەگەڵ پێدراوەکانی ناوەوەی کۆبەرهەمەکەدا. چونکە ئەوەندەی من ئاگادارم، وشەی ( دیوان ) بەدیوە ئەدەبی و فەرهەنگییەکەیدا، پەیوەستە بە ژانری شیعرەوە، نەک ژانرە جیاجیاکانی ترەوە.

- لەخوار ناونیشانی سەرەکی سەر بەرگ، نووسراوە ( شیعر و چیرۆکی منداڵان) ، بەڵام کۆ بەرهەمەکە چەند ئۆپەرێتیکیشی گرتۆتەخۆی. بەوپێیەش دەبوایە لەسەر بەرگ ئاماژە بە وشەی

( ئۆپەرێت ) یش بکرابا.

- هەرچەندە نووسەر ویستویەتی بابەتەکان بەگوێرەی زەمەنی چاپکردنی کتێبەکانی تایبەت بە منداڵان ڕیزبەندبکات، بەڵام ئەمە جۆرێک لە تێکەڵی و تێکچڕژانی درروستکردووە و وا پەسەندتر بوو لە پێشەکی کۆبەرهەمەکەدا ئاماژەی بەوە کردبا کە کۆی کتێبەکانی تایبەت بە منداڵانی تیادا جێکردۆتەوە و ناویشی بردبان، بەڵام لە ناواخندا ژانرەکانی لیکجیاکردبایەوە، بە جۆرێک شیعر بە جیا و چیرۆک بە جیا و ئۆپەرێت بەجیا ڕیزکرابان. هەروەها جیاکاریشی کردبا لەنێوان ئەو بابەت و نووسینانەدا کە پەیوەستن بە بیر و زەینی خۆیەوە لەگەڵ ئەو بابەت نووسینانەدا کە وەریگێڕاون. بێگومان کارێکی ئاوا، جگە لەوەی ئاسانکاری بۆ منداڵ دەکرد تاکو بەگوێرەی حەزی خۆی ئەو ژانرە هەڵبژێرێت کە مەبەستییەتی، هاوکاتیش یاریدەی توێژەرەوان و ڕەخنەگرانی دەدا باشتر و ئاسانتر بتوانن سەبارەت بە هەر یەکێک لەو ژانرانە بەدواداچوون بکەن و نموونەی لێوەربگرن.

- بەشێک لە بابەت و نووسینە وەرگێڕدراوەکان، وەک پێویست سەرچاوەیان دەستنیشاننەکراوە، یاخود تەنها ئاماژەیەکی کورت بە ناوی کتێبەکە و نووسەرەکەی کراوە و بەس. لەکاتێکدا پێویستبوو لەڕووی ئەمانەتی وەرگێڕانەوە، ئاماژە بەتەواوی ناسنامەی ئەو کتێب و سەرچاوەیە بکرێت کە شیعر یاخود چیرۆک یاخود ئۆپەرێتەکەی لێوەرگیراوە. ئەمەش بە گشتی ئەمانە دەگرێتەوە: ( ناوی کتێب، ناوی نووسەر، بابەتی کتێب، ناوەندی بڵاوکەرەوەی کتێب، نۆبەی چاپ، شوێنی چاپ، ساڵی چاپ ).

- کۆ بەرهەمەکە بێبەشە لە نیگار و وێنە کە پێویستن بۆ ڕوونکردنەوەی داتا و پێدراوەکانی ناو شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێتەکان. ئەگەرچی دەکرێت ئەوە بگەڕێتەوە بۆ زۆری بابەتەکان کە دژوار بووە بتوانرێت هەق بە هەموویان بدرێت، یاخود بۆ خۆپاراستن بووە لە گەورەبوونی زیاتری قەبارەی کۆ بەرهەمەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نەبوونی نیگار و وێنە بۆتە خەوشێک و بەسەر لاپەڕەکانەوە

هەستی پێدەکرێت. چونکە زۆر بە دەگمەن بابەت و نووسراوی منداڵان دەتوانێت لەدەرەوەی نیگار و وێنە جێگەی خۆی لە بیر وزەیندا بکاتەوە.

- فۆنتی نووسین زۆر بچووکە، هەروەها لەڕووی دیزایینیشەوە وەک پێویست نییە. ئەمەش بەنۆبەی خۆی منداڵ دڕدۆنگ دەکات و حەوسەڵەی درێژەدان بە خوێندنەوەی ئەو کۆ بەرهەمەی لەلا کاڵدەکاتەوە.

- هەندێک لە شیعرەکان زۆر درێژن و منداڵ بێزار دەکەن. جگە لەوەش وادەکات نەتوانێت سوود لە تەواوی واتا و دەلالەتەکانی ناو دێڕە شیعرەکان وەربگرێت و لە یادگەیدا بیانهێڵێتەوە. چونکە لەڕووی زانستی دەروونناسییەوە ئەوە سەلماوە کە داتای پێدراوەکان، چەندە زۆرتر بخایەنن، ئەوەندەش زۆرتر داتای پێش خۆیان کاڵتر دەکەنەوە، یاخود دەسڕنەوە. لەوڕوانگەیەشەوە، بەلای منەوە واپەسەندتر بوو نووسەر لەدوای دووبارە کۆکردنەوەیان، ئەو وشە و دەربڕین و دێڕانەی وەلانابان کە کەلێن لە شیعرەکاندا درووستناکەن و وەک زیادەیەک دەبینرێن.

**سەرچاوە:**

* دیوانی منداڵان، بەرگی یەکەم، لەتیف هەڵمەت، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک، زنجیرە ( ١١٣ )، کەرکووک، ٢٠١٣

هەولێر نامەی کتێب

# پێڕستێکی گرنگ لەبارەی نەورۆزەوە لە سەرچاوەکانی ئەدەبی عەرەبیدا

ماسیمیلیانۆ بۆرۆنی
سیمۆن کریستۆفۆرێتی
لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

پێڕستی دەرکەوتنی نەورۆز لە سەرچاوەکانی ئەدەبی عەبباسیدا

AN INDEX OF NAYRŪZ OCCURRENCES
IN ABBASID LITERARY SOURCES

Massimiliano Borroni

Simone Cristoforetti

ئـەم کتێبـە سـەرچاوەیەکی زۆر گرنـگ و بەنرخـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە نـەورۆز لـە سـەردەمی عەبباسـیدا. وەک لـە پێشـەکییەکەیدا هاتووە کـەوا «پرۆژەکە بەرهەمـی کارکردنـی توێژینەوەیەکـی دوو سـاڵەیە، بـە پشـتیوانی دارایـی زانکـۆی کافۆسـکاری Ca’ Foscari University of Venice ڤینیسـیا لـە سـاڵی ٢٠١٢دا. پرۆژەکـە تیشـکی خستۆتە سـەر بە پێڕسـتکردنی تەواوی ئـەو سـەرچاوە عەرەبییانـەی کـە باسیان لـە جـەژن و فیسـتیڤاڵی نـەورۆز کـردووە لـە سـەردەمی عەبباسـیدا (٧٥٠- ١٢٥٨ ز). لێـرەدا ئەولەوییـەت دراوە بـە شـێوەی عەرەبیـی نـەورۆز - نەیـروز، واتـە بـۆ نـاوی یەکـەم ڕۆژی سـاڵی هەتاویـی نەریتیـی ئێرانـی بـە گواسـتنەوەی زۆربـەی سـەرچاوە



ئەدەبییەکانی سەردەمی عەبباسی بە زمانی عەرەبی. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێدەچێت فۆرم و شێوەی نەورۆز باوترە.

لەکاتێکدا نەورۆز وەک ڕەگەزێکی دەرکەوتووی کولتووری ئێرانی بەباشی توێژینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام هەمان شت لەبارەی نەیروزەوە وا نییە لە ئەدەبی عەرەبیدا- بە ڕەچاوکردنی هەردوو بەرهەمەکە لە ڕووی مێژوویی و ئەدەبییەوە و- سەرەڕای بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی لە سەرانسەری جیهانی عەرەبی زماندا و لەنێویاندا میسر و باکووری ئەفریقا و ئەندەلوسیش. تا ئێستا تەنها یەک کتێبی لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئەم بابەتە بە ناونیشانی «النوروز و آثاره فی الأدب العربی- نەورۆز و ئاسەوارەکانی لە ئەدەبی عەرەبیدا»، لەلایەن فوئاد ئەلسەییادەوە لە زانکۆی بەیروت، کە ساڵی ١٩٧٢ لە بەیروت بڵاوکراوەتەوە».

کتێبەکە، ٢١٣ لاپەڕەیە و بێجگە لە پێشەکییەک، پێڕستی بۆ ناوی ٥٧ نووسەری عەرەبی سەردەمی عەبباسی کردووە، لەگەڵ ژمارە و ناوی ١٧١ کتێب و سەرچاوەیان کە باسوخواسی نەورۆزیان تێدا هاتووە. بۆ نموونە:

ابوالعباس عبدالله بن المعتز، یەک کتێبی هەیە کە باسی نەورۆزی کردبێت و ناوی (دیوان)ە.

Abū al-ʿAbbās ʿAbdallāh b. al-Muʿtazz
Dīwān

- ابو منصور عبدالملک بن محمد بن اسماعیل الثعالبی، حەوت کتێبی هەیە کە باسی نەورۆزیان تیدا هاتووە و ئەمانەن:

١- کتاب من غاب عنه المطرب
٢- کتاب غرر اخبار ملوک الفرس
٣- کتاب خاص الخاص
٤- کتاب الإعجاز والإیجاز
٥- کتاب یتیمة الدهر فی محاسن العصر
٦- کتاب سیحر البلاغة وسر البراعة
٧- رسائل

Abū Manṣūr ʿAbd al-Malik b. Muḥammad b. Ismāʿīl al-Ṯaʿālibī
Kitāb man ġāba ʿanhu al-muṭrib

Kitāb ġurar aḫbār mulūk al-furs
Kitāb ḫaṣṣ al-ḫaṣṣ
Kitāb al-iʿǧāz wa al-īǧāz
Kitāb yatīmat al-dahr fī maḥāsin al-ʿaṣr
Kitāb saḥr al-balāġa wa sirr al-barāʿa
Rasāʾil

- ابوالحسن علی بن الحسین بن علی المسعودی، دوو کتبی هەیە کە باسی نەورۆزیان تێدا هاتبێت و ئەمانەن:

١- اخبار الزمان
٢- مروج الذهب

- ابو اسحاق ابراهیم بن علی الحصری القیروانی، سێ کتێبی هەیە:

١- کتاب جمع الجواهر فی الملاح والنوادر
٢- کتاب النورین
٣- کتاب زهر الآداب

بێگومان ناوی نووسەرەکان و کتێبەکانیان بە پیتی لاتینی نووسراوە. پاشان دێتە سەر شیکردنەوەی ئەو پەنجا و حەوت ناوە و کتێبەکانیان لە پێڕستێکی پڕ وردەکاریدا، بە ناوی نووسەرەکە و کتێبەکە و چەند ناونیشانی بابەت یان هۆنراوەی لەبارەی نەورۆزەوە تێدا بڵاوبووەتەوە و ناوی بابەت یان شیعرەکە و لاپەڕەکەی لەو کتێبەدا و بۆنەکەی و .. تاد. بۆ نموونە با ابوالعباس عبدالله بن المعتز وەربگرین کە یەک کتێبی هەبووە بە ناوی «دیوان» و ئەو بابەت و لاپەڕانەی کتێبەکە لەبارەی نەورۆزەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

کتێبی دیوان:

١

- سەرچاوە و زمان: عەرەبی (ابن المعتز، البستانی، لاپەرە ١٢٠)
- بابەت: نەیروز
- جۆری بابەت: قەسیدەیەکی کورت لەبارەی خۆشییەکانی نەورۆزەوە، لەگەڵ وەسفێکی نمایسی ساماجا.
- بۆنە: ئاهەنگگێڕان بە نەیروز، ساماجا، شەراب خواردنەوە

٢

- سەرچاوە و زمان: عەرەبی (ابن المعتز، البستانی، لاپەرە ٢٦٢)
- بابەت: نەیروز
- جۆری بابەت: قەسیدەیەکی کورت لەبارەی نەورۆز و میهرەجان
- بۆنە: ئاهەنگگێڕان بە نەیروز،

ساماجا، شەراب خواردنەوە
٣
- سەرچاوە و زمان: عەرەبی (ابن المعتز، البستانی، لاپەرە ٤٩٤)
- بابەت: نەیروز
- جۆری بابەت: باسکردنی ریفۆرمی ئەمیری لە سروود و گۆرانیدا بەبێ هۆنینەوەی شیعر بۆ معتضدی خەلیفەی عەباسی
- بۆنە: ئاهەنگگێڕان بە نەیروزی معتضدی: المعتضد
.Abū al-ʿAbbās ʿAbdallāh b
al-Muʿtazz
Dīwān ١,١
١,١,١
Ar. re. [D. Ibn al-Muʿtazz ed.
[١٢٠ .al-Bustānī, p
.Sp. Nayrūz
Ge. ov. Short poem about
the joys of Nayrūz, with a
description of
.the samāğa performances
.Rh. iflātu
The. celebrations of Nayrūz;
.samāğa; wine-drinking
١,١,٢
Ar. re. [D. Ibn al-Muʿtazz ed.
[٢٦٢ .al-Bustānī, p
.Sp. Nayrūz
Ge. ov. Short poem about
the celebrations of Nayrūz and
.Mihrağān
.Rh. al-qawāzīzi
.Cal. Mihrağān
The. celebrations; reproach;
.wine-drinking
١,١,٣
Ar. re. [D. Ibn al-Muʿtazz ed.
[٤٩٤ .al-Bustānī, p
.Sp. Nayrūz
Ge. ov. Mention of the fiscal
reform in an ode without
rhyming scheme
to the Abbasid caliph al-
.Muʿtaḍid
The. Nayrūz muʿtaḍidī ;
.reforms: al-Muʿtaḍid

لە پاشکۆی کتێبەکەدا چەندین پێڕستی تر کراوە کە پێیان دەگوترێت پێڕستە تەواوکراوەکان بە وردەکاریی بابەت و لاپەڕە، لەوانە:

- پێڕستی بابەتە کالێندەرییەکان
- پێڕستی بابەتە کرۆنۆلۆجییەکان بە مێژووی کۆچی (هیجری)
- پێڕستی بابەتە جوگرافییەکان
- پێڕستی ناوەکان
- پێڕستی بابەت و بیرۆکەکان

دوا بابەتی کتێبەکە سەرچاوە بیبلۆگرافییەکانە بە زمانی عەرەبی و پیتی لاتینی.

**چەردەیەک لەبارەی ئامادەکارانی ئەم بەرهەمە:**

ماسیمیلیانۆ بۆرۆنی دکتۆرای لە زانکۆی کا فۆسکاری ڤینیسیا بەدەستهێناوە بە تێزێک کە باس لە لایەنە کولتوورییەکانی دەربارەی مێژووی ئیداریی سەردەمی عەبباسی. ئەو بابەتێکی بە ناونیشانی «فێستیڤاڵەکانی ئێران و گوتاری سیاسی لە سەردەمی عەبباسییەکاندا» (ئەنالی دی کا فۆسکاری، بەرگی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠١٥) و بەشداری چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کردووە لە بەرازیل و تورکیا و لە ئیمارات.

سیمۆن کریستۆفۆرێتیوانەی مێژووی ئێران و مێژووی موسڵمان دەڵێتەوە لە دامەزراوەکانی زانکۆی کا فۆسکاری ڤینیسیا. چەندین لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە لەسەر لێکنزیکبوونەوەکانی نێوان جیهانی ئێرانی، موسڵمان و مەسیحی، لە نێویاندا ئیل ناتالی دێلا لوس. ئیل سەدا ترا بەغدا و بوخارا ترایل تۆیەم و دوازدە سێکۆلۆ.

سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ ئەو کەسە زۆرانە دەردەبڕین کە یارمەتیدەرمان بوون بە درێژایی پەرەپێدانی ئەم پێڕستە. سوپاسێکی تایبەت بۆ ستافی کارگێڕیی بەشی ئاسیا و باکووری ئەفریقا و بۆ توێژینەوەکانی زانکۆی کا فۆسکاری Ca'Foscari لە ڤینیسیا بۆ هاوکارییە میهرەبانەکانیان و ماندوو نەبوونیان و ئارامگرتنیان لە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە بیرۆکراتییە بێشومارانەی کە هاتنە بەردەممان و بۆ سارا کامیلا ئیبراهیم عەبدو ساڵح، کە وەک هاوکارێکی دەرەکی بەهۆی لێهاتوویی خۆی لەسەر بەرهەمدارترین ئەنجام کە لەم پێڕست یان ئیندێکسەدا هاتووە.